# نالی

## له کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# نالی

## له کلاّورۆژنەی شیعرەکانییەوە

لێکۆڵینەوە

محمدی مەلا کەریم

ناوی کتێب: نالی لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە
نووسینی: محمدی مەلا کەریم
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٩١٦
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٣٠ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## ١

بە دەگمەن ڕێ ئەکەوێ زانایەك یا نووسەرێك یا شاعیرێکی کورد بووبێ، هەر لە کوردستانا ژیابێ و لەبەر پاشکەوتوویی باری کۆمەڵ و کرێنیی وڵات کتێبە شڕەکانی نەپێچابێتەوە و کۆچی نەکردبێ بۆ یەکێ لە شارە ئاوەدانەکانی وڵاتانی دراوسێ، کەچی بەرهەمەکانیشی مابنەوە و ناو و مێژووی ژیانی خرابێتە سەر قاقەز و تا ئێستاش لە بەردەستدا بن و ئێمەش بتوانین بگەڕێینەوە سەریان و بابەتی پێویستی خۆمانی بۆ هەر تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك لێ وەربگرین.

ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە کوردستان شاری ئاوەدانی تیا نەبووە و خوێندن و خوێندەواریی تیا باو نەبووە تا ئەم نیشانەی شارستانەتی و بیری ڕوونەی تیا بپارێزرێ. بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوەی چووەتە دەرەوە، دەرەتانێکی گەلێ فراوانتری بۆ لواوە و خەڵکێکی زۆرتری دیوە و نوسخەی زۆرتر لە بەرهەمەکانی نووسراوەتەوە و بە وڵاتی زۆرتردا بڵاوبووەتەوە و فەقێی زۆرتری هاتووەتە لا باس و هەواڵیان نووسیوەتەوە و بەجیهانییاندا گەیاندووە. بەڵام ئەوانەی لە کوردستان ماونەتەوە و نەچوونەتە دەرەوە، هەرچەند بەباشییش خەریکی کاری زانستییانەی خۆیان بووبن، لەبەر دووری و لاپەڕکەوتنی وڵاتەکەیان، کە وەك شوێنانی تر سەرەڕێی ڕێبواران نەبووە و کەسێ بەتایبەتی بۆی نەهاتبێ ڕێی تێ نەکەوتووە، لەم دەرفەتە بێ بەش بوون کە بۆ هاوڕێ بۆ دەرەوە چووەکانیان لواوە. ئەمە لەلایەکەوە.

لە لایەکی کەشەوە شەڕی براکوژیی زۆر و هەرگیز نەبڕاوەی میرانی کورد خۆیان و هێرشی بێ ئامان و سەرەمڕی داگیرکەرانی ئێرانی و عوسمانییش هەمیشە بووە بە مایەی ئەوەی ئەو بەرهەمە کەمانەی کە بوون، بکەونە بەر گڕی ئاگری دوژمنایەتی و ئەو زانا تەریك و تەرا کەوتووانە، کەسانێکی کەمتر پێیان بزانن و زووتر ناویان کوێر ببێتەوە.

چاو گێڕانێك بە مێژووی زانایانی ئیسلامدا بە درێژاییی چواردە سەدە، بۆمان دەرئەخا کەوا ئێمەی کوردیش سەدان زانامان بوون تەنیا ناوەکەیان لە سووچ و کون و کەلەبەرێکی مێژوودا ماوەتەوە و شتێکی ئەوتۆ لە مێژووی ژیانیان نازانین. دیارە ئەبێ هەزارانیشیان بە تەواوی بووبن بە سەربازی نەناسراوی ڕێگای زانست و بیری ڕوون. ئەوانەش کە شتێکیان لێ ئەزانین، شارەزای مێژووی لەدایکبوون و مردنیان یا هەر هیچ نەبێ شارەزای مێژووی لەدایکبوونیان نین. ئێمە شارەزاییی باشمان تەنیا لە بارەی ئەو زانایانەمانەوە هەیە کە کەوتوونەتە شارەکانی دەرەوەی کوردستان و دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کەوا کەسانێکی زۆرتر بیانناسن و لەبارەیانەوە بنووسن و بەرهەمەکانیان کۆبکەنەوە.

ئەمەی وتمان یەکێکە لەو ڕاستییانەی پێویستە لە مێژووی کورد وکوردستان بەتایبەتی لە مێژووی بزووتنەوەی زانستیدا لە کوردستان، هەمیشە لەبەرچاو بن و بێ ئەمە، ئەکەوینە هەڵەی گەورەوە و بڕیاری زۆری نازانستییانە ئەدەین.

٢

لە ئاست ئەم ڕاستییەدا کە وەنەبێ تەنیا لای ئێمەی کورد ڕووی دابێ و بووە بەهۆی نەزانینی مێژووی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسووڕانی زۆر کەسی خاوەن بیر، تۆژینەوەی نوێ ڕووی کردووەتە ئەو جۆرە کەسانە

خۆیان و لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و ئەم دیو و ئەو دیوکردن و هەڵدانەوەی توێ توێی ئەو بەرهەمانەوە کاری ناسینەوەی ڕاستەقینەی ئەو خاوەن بیرانەی لە ئەستۆ گرتووە. دەق وەك چۆن ئەمڕۆ ئاسەوارناسەکان کە ئەبینن لاپەڕەی مێژوو زۆر شتی مێژووی کۆنی نەخستووەتە ناو دێڕەکانی خۆی و پێی نازانێ، ڕوو ئەکەنە لادان و هەڵدانەوەی چینەکانی خۆڵ و دۆزینەوەی کەلاوە و عەنتیکە و پاشماوە و خشتی نووسراوی کۆن کە ئەیانهێننە بەردەستی لێکۆڵینەوە و هەواڵی کۆنیان لێ ئەپرسن و وەڵام لە دەمی دیمەن و ڕوویان وەرئەگرن – ئەمانیش ئەگەڕێنەوە سەر بەرهەمەکانی ئەو خاوەن بیرانە و باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوە و بەسەرهاتی ژیان و گەلێ شتی تریان لەو بەرهەمانە ئەبیسن.

ڕاستەکەی ئەم شێوەیە نەك تەنیا بەش بەحاڵی ئەو کەسانە سوودمەندە کە مێژووی ژیان و بیر و هەڵسووڕانیان نەنووسراوەتەوە یا نووسراوەتەوە بەڵام فەوتاوە.. بۆ هەموو لایەك بەکەڵکە تەنانەت بۆ ئەوانەش کە چەند بەرگ کتێبیان لەسەر نووسراوە. یەکەم لەبەر ئەوە، کە زۆر ڕێی تێ ئەچێ ئەو بابەتانەی وەختی خۆی لەسەر ئەو کەسانە نووسراون، ناتەواو بن یا گەردی کینەی سەختی جیاوازیی بیروباوەڕیان پێوە بێ، یا هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوە کە زانای ئەمڕۆ بەهۆی شارەزاییەوە لە زانستی لێکدانەوەی مەتریالیانەی مێژوو و لە دەروون شناسی و هونەری نوێی ڕەخنەی ئەدەبی، باشتر لە عۆدەی هەڵسەنگاندن و ناسینەوەی بەهرەمەندان و بەهرەیان دێت و کەرەستەی باشتری ئەم کارەی لە دەستدایە.

## ٣

نالی، داهێنی قوتابخانەی نوێی شیعری کلاسیکی کوردی و هەڵگری ئاڵای کولتووری نەتەوەییی تازە لە کوردستانی بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو

قسەکردوودا، ئەو شێوە کولتوورەی کە وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەو بارە تازەیە پەیدا بوو کە لەگەڵ دامەزرانی میرنشینیی باباندا سەری هەڵدا، ئەو نالییەی کە بۆ بەدەنگەوەچوونی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ، چوارچێوەیەکی نوێیشی بۆ کاریگەرترین هۆیەکانی ڕاگەیاندن (اعلام)ی ئەو سەردەمە دانا کە شیعرە، کە نەیهێشت میرنشینیی بابان بەدەسمایەی کۆنی دەستی میرەکانی ئەردەڵانەوە کە شیعری بە فۆرم (گۆرانی) بوو، بێتە کایەوە، یا هەر لەسەر سفرە و خوانی فۆلکلۆری ناوخۆیی بخوا و ئەو دەورەی لە ئەدەبی کورددا بینی کە داهێنەکانی ئەدەبی فارسیی زمانی فارسیی نوێ لە سەردەمی سامانییەکاندا بۆ گەلی فارسیان هێنایە ڕوو. ئەو نالییەی کە شاعیری دەرباری بابان و پیاوماقووڵی لای سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای بابان بووە و پاش تێکچوونی میرنشینەکەیان ئیتر دڵی نەیهێناوە کوردستان ببینێتەوە بە قەسیدە (شارەزووری)یە زێڕینەکەی دوا ڕۆڵەی دایکی سەربەخۆیی لە کوردستانا لاواندووەتەوە، ئەو نالییەی کە ئەمە هەموو کورتەیەکی شان و شکۆی کولتووری و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی بێ، تا ئێستاش بەڕاستی لەوە زیاتری لێ نازانین کە لە چارەکی دووەم و سێیەمی سەدەی نوزدەمدا ژیاوە.

بۆیە بۆ ناسینەوەی ڕاستەقینەی نالی و بۆ دەسخستنی هەواڵ لە بارەی ژیانییەوە، ناچارین بگەڕێینەوە سەر شیعرەکانی خۆی و ئەبێ لە ڕێگای ئەم شیعرانەوە کەرەستەی پێویست لە بارەی مێژووی ژیان و هەڵسووڕان و جۆری بیرکردنەوەیەوە دەست بخەین و خوێندەوارانی میللەتەکەمان بەم جۆرە بەم لووتکەیەی شان و شکۆی ئەدەبی نەتەوەییمان بناسێنین.

ئەم باسەی کە ئێستا وا ئەیخەمە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیز، بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە. بەڵام وەنەبێ لە ڕاستیدا باسێکی بەتەواوی تازە بێ، هەرچەندە لە گەلێ سەریشەوە تازەیەتیی هەیە. کە ئەڵێم، وەنەبێ بە

تەواوی تازە بێ، وەنەبێ مەبەستم ئەوەبێ کەسم تیا لێ پێش کەوتووە، یا لە کەسێکم وەرگرتووە. ڕاستەکەی هەر هیچ نەبێ نووسراوێکی کەسێکی ترم نەدیوە نالیی بە هۆی نالی خۆیەوە ناساندبێ و بە هۆی خۆیەوە پێشکەشی خوێندەوارانی کردبێ. سەرەتای ئەم کارەی لێرەدا پێشکەشی ئەکەم، ئەنجامی کاری خۆم و بەرهەمی ڕەنجی خۆمە، لەو کاتەدا ئامادەم کردووە کە بە دیوانی نالییەکەی باوکم و کاکمدا ئەچوومەوە و دام ئەڕشتەوە و لێم زیاد و کەم ئەکرد و ئەمخستە ژێر چاپ. هەر بیرێك لەوێ هەبێ و لێرەدا دووبارە کرابێتەوە لە کاتی لەسەر نووسینی ئەو شوێنانەدا بۆم دەرکەوتووە.

تەنانەت لەو دیوانی نالییەدا لە داوێنەوە پاشەکییەکم نووسیوە لەو پاشەکییەدا وتوومە: «لە ماوەی لێکدانەوەی شیعرەکاندا گەلێ بابەتی – وا بزانین – بەبایەخمان دیاری و دەسنیشان کردووە کە تا ئێستا کەس ئیشارەتی بۆ نەکردوون. ئەگەر سەرەتای کتێبەکەمان پاش لە چاپدانی دیوان و لێکدانەوەکە بخستایەتە ژێر چاپ، ئەو بابەتانەمان ئەخستە سەرەتاکەوە. بەڵام مادەم سەرەتاکە هەر لە سەرەتادا چاپ کرا، هیچ نەبێ ئەبوو ئەو بابەتانەمان بە تیپی ڕەش لە چاپ بدایە، تا بە ئاسانی بدۆزرێنەوە»[١].

مانەوەی ئەو بیر و ڕایانە هەروا بە پرژ و بڵاوی و بێ دەسنیشانکردنی شوێنیان، مەیدانی ئەوە لە خوێندەوار ئەگرێ کەڵکێکی ئەوتۆیان لێ وەدەست بهێنێ کە تێکڕا ببێ بەهۆی کۆکردنەوەی (فیکرەیەکی موتەکامیل) لە بارەی نالییەوە. پاشتر بیری تریشم هەر لەسەر بناغەی شیعرەکانی نالی خۆی بەخەیاڵدا هاتووە، یا ئاسۆم بۆ بیرەکانی پێشووم لە ڕوودا گوشادتر بووە، بۆیە بە پێویستم زانی تێکڕا چاوێك بە (دیوانی نالی)دا بگێڕمەوە و هەوڵ بدەم بە پشتیوانیی شیعرەکانی خۆی ئەوەندەی پێم بکرێ کەرەستە بخەمە

١– مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، ل ٧٣٧ – ٧٣٨، بەغدا، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.

بەر دەستی خوێندەواران کە گەلێ ڕووی پێنەزانراوی ئەم شاعیرە مەزنەی کوردی پێ بخەمەڕوو.

## ٤

زۆر لەوانەی لەسەر نالییان نووسیوە مێژووی لەدایکبوون و مردنییان دیاری کردووە. ئەمانە یەك لە یەکیان وەرگرتووە و یەکەمیشیان هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی دەسنیشان نەکردووە. من لێرەدا خۆم بەوەوە خەریك ناکەم ئەوە بگێڕمەوە هەرکام لەمانە چ ساڵێکی دیاری کردووە. ئەوەی کە مەبەستە بزانین ئەوەتە ئەمانە هەموو لە دەوروبەری ١٨٠٠– ١٨٥٦دا سووڕاونەتەوە.[٢]

ئەوەی ئەمەوێ لێرەدا بەرپەرچی ئەمانەی پێ بدەمەوە، ئەوەتە کەوا بەش بەحاڵی کوڕە جووتیارێك، ئەگەر نەشڵێین کوڕە کۆچەرێك، لە کۆمەڵەیەکی پاشکەوتووی نەخوێندەواری، ژێردەستەی، لە شارستانەتی دووری وەك کۆمەڵەی کوردی شارەزووری سەردەمی بابانەکاندا کە هەمووی هەر مێشولە و لەرزوتا و قامیش و زەل بووە[٣]، یا وەك کۆمەڵەی خێڵێکی دەوارنشینی گەرمیان و کوێستانکەری، لە گەرمیانەوە هەموو بەهارێ بە شارەزوورا بەرەو مەریوان و لەیلاخ و بانە ڕۆیشتووی جافی مکایەڵی، ئەقڵ نایبڕێ کەسێك بووبێ مێژووی لەدایکبوونی منداڵێکی نووسیبێ کە دیارە کەس لە کاتی هاتنە دنیایدا نەیزانیوە (نالی)ی لێ دەرئەچێ.

بەڵێ، ئەگەر نالی کوڕە مەلایەك، یا کوڕە سەرەك هۆزێکی خوێندەوار بووایە، یا ئەگەر لە دەمی خۆیەوە گێڕرابایەتەوە کەوا لە فلانە ساڵ لە ساڵە دیارییەکانی ئەو سەردەمانەدا وەك ساڵی گرانییەکە، ساڵی چاوەقووڵەکە،

---

٢– بۆ زانینی بۆچوونی هەرکام لەوانە، بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤ – ٢٥.

٣– لە فۆلکلۆری کورردا هەیە: «شارەزوور چاڵی گەندمە و گۆڕی مەردمە».

ساڵی خۆرگیرانە تەواوەکە لەدایك بووە و لەولاشەوە مێژووی ئەو ساڵە بزانرایە، باش بوو بمانوتایە نالی لە فلاّن ساڵدا لەدایك بوو. بەلاّم ئەمە بەداخەوە، هیچی نییە. کەواتە با ئیتر کوردی و مەریوانی یا مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی یا مامۆستا عەلادین سەجادی یا هەر دوکتۆر و پرۆفیسۆرێکی چێو لە تاریکی وەشێن، بڵێن نالی لە فلانە ساڵا لە دایك بووە.. مادەم لەگەڵ قسەکەیاندا ناتوانن بەڵگەیەك بخەنەڕوو، قسەکەیان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە خۆیان بەولاوە بڕناکا.

نالییەك کە تەنانەت (ئەمین فەیزی)یش لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)ەکەیدا کە لە ١٣٣٩ی ڕۆمی یا هیجریدا لە ئەستەمووڵ لەچاپی داوە، مێژووی هاتنە دنیا و مردنی باس نەکردبێ[٤]، کە نالییش وەك مەشهوورە لە ئەستەمووڵ مردووە، ئیتر چۆن ئەبێ باوەڕ بە قسەی ئەوانە بکەین کە بێ بەڵگە ساڵی لە دایکبوونییان دیاری کردووە.. کەواتە ئەوا مێژووی لە دایکبوونی فت! مێژووی مردنیشی کە ئەبوو هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوە کە پاش بوون بە شاعیر و ناسران و ناو دەرکردن و چوونە حەج و شام و ئەستەمووڵ مردووە، بزانرایە و بنووسرایە، وەنەبێ لە مێژووی لەدایکبوونی ڕوونتر بێ. کۆنترین کەسێك کە لەسەر نالیی نووسیبێ و بەرهەمی لە چاپدابێ ئەمین فەیزییە. ئەمین فەیزی کە لە ئەستەمووڵ ژیاوە و بێگومان کوردانی ناسراوی ئەستەموولّی ناسیوە و دیارە نالییش زۆریانی ناسیوە و هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵیان بووە و باس و خواسی لەسەر زمانیان بووە، ئا ئەم ئەمین فەیزییە نەینووسیوە نالی کەی مردووە و لەوەندە زیاتری نەوتووە کە لە ئەستەمووڵ مردووە و مەدفەنی موبارەکی لە ئۆسکۆدارە[٥]، چونکە لەوەندە زیاتری نەزانیوە. کەواتە وا زانینی ساڵی مردنیشی بوو بە

٤- بڕوانەرە: أمین فیضی، انجمن ادیبان کرد، ئەستەمووڵ، چاپخانەی (ترجمان حقیقت)، ڕەبیعولئەووەلی ساڵی ١٣٣٩.

٥- بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥ - ٦.

هیچ و ناچارین ئەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو ئەمە خوایە بە هەوڵ و تەقەلای لێکۆڵەرەوەیەك تروسکاییەك لەلایەکەوە پەیدا ببێ شتێکمان لە بارەی مێژووی ژیان و ساڵی مردنی نالییەوە بۆ ڕوون بکاتەوە. من لەم بارەوە زۆر بێ باوەڕ نیم.

لام وایە پشکنینێکی وردی کتێبە کۆنەکانی ئەو مەلا و بنەماڵە کوردانەی لە ئەستەمووڵ ژیاون، یا شەنوکەوکردنی کتێبخانەکانی شام و مەککە و مەدینە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بداتەوە. زۆر ڕێی تێ ئەچێ خوێندەوارێکی کورد لە پەراوێزی کتێبێکدا نووسیبێتی نالی لە فلانە ڕۆژ و فلانە مانگ و فلانە ساڵا کۆچی دوایی کردووە. کتێبە دەسنووسەکانی فەقێکانی ئەوسای کوردستان لەم وردە زانیاریانەیان لە داوێن و پەراوێزدا زۆر تیا نووسراوەتەوە کە بەدوادا گەڕان و نووسینەوەیان کارێکی مێژوویی بایەخدارە[٦].

٥

وا جارێ لە بارەی ساڵی لە دایکبوون و مردنی نالییەوە بەدەستی بە تاڵ گەڕاینەوە. ئەی لە بارەی تەمەنییەوە چی؟

ئەو کەسانەی ساڵی لە دایکبوون و مردنی نالییان دیاری کردووە، دیارە تەمەنیشیان دیاری کردووە. بە قسەی ئەمانە بێ نالی یا ٥٦ ساڵ یا ٥٨ ساڵ ژیاوە. بۆ زانینی ڕاستی و ناڕاستیی ئەم تەمەنە ئەتوانین کەڵك لە شیعری نالی خۆی وەربگرین. با بڕوانین ئەو خۆی ئەڵێ چی؟

نالی لە چەند پارچە شیعریدا باسی پیریی خۆی کردووە. پارچەیەکیان

---

٦- لە بارەی بایەخی ئەم سەرچاوە مێژووییەی کوردەوە وتارێکم لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردووەتەوە. بڕوانەرە: گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١)، تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٩.

ئەمەیە:

موویی سپی کردم بەشوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خودبەخود قەل بوو بە بەط
هەڵگرا، وەك مۆمی کافووری بەشەودا، موو بە مووم
دا سیاهیی ڕوو بخوێنم نوقطە نوقطە، خەط بە خەط
من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بە شەو
ئەو موصیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو، من غەلەط
ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بە سەر ئەودا سەقەط
سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش
پایزی ڕوو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەط
وەجهەکەم ئیسمی بەیاض، ئەمما وەرەق زەرد و سیاه
با موخەططەط بێ بە کافووری کەشیدەی خۆش نەمەط

تاد...

ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستەکەی ئێرەی ئێمەوە بێ، نالی لەم پارچە شیعرەیدا وتی مووی سپی بووە و قەلەڕەشی ڕیشی لە سپییەتیدا بووە بە مراوی و موو بەمووی وەك مۆمی کافووری سپی بووە و شەوی ڕیشی بەتەواوی وەك ڕۆژ ڕۆشن بووەتەوە، بەجۆرێ کە تەنانەت لەبەر ئەو پیرییەی کە ڕیش سپیبوونەکەی نیشانەیەتی، چاویشی وەك کوێری لێ هاتووە و سەوزەی گیای بووە بە پووش و تەڕایی تیا نەماوە.. تاد.

پارچەیەکی تریشیان ئەوەیە کە تیا ئەڵێ:

بۆ مەمك نالی چ منداڵانە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەك شیرە بەو شیرە شکۆفەی کردووە

وا نالی لەم بەیتەشدا مووی خۆی کرد بە شیر کە ڕادەی ئەوپەڕی ڕیش سپییەتییە.

پارچەی سێیەمیشیان ئەوەیە بەم بەیتە دەست پێ دەکا:

ئەی تازە جەوان، پیرم و ئـــوفتادەوو کەوتووم
تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەسەرچووم
قوربانی وەفاتم.

وا لێرەدا بەوەشەوە نەوەستا کە بڵێ مووی ڕیشی سپی بووە، خۆی بە «پیر و ئوفتادە و کەوتوو»یش دایە قەڵەم و داوای لە پێغەمبەر کرد کە دەست بداتە «دەستی شکستە»ی چونکە توانای جووڵەی نەماوە و وتی «من پیرم و فانی» و گەیشتوومەتە ڕادەیەك كەوا «نە زیندووم و نەمردووم».

هەروەها ئەتوانین ئەم پارچە شیعرەش بکەین بە بەڵگەیەکی تری تەمەنی درێژی:

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو

ئەی جامیعی دونیا و و قیامەت بە خەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو

بێزارە لە تۆ ئێستە، هەماغۆشی عەدووتە
دونیا کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو

دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت
ئەمڕۆ نەدەمت بوو، نە دەمت بوو، نە دەمت بوو

عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا
بمرە لە غەمیدا کە هەموو صەرفی غەمت بوو

وەك شەڵتە پەین گەه پڕ و گەه خاڵییە بەطنت
صەوم و ئەمەلت باعیثی نەفس و شکەمت بوو
«نالی» چییە وا میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی
خۆ تۆ بە حیسابێ وەکو پەروانە شەمت بوو

ئەوەتە نالی لەلایەکەوە لە بەیتی یەکەمدا بەهێنانی ناوی (خضر) ئیشارەتی هەم بۆ خۆیشی کرد کە ناوی (مەلا خضر)ە و هەم بۆ (خضری زیندە)ش کە ئەڵێن تا ئێستاش ئەژی و تا قیامەت نامرێ. سەرەڕای ئەوە کە لە تێکڕای پارچە شیعرەکەدا ڕووی دەمی هەر لە خۆیەتی و ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کەوا لە هێنانی ناوی (خضر)دا تەورییەکەی مەبەست بووە کە ئەوەش ئەبێ بەبەڵگەی درێژیی عومری.

خۆ ئەگەر بشڵێین نالی هەموو ئەم شیعرانەی لە دوا ساڵی ژیانیدا وتووە کە ئەوەش زۆر دوورە و ئەبێ هیی ماوەی جیا جیا بن و ئەگەر ڕاستیش بێ نالی لە ئەستەمووڵ مردبێ و خۆئاشکراشە نموونەی سێیەمی لە ڕێگەی مەدینەدا بۆ زیارەتی قەبری پێغەمبەر وتووە، هێشتا دیارە ئەبێ چەند ساڵ پێش مردنی وتبێتی. جا ئەمانە لە کوێ و ئەوە لە کوێ کە نالی لە ٥٦ ساڵی و ئەوپەڕەکەی لە ٥٨ ساڵیدا مردبێ. ٥٨ ساڵی نەك بۆ ئەوە دەس نادا بنیادەمی تیا وا پیر ببێ بە ئوفتادە و پەککەوتووی نە مردوو و نە زیندوو دابنرێ، تەنانەت بۆ ئەوەش دەست نادا کە ڕیشی وەك شیر و مراوی تیا سپی ببێ.

بەڵگەی تریش هەیە کەوا نالی زۆر لە ٥٨ ساڵ پتر ژیاوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئێمە لەم باسەماندا تەنیا شیعری ئەکەین بە بەڵگە، باسی ئەو بەڵگانەی تر ناکەین. ئەوەندەمان بەسە کە لەم شیعرانەوە دەسگیرمان بوو و لێیەوە حاڵی بووین کەوا نالی گەلێ لە ٥٨ ساڵ پتر ژیاوە.

## ٦

کێشەیەکی زۆر لە بارەی نازناوی (نالی)یەوە لەناوایە: ئاخۆ بەلامی سووکە وەك زۆربەی ئەوانەی بەئەدەبی کوردەوە خەریکن وای ئەخوێننەوە، یا بە لامی قەڵەوە وەك هەندێ کەس سوورن لەسەری[٧].

بەرلەوەی بگەڕێینەوە سەر شیعرەکانی نالی خۆی و بمانەوێ لەوێوە ڕێ بەدێییەکی ڕاستی بکەین، پێویستە خوێندەواران لەوە ئاگادار بکەین کە تێکڕا لە ناوچەی (سنە) لە کوردستانی ئێران ئەخوێننەوە (ناڵی)و ئەم لامە قەڵەوە لەوێوە گەیشتووەتە لای ئێمە، ئەگینا کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی ناوچەی سلێمانی کە زێد و نیشتمانی نالی بووە بە لامی سووکیان خوێندووەتەوە و ئەخوێننەوە.

ڕاستەکەشی هەرکام لەم دوو دەستەیە ئەتوانن لە شیعری نالیدا بەڵگە بۆ ڕاکەی خۆیان بێننەوە و تەنیا ئەوە بەرپەرچی قسەی هەریەلایەکیان ئەداتەوە کە ئەولاش پەکی لەسەر بەڵگەی لەم چەشنە نەکەتووە و ناکەوێ.

ئەگەر ئەو بەیتانە بخەینە لاوە کە وشەی (نالی)یان تیایە و بە هەر جۆرێکی بخوێنینەوە ڕەخنەیەکمان لێ ناگیرێ و هێشتا کۆمەڵە بەیتێکی تر هەر ئەمێنیتەوە کە یا تەنیا بۆ (ناڵی) یا تەنیا بۆ (نالی) دەست ئەدەن.

---

٧– بۆ نموونە، بڕوانەرە: أ.ب. هەوری ، «ئایا نازناوی شاعیر پایەبەرز و زانای ئاینیی چەرخی خۆی (نالی)یە بە لامی سووك، یان (ناڵی)یە بە لامی قەڵەو و قورس»، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە ٣٧، تەمموزی ١٩٧٦؛ مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، ل ٤١ – ٥١، بەغدا ١٩٧٦؛ سەروەت محەمەد ئەمین، «بڵێین (ناڵی) یا (نالی؟)، گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژمارە (٥)، مارتی ١٩٧٨. دوکتۆر مارف خەزنەداریش لە ژمارە ٥٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا وتارێکی بە ناوونیشانی (وشەی نالی) بڵاوکردوەتەوە.

بۆ نموونە ئەم بەیتانە وا دەست ئەدەن کە وشەکەیان بە (ناڵی) تیا بخوێنرێتەوە:

(ناڵی) خەبەری بێ ئەثەری غائیبە، ئەمما
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا

***

بۆ زوڵف ڕوخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکو (ناڵی) هەموو با ناڵەو و ئاهن

ئەمە ئەگەر وشەی (ناڵە)یان تێدا بە لامی قەڵەو بخوێنرێتەوە. بەڵام زۆریی وشە بەکارهێنان لەسەر شێوەی فارسی لە ئەدەبی کلاسیکی کورددا، ڕێگای ئەوەشمان ئەدا (ناڵە)کان بە لامی سووك بخوێنینەوە و بەدوای ئەوەدا (نالی)یەکانیش هەر بە لامی سووك بخوێنینەوە، چونکە مادەم (نالی)مەنسووب بێ بۆ (نالە) و (نالە)یش بەلامی سووك بخوێنرێتەوە، ئیتر ئەبێ لەپای چی (نالی) بکەین بە (ناڵی).

بەڵام لە دوو بەیتەی تردا مەیدانی خوێندنەوەی (ناڵە) بە لامی سووك کەمتر ئەبێتەوە:

لەگەڵ مورغی چەمەن (ناڵی) دەناڵێ
کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین

***

ناڵە ناڵی (ناڵی)یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە
یانەخۆ حەشرە، گونەهکارە وەها هاوارییە

چونکە لە بەیتی یەکەمدا زەحمەتە بخوێنینەوە (دەنالێ) کە شتی وا لە کوردیدا نەبیستراوە و لە بەیتی دووهەمیشدا کورد هەر (ناڵەناڵ) ئەڵێ و بە لامی سووك ناوترێ و لە هەموو حاڵێکیشدا جیناسەکان مەبەستن ڕاگیر بکرێن.

خۆ لەم بەیتە پێنجەمەدا ئەتوانم بڵێم (ناڵی) جۆرە پێویستییەکە دەست لێبەرداربوونی بەگران تەواو ئەبێ :

صەوتی نەغمەی بولبولە، یا چەهچەهەی خڕخاڵییە
دەنگی سۆڵە، یا لە ژێر پێی ناڵە ناڵی (ناڵی)یە

بۆیەش ڕێ تێچوونێکی لاوازم هێشتەوە، چونکە لەوانەشە بوترێ لێرەدا نە (نالی) هەیە و نە (ناڵی). وشەکە (ناڵیە)یە و مەبەست لە (ناڵ)ە و نالی ویستوویەتی تەنیا بەم وشەیە لەگەڵ ضەمیری(ی) و پێوەندی (ە)، کە ئەبێ بە (ناڵیە)، ئیشارەت بۆ ناوەکەی خۆی بکا کە بە ڕێنووسی کۆن (نالییە) و (ناڵیە) وەك یەك نووسراون. هاوسەنگیی (خڕخاڵییە) و (ناڵییە)یش تاڕادەیەك ئەم ڕێ تێچوونە بەهێز ئەکات.

ئەم بەیتانەی تریش وا ئەگەیەنن وشەکە (نالی) بێ:

ظاهیر و باطین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیرڕی قەڵەم بێ، غەیری (نالی) کەس نەما

چونکە لێرەدا ئەبێ پێوەندیێك لە نێوان (نالی) و (قەڵەم)دا هەبێ لەبەر ئەوە کە قامیشی قەڵەم پرووشێکی باریکی تیایە پێی ئەڵێن (نال).

لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە، (نالی)
فیردەوسە مەئالی

چونکە ناتوانین بخوێنینەوە (مەئاڵی) ئەگینا قافیەی بەیتەکە ئەشێوێ، سەرەڕای ئەوە کە کەسیش (مەئاڵی)ی نەبیستووە.

بۆ ئەم بەیتەیش ئەتوانین بڵێین وشەکە بۆ (ناڵی)یش و بۆ (نالی)یش دەست ئەدا:

(نالی) مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك ناڵە لە نەیدا، وەکو نالە لە قەڵەمدا

وەك وتمان ئەمانە هەموو نموونە بوون، ئەگینا ئەگەر دیوانی نالی پەڕە پەڕە بكەین گەلێ بەڵگەی تر بۆ هەركام لە دوو ڕایە ئەدۆزینەوە.

ئەوەش كە لە هەر بەیتێكدا باری سەرنجی لایەك لە هیی ئەوی تریان بەهێزتر ئەكا، لە ڕاگرتنی جیناسێك یا تەورییەیەك یا هونەرێكی تری ڕەوانبێژی بەولاوە نییە.

ڕووی ڕاستیی مەسەلەكە ئەوەیە هەركام لەم دوو بەرەیە شوێنی شكڵ بازییەكی ڕووت كەوتوون و لەگەڵ هەوڵی ڕاستكردنەوەی ناوەكەدا ڕێبازی هونەریی شاعیر ناهێننە بەرچاو.. بیر لەوە ناكەنەوە كە ئەم شاعیرە لە تێكڕای شیعرەكانیدا چ یارییەكی بە وشە كردووە و چۆن لەم ڕێگایەوە ویستوویەتی لە یەك كاتدا چەند مەعنا بدا بەدەستەوە و بەم شێوەیە سەری تەنانەت لە خوێندەوارانی سەردەمی خۆیشی شێواندووە كە زۆربەیان بە ناخی وردەكاریی مەلایاندا چووبوونە خوار. نالی خۆی مەلا بووە و مەلای چاكیش بووە و شارەزای كولتووری ئیسلام و یۆنانی كۆن و ڕەوانبێژیی عەرەب و كەلەپووری ئەدەبی كلاسیكی فارسی و كوردی و عەرەبی و گەنجینەی زمانی هەرسیانیان بووە و وەك خۆی ئەڵێ:

فارس و كورد و عەرەب هەر سێم بەدەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاكمی سێ موڵكە دیوانی هەیە

بۆیە هیچ سەیر نییە گەلێ جار لە هەر وشەیەك چەند ئیشارەت و لە هەر بەیتێكدا چەند مەعنای مەبەست بێ.

لە دیاركردنی ئەم نازەناوەشدا بۆ خۆی هەر وای كردووە.

ویستوویەتی چ لەبارەی وشە و چ لە بارەی مەعناوە بە پێی پێویست یاریی پێ بكا و هەر جارێ بۆ مەبەستێك و گەلێ جاریش بۆ پتر لە مەبەستێك بەكاری بهێنێ، جارێ مەعنای (ناڵە) و جارێكی تر مەعنای (نال)ی ناوكی قامیشە قەڵەم و كەڕەتێكی تریش مەعنای (ناڵ)ی پێ

بگەیەنیٚ و جاری واش هەبیٚ زیاتر لە مەعنایەکی پیٚ بدا بە دەستەوە و لە هەموو حالیٚکیشدا، بەهوٚی ریٚنووسی فارسی ئامیٚزی جارانەوە، هەموو وەك یەك بنووسریٚن.

بەلاٚم ئەمەی کە وتمان رووی مەعنەویی نازناوەکەمان بوٚ لیٚك ئەداتەوە.

ئیٚمە هیٚشتا بەدوای ئەوەدا ئەگەریٚین بزانین ئەبیٚ بخویٚنینەوە (نالی) یا (نالٚی)؟ بوٚ وەلاٚمدانەوەی ئەم پرسیارە، دوو راستی ئەخەینە بەرچاو. یەکەم ئەوە وەکو وتمان خویٚندنەوەی (نالٚی) بەلامی قەلٚەو هەرگیز لە ناوچەی سلیٚمانیدا باو نەبووە کە زیٚدو نیشتمانی نالییە و زاراوەی سنەیە لەم چەند سالٚەی دوایيدا لەناو هەندیٚ روٚشنبیری کوردستانی عیٚراقیشدا بلاٚو بووەتەوە و بەرەی خویٚندەواری مزگەوت لە ناوچەی باباندا کە تا ئەم دواييیەش هەر ئەوان بوون شارەزای ئەدەبی کلاسیك بوون کەسیان (نالی)ی بەلامی قەلٚە و نەخویٚندووەتەوە. دووهەمیش ئەوە کە ئەدەبی کلاسیکی کورد تیٚکرا نازناوی شاعیرانی لەسەر شیٚوەی دارشتنی عەرەبی و فارسی بەخوٚیەوە دیوە، هەروەکو بە وشەی عەرەبی و فارسییش دیونی. بوٚیە گەر نیسبەتی (نالی) بوٚ (نال ) بیٚ، ئەوە دیارە (نالی)یە. خوٚ ئەگەر بوٚ (نالٚە)بیٚ، ئەوە (نالٚە)کە کراوە بە (نالە)ی فارسی و نیسبەتەکە بە عەرەبی دارێژراوە کە دیسان ئەکاتە (نالی)، ئەگینا ئەگەر بە فارسی دارێژرایە، ئەوە ئەبوو(ناله ای) بوایە. خوٚ ئەگەر بە کوردییش دارێژرایە، ئەوا (نالٚە) هەروەك خوٚی ئەمایەوە و نیسبەتەکە (نالٚەیی) ئەبوو وەکو (سالٚەیی) و (بەرزنجەیی) و شتی وا. ئاشکرایە نیسبەتیش نییە بوٚ لای (نالٚ) چونکە سەرەرای ناپەسەندیی ناویٚکی وا، لە تاقە شویٚنیٚکدا نەبیٚ (نالی) گەیاندنی مەعنای (نالٚ)ی لە شیعریدا مەبەست نەبووە.

٧

ئەشتوانین لە شیعرەکانی نالیدا تاڕادەیەك هەندێ دیمەنی سیمای بناسینەوە. لە قەسیدە درێژەکەیدا کە خەوی بە (مەستوورەی ئەردەڵان)ەوە دیوە ئەم بەیتانەمان بەرچاو ئەکەوێ:

دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدەگوشا بێ
هەستا وو گوتی: ئەشکێ ڕەوانم بە فیدا بێ

ئەم صاحیبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چا بێ
هەم شاریح و هەم جاریح و مووضیحە گوشا بێ

بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ
تەدقیقی ئەمیش سیڕڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ

مەبەستی ئێمە لە بەیتی سێیەمی ئەم سێ بەیتەدا دیاری ئەدا. لەم بەیتەدا هەرچەند وشەی (مەتنی مەتین) بەدیمەن بۆ تێکستی باش داڕێژراو و واتابەخشی کتێب بەکارهێنراوە، بەڵام خۆ ئاشکراشە لە ڕووی زمانەوە واتە (پشتی قایم) کە ئەمەش بە هەر جۆر ئیشارەتێکی بۆ ئەوە تیایە کە نالی لە سەردەمی لاویدا کوڕێکی شۆخ و قۆز و تێکسمڕاو بووبێ، چونکە مادەم خۆیەتی خەوەکەی دیوە و ڕووی دەمی مەستوورە لەمە و ئەمیش ئەم خێری خوایەی بۆ خۆی ئەوێ، نەك بۆ کەسی تر، دیارە ئەبێ ئەم (مەتنی مەتین)ە واتە ئم پشتە قایمە هیی خۆی بووبێ.

ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو سیفەتەی لەم سێ بەیتە و بەیتەکانی پاشەوەیاندا (هینەکەی) خۆییان پێ وەسف ئەکا، کە تێکرا وا ئەگەیەنن شتێکی تایبەتی و کارامە و هەڵسووڕاو بووبێ، کە دیارە ئەوەش بەعادەت لە کەسێکی پتەو و چوارشان و بەکاردا نەبێ نایەتەدی.

لە بەیتێکی تریشیدا جۆرە ئیشارەتێك بۆ ئەوە هەیە کە چاوی نالی تانەی بەسەرەوە بووە. بەیتەکە ئەمەیە:

«نالی»، ئەو نوقطە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی
من لە صەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

مەعنای بەیتەکە ئەوەیە: ئەو خاڵەی بوو بە نیشانە بەسەرچاوی نالییەوە، بە تەختی ڕووی یارەوە بوو، من پیشانی ئەوم [واتە پیشانی نالیم] دا و لەوەوە ئیتر لەسەر چاوی ئەو جێی خۆی گرت[8].

لەم مەعنایەوە بەئاشکرا ئەوە دەرئەکەوێ کە نوختەیەك واتە خاڵێك بەسەر ڕووی یارەکەی نالییەوە بووە و لەوێوە هاتووەتە سەرچاوی ئەم و بووە بە تانە، کە لە لایەکی کەوە ئەوەش ئەگەیەنێ کەوا نالی لە خەفەتی خالی ڕووی یار تانە لەسەر چاوی پەیدا بووە[9].

هەروا لە شیعری نالیدا نیشانەی ئەوەش هەیە کەوا لە ئاخری عومر کوێر بووە. ئەم نیشانەیە لەم بەیتەوە دەرئەکەوێ:

ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەط

ئەمە هەروەها لەم دوو بەیتەشەوە دەرئەکەوێ:

جێگایێ نەظەرگا بێ، شەش جانیبی دەریا بێ
ئەی مەردومی سەیرانی، لەم خیططەیە هەر چاوە

---

٨- مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

٩- نموونەیەکی ئەم بەیتە لە فۆلکلۆری هەورامیدا هەیە، ئەویش ئەم مەعنایەی ئێمە زیاتر ئەچەسپێنێ. بەیتەکە ئەمەیە:

خاڵ دانەی گۆنای ئەو نەوڕەسیدە
بییەن وە تانەی بینایی دیدە

چاویشی لە «نالی» کرد، دین و دڵ و جانی برد

گەر زوڵفە ئەگەر نازە، گەر خەندەیە، گەر چاوە

لەگەڵ ئەمەدا ئەبێ ئەو ڕاستییەش بخەینە بەرچاو کە وانەبێ ئەم بۆچوونانەی ئێمە لەم بەشەدا پیشانمان دان، بۆچوونێکی وا بن خۆمان بە بێ گومان و بڕاوەیان دابنێین. لە هەموو حاڵێکدا مەیدانی ئەوە هەیە باسی چوارشانەیی و تێکسمڕاوییەکە کە لە (مەتنی مەتین)ەوە دەرکەوت تەنیا خەیاڵ و قسە ڕازاندنەوە بێ و، مەسەلەی تانەکەش کینایە بێ لە بیرکردنەوەی زۆری نالی لە خاڵی ڕووی یار بەجۆرێ وەك بڵێی لەچاویا وێنەی گرتووە و مەسەلەی چاو سپی بوونەکەش کینایە بێ لە پیربوون و چاو کزبوون. چاو لەدەسچوونەکەش زیادەڕەوی و کینایە بێ لە گریانی سەرەمڕی لەبەر دووریی دۆست بەجۆرێ کە چاوی لەبەر زۆریی فرمێسك ڕشتن وەك کوێری لە هاتبێ.

## ٨

هەموو ئاگاداری ئەوەین کەوا جاران حوجرە و مزگەوت و مەلا و فەقێ کۆڵەکەی ژیانی کولتووریی کوردستان بوون. کەسێکیش کە شارەزاییی لە ژیانی کولتووریی کوردستان و لە تێکڕای کولتووری ئیسلامی هەبێ، ئەزانێ مەلاکانی کوردستان لەم مەیدانەدا، بەگوێرەی شوێن و سەردەمی خۆیان گەیشتبوونە چ پلەیەك، . جا بۆ ئەوەی بزانین ئەم مەلا و فەقێیانەی کوردستان – کە نالییش یەکێکیانە – لە چ بارودۆخێکدا خەریکی خوێندەواری بوون، لە جێی خۆیایەتی لێرەدا قەسیدەیەکی نالی بنووسینەوە کە وێنەیەکی کاریکاتۆرییانەی یەکێ لەو حوجرانەمان پیشان ئەدا کە فەقێکان خەریکی خوێندن بوون تیایاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بڵێین ئەبێ ئەو حوجرەیە یەکێك بووبێ لە حوجرە بەناوبانگەکان، چونکە فەقێی قابیل و زیرەك لە حوجرەی بەناوبانگدا نەبێ و لای مەلای بەناوبانگ نەبێ

نەیخوێندووە. ئاشکراشە کە نالی بەو هەموو هونەر و هونەرمەندی و زانستەوە کە بووە، ئەبێ لەسەردەمی فەقێیەتیشدا یەکێك بووبێ لەو فەقێیانەی کە شادەستەی هەمووان بوون و بە شیعرەکە خۆیشیدا دیارە کە بە (موستەعیددی) واتە لە دوا قۆناغی خوێندنیدا وتوویەتی.

ئەمە تەواوی ئەو قەسیدەیە:

وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو

دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میثلی لانکەی ئەجزا شکاو

هەر لە سەربان دار بەداری ڕایەڵی بژمێرە وەك
لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بەناو

ڕۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتیی کا گەڵای پێدا دەکەن
وەك گەڵاڕێزانی پایز یەك یەکی دەڕژێتە ناو

هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ
ڕەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێخزاو

ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەش بەغەمگینی دەڵێین
ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو

ڕۆژی هاوینی وەها مثاڵە دەڕەی پڕ دەبێ
نیمە دەڕێك سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاو

فەصڵی هاوینی جەهەننەم، فەصڵی ئێستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و جەهەننەم وا بە تاو

نەیری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق
بۆ دەوامی ڕۆژپەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو

دار و بەردی پەنجەرەی وەك نەسجی بەیتی عەنكەبووت
مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێ دا بە تاو

ڕۆژی تـەرزە چـەنـدە مـینـای دڵشکێنـە و سەرشکێن
ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیصمەتە و ئابڕوو تکاو

ڕۆژی بـەفـر و بـا وەکـاشە، ڕۆژی بـاران قـوفـڤـەیـە
صاحـێبـی لازم کـە بـیـبـێ سەوڵ و کـاسێکـی شکـاو

کـاسە بـۆیـە لازمـە تـا ئـاردەلـووکـی دەربـدا
سەوڵـی بـۆیـە لازمـە نـەك جـۆگـەلـە بـیـبـا بـە تـاو

خۆ زگی نیشتووەتە ئەرضی و توومەزا هێشتاوەکوو
نوطفەکەی هەر ئاو بوو، بەریاوێت لەبەر هەور و هەڵاو

ئـاسمـان تـەرزەی کـە لـێ دا بـەردەبـارانـمـان دەکـا
سوختـەکـانـمـان ڕادەکـەن پـاڵـوو پساوو قـووندڕاو

ڕادەکـەن بـۆجـانـیـبـی دوککـانـی جـەڕڕاح و طـەبـیب
چـاك و دامـەن هـەڵـکـراوو سەرشکـاوو تـەنـگـەتـاو

لـوطفـی بـانگوش بـوو کـەوا لـەم حوجرەدا زانـانـدمـان
گـەر بـەنـی ئـادەم بـخـنـکـێتـن، سەراوە نـەك بـنـاو

چونکـە نـەتکرد قـوڕ بـەسەریـا تـاوەکوو تـەسکین ببێ
مـەیـدەرە بـەر پـێلـەقـەو تـو خـودا، بـڵا بـگـری بـە تـاو

**٩**

لە دیوانی نالیدا لە چەند شوێندا ڕێمان لە شتی وا ئەکەوێ ڕووناکییەکمان لـە بـارەی ئـەو شوێنـانـەوە بـداتـێ کـەنـالـیـیـان تـیـا ژیـاوە. ڕاستـە ئێمـە بـە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە کەوا نالی لە (خاك وخۆڵ) لە دایك بووە و لە

(قەرەداغ) خوێندوویەتی و لە (سلێمانی) ژیاوە و پاشان چووە بۆ حەج بۆ (مەککە) و (مەدینە)و لەوێشەوە چووە بۆ (شام) و لە (ئەستەمووڵ) مردووە. بەڵام ئەم زانستە دەماودەمییە هەرگیز نرخی ئەو چەند بەیتە کەم ناکاتەوە کە ناوی گەلێ لەو شوێنانەیان تیا هاتووە کە پێوەندێکیان بە ژیانی نالییەوە بووە، بەڵکو ئەو بەیتانە هەندێ لەو زانستە زارەکییانەمان بۆجێگیر تر و بڕوا پێکراوتر ئەکەن.

نالی لە قەسیدە (شارەزووری)یەکەیدا[١٠] دووجار ناوی (شارەزوور) و جارێ ناوی (خاك وخۆڵ)ی هێناوە و زۆریش بە شانوباڵی (سلێمانی)یدا هەڵداوە و ناوی گەلێ شوێنی ناو شار و دەوروبەری وەك (شیوە سوور) و (سەرچنار) و (بەکرەجۆ) و (پردی سەرشەقام) و (داری پیر مەسوور) و (شێخ هەباس) و (کانی با) و (سەیوان) و (کانی ئاسکان) و (شیوی ئاودار) و (تانجەڕۆ) و (خانەقا) و (دەشتی فەقێکان) و ئەمانەی بردووە.

لە غەزەلێکی تریشیدا[١١] کە دیارە لە دەرەوە وتوویەتی، داخی دووری لە نیشتمان هەڵئەڕێژێ و یادی (قەرەداغ) و (سەرچاوە) – کە گەڕەکێکی (زەردیاوا)ی قەرەداغ بووە – و (دێوانە) – کە چەمێکە بەقەرەداغدا ئەڕوا و پاشان ئەڕژێتە (سیروان)ەوە، ئەکاتەوە. جارێکی کەش لە غەزەلە عەرەبی و کوردییە بە عەرەبی و کوردی داڕێژراوەکەیدا[١٢] باسی (شارەزوور) و (خاك وخۆڵ) و (سلێمانی) و (پیر مەسوور) و (قەرەداغ)ی کردووەتەوە و ئەمجارە ناوی (داری زەرد)یشی هێناوە. ئەمە هەموو سەرەڕای ئەو هەموو ناوبردنەی (مەککە) و (مەدینە) و شوێنەکانیان لەو قەسیدە و غەزەلانەیدا کە بە ڕێگای (مەککە) و (مەدینە)وە و لەو هەموو شارەدا وتوونی[١٣].

١٠– بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤ – ٢٠١.

١١– بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٤ – ٥٢٨.

١٢– بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠١ – ٤٠٦.

١٣– بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤ – ٢٧١؛ ٤١٥ – ٤٤٨؛ ٤٨٢ – ٥٢٠.

قەسیدە درێژەکەشی کە باسی خەوبینینەکەی خۆیی بە (مەستوورەی ئەردەڵان)ەوە تیا ئەکا[١٤]، دیارە لە (سنە) وتوویەتی، چونکە بابەتەکەی دیارە بابەتی سەردەمی لاوییەتی، هەرچەندیش وا باوە کە (مەستوورە) پێش مردنی بە ساڵێ هاتووەتە سولەیمانی و لەوێ مردووە و لەوانەیە ئەو پێوەندە کۆنەی لەگەڵ نالی بوویەتی، هاندەرێکی بووبێ بۆ هاتن بۆ سولەیمانی. پێشتریش بە نیشانەی چوارینە فارسییەکەیدا وتمان لەوانەیە میسریشی دیبێ. لە وەڵامەکەی (سالم)یشەوە بە ئاشکرا ئەوە دەرئەکەوێ کە سالم ئەم وەڵامەی بۆ شام ناردووە[١٥] بۆ نالی، واتە نالی لەوێ بووە، یا هەر هیچ نەبێ نالی نامە شیعرییەکەی خۆی لە شامەوە ناردووە بۆ سالم بۆ سولەیمانی، بۆیە ئەویش وەڵامەکەی بۆ شام بۆ ناردووەتەوە.

ئەوەندەی من ئێستا لە یادم بێ ئەم بەڵگانە لە شیعری نالیدا هەن کە بگەیەنن لە کوێ و کوێ ژیاوە و دیارە ئەم بەڵگانە هیچ زانستێکی تر بەدرۆ ناخەنەوە کە ئەوەمان پیشان بدەن کەوا نالی لە شوێنی تریش ژیاوە و ئاشکرایە ئەبێ لە شوێنی تریش ژیابێ.

## ١٠

ئەوەی دەماودەم لەناو خەڵکدا ئەیگێڕنەوە ئەوەتە نالی لە سەردەمی فەقێیەتیدا یارێکی بووە ناوی(حەبیبە) بووە. ئەشڵێن گوایە ئەم (حەبیبە)یە خەڵکی دێیەکی قەرەداغ بووە بە ناوی (ماڵیاوا)وە[١٦]. ئەم قسەی دەم بەدەمە

١٤- بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٣ – ٦٣٠.

١٥- بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩ – ٢٠١.

١٦- بەڵام قەرەداغ هیچ دێیەکی تیا نییە بە ناوی (ماڵیاوا)وە. ئێمە لە (دیوانی نالی) یەکەماندا بۆچوونێکی کاک حەمە عەلی مەدهۆشمان پەسەند کردووە کە (ماڵیاوا)ی بە (ماڵی ئاوەها) مەعنا لێ داوەتەوە. بڕوانەرە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، ل ٧٣٩، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.

کەوتووەتە سەر پەڕەی کاغەزیش و گەلێ لەوانەی لە بارەی نالییەوە نووسیویانە، لەم مەسەلەیەش دواون[١٧].

لە شیعری نالی خۆیشیدا چەند جار ناوی (حەبیبە) ناوێك و[١٨] چەند جارێکیش ناوی (مەحبووبە)یەك[١٩] هاتووە، کە ئەمە بۆ ئەوەش دەست ئەدا بڵێین یارەکەی نالی بەڕاستی ناوی (حەبیبە) بووە و جارجار یا لەبەر ڕاگرتنی سەنگی شیعر، یا لەبەر ئەوە کە (مەحبووبە)ش لە ڕووی مەعناوە وەك (حەبیبە) وایە پێی وتووە (مەحبووبە) و بۆ ئەوەش دەست ئەدا بڵێین (حەبیبە)یش و (مەحبووبە)یش هەردووکیان کینایە بن لە یار و ناوی ڕاستەقینەی یارەکەی شتێکی تر بووبێ. بەڵام شتێکی ئەوتۆ لە شیعری نالییەوە دەرناکەوێ وا بگەیەنێ ئەم (حەبیبە)یە یا ئەم (مەحبووبە)یەی هێنابێ.

ئەوەی باسی دڵداری لە ژیانی نالیدا بداتە بەر تیشکی ڕوونکردنەوە و شتێکی لە قسەی گشتی زیاتر تێدا بێ، لە شیعری نالی خۆیدا، پێنج پارچە شیعرە یەکە یەکە پیایاندا ئەچینەوە هەرچییان لەم ڕووەوە لێ هەڵکرێنرێ ئەیخەینە بەرچاو، پارچەکیان ئەوەیە کە بەم بەیتە دەست پێ دەکات.

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرط بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

---

١٧- بۆ نموونە، بڕوانەرە: کوردی و مەریوانی، سەرگوزەشتەی نالی، دیوانی نالی، بەغدا ١٩٣١، ل (ج)؛ محمد أمین زکی، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان (ترجمة محمد علی عونی)، القاهرە ١٩٣٩، ص ٣٥٩؛ دیوانی نالی (چاپی عەلی موقبیلی سنەیی)، سنندج ١٣٢٧؛ علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا ١٩٧١ (چاپی دووەم)، ل ٢٤١.

١٨- بڕوانەرە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢؛ ٣٣٩؛ ٣٩٤؛ ٣٩٨؛ ٥٦٩؛ ٥٩٢.

١٩- بڕوانەرە: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨؛ ٣٣٧.

نالی لەم پارچە شیعرەیدا ئەوەی دیاری نەکردووە کە بۆ کێی وتووە، بەڵام ئاشکرایە لەگەڵ خۆشەویستێکی ئەوتۆ قسە ئەکا تیایدا مەگەر هەر یارێکی گیانی بە گیانی شایانی قسە لەگەڵ کردنی وا بێ، کە دیارە ئەبێ ئەو یارەش هەر (حەبیبە) بێ. لەم پارچە شیعرەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە پێش وتنی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ یارەکەی لە یەك شوێن ژیاون و هەمیشە توانیویەتی بیبینێ و پاشان لێی دوور کەوتووەتەوە، بەڵام هەر بە تەمای گەڕانەوە بووە بۆ لای و ئەم دوور کەوتنەوەیە تا کاتی وتنی شیعرەکە ساڵێکی خایاندووە[20].

ئێمە ئاگاداری مێژووی ژیانی نالی نین بەجۆرێ کە زنجیرەی ڕووداوەکانی ژیانیمان لەپێش چاو بێ و بزانین کامیان لەپێش کامیاندا ڕووی داوە. بەڵام لە شێوەی ئەم شیعرەوە وا دەرئەکەوێ پاش بەجێهێشتنی قەرەداغ و چوون بۆ سولەیمانی و نیشتەجێبوون لەوێ وتبێتی.

ئەمە تەواوی ئەو پارچە شیعرە:

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم، شەرط بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
دەروونم خاڵییە، وەك نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ

---

٢٠- لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ئەو دوورییەی نالی لە یارەکەی تا کاتی نووسینی پارچە شیعرەکە دوو ساڵی خایاندووە، چونکە نالی وتوویە:

هەموو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ

منیش ئەڵێم مەبەستی نالی لە ئاوات خواستنی مردنی دوو ساڵ لەوەوبەر ئەوەیە کە دوورییەکەی ئەوەندە لا ناخۆشە حەزی ئەکرد ساڵێ بەر لە دوور کەوتنەوەی لە یار بمردایە، سەرەڕای ئەوە کە بە عادەت (ئەمساڵ)یش بەرابەر بە (پارە)ە نەك (پێرار).

بینناییم کوێرە، هەڵنایێ بە ڕووی کەس
مـوژەم یــەك یــەك دەڵـێی بـزمـارە بـێ تـۆ
هــەمـوو ئــەعـضایـی نـاڵـیـنـم دەنـاڵـێ
سەراپــام مـیـثـلـی مـۆسیـقـارە بـێ تـۆ
قــەسەم بــەو شەربــەتـی دیداری پـاکـەت
شەرابــم عــەیـنـی ژەهــری مــارە بـێ تـۆ
لـەکـن تـۆ خـار و خـەس گـوڵـزارە بـێ من
لـەکن مـن خـەرمـەنـی گـوڵ خـارە بێ تۆ
لە کن من با وجوودی ناس و ئەجناس
کــەسی تــێدا نــیـیــە ئــەم شارە بــێ تــۆ
هــەتـا تـۆم ئـاشنـا بـووی، ئـاشنـام بوون
ئـەمـێستـا مـوو بـەمـووم ئـەغیـارە بێ تۆ
هــەمـوو ڕۆژێ لـەتـاو هـیـجرانی ئـەمساڵ
تــەمــەنــنــای مـردنــی پــێرارە بــێ تــۆ
لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی (نالی)
دوو جـۆگـە، بـەڵـکـو دوو ڕووبـارە بێ تـۆ

پارچەیەکی تر لەو شیعرانە ئەو قەسیدەیەیە کە بۆ لاواندنەوەی باوکی یارەکەیی وتووە کە دیارە ئەبێ هەر (حەبیبە)بێ، ئەگینا ئەبوو ئەم کەسی یەکەم بووایە لە ژیانیدا نەك (حەبیبە). لەم قەسیدەوە دەرئەکەوێ کەوا نالی مردنی باوکی یارەکەی بە سەرەتای دەرووی خێر لێکرانەوەی خۆی و یارەکەی دائەنێ و لەوە زیاتر ئەوەشی لێ وەدەرئەکەوێ کە یارەکەشی حەزی لەم بووە و ویستوویەتی شووی پێ بکا، بەڵام باوکی نەیویستووە و نەیهێشتووە، یا لەبەر ئەوە کە کابرایەکی دەوڵەمەندی پیسکە بووە و ترسی

ئەوەی لێ نیشتووە بەشێ لە میراتەکەی لە ڕێگای بەشوودانی کچەکەیەوە بچێ بۆ نالی[٢١]، یا لەبەر ئەوە کە نالی دەسەڵات و سامانێکی نەبووە و باوکی کچەش ویستوویەتی بەکەسێکی دەسەڵاتداری بفرۆشێ. نالی لەم قەسیدەیەدا دڵخۆشیی یارەکەی بەوە ئەداتەوە کەوا هەرچەندە باوکیەتی مردووە و کۆستی بەوە کەوتووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو باوك مردنە ڕێگای بە یەکگەیشتنیان بۆ ئەکاتەوە و بە مژدەی بەهاری ژیانی هەردووکیانی دائەنێ.

نالی لەم قەسیدە پڕ لە مژدەی کامەرانییەدا کە بە ناو بۆ لاواندنەوەی باوکی یار و دڵدانەوەی یاری داناوە، ئەڵێ:

ماتەم، وەکو زولفەینی سییەهـ، گرتی سەراپات
پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات[٢٢]
تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان
تۆ خۆش بی، صەدەف بوو بە فیدات، دوور بی لە ئافات

---

٢١- من بۆیە وا بۆ ئەم مەسەلەیە چووم چونکە شیعرەکەی نالی وا ئەگەیەنێ پاش مردنی باوکی یارەکەی، هیچ کۆسپێك لە ڕێگای بە یەکگەیشتنیاندا نەماوە. ئەمەش ئەبێ وا بگەیەنێ ئەم کابرا لە کچەکەی بەولاوە میراتگرێکی تری نەبووبێ، ئەگینا لەوانەبوو ئەوان ببن بەتەگەرەی ڕێگای شووکردنی کچەکە بە نالی.

٢٢- لە کاتی نووسینی ئەم باسەدا مەعنایەکی تری ئەم بەیتەم هات بە دڵدا، جیا لەو مەعنایانەی لە (دیوانی نالی)یەکەماندا نووسیومانن. ئەویش ئەوەتە کە مەبەست لە (بەیدەق) داخوازیکەرانی کچەکە بێ، واتە: شا (کە باوکی کچەکەیە) مرد و خەفەتی ئەم مردنە پەردەیەکی بەسەر کۆ کردنەوەی داشەکاندا (کە داخوازی کەرەکانن کە بۆ خوازبێنی بە دەوری شادا کە باوکەکەیە کۆئەبوونەوە) هێنا کە هێرش بەرنە سەر (ڕوخ)ەکەت کە ڕووتە. بەڵام تو خوا بڵێی ئەم یارەی نالی لەم هەموو هونەرکارییانەی نالی حاڵی بووبێ، یان نالیی کوڵۆڵ بەم شیعرە ورد و ناسکانەی گوێزی بەسەر گومەزیدا هەڵداوە؟

بـۆ فـەوتـی صەدەف حـەیـفـە بـڕێژی دورەری ئـەشك
ضایــع مــەکــە دوڕدانــە بــە غــارات و خــەسارات

تا ئەڵێ:

بـەس گـریـە بـکـە بـۆ پـودەر و بـابـی حـیـجـابت
بـێ بـابـیـی تـۆ مـووریـثـە بـۆ وەصڵ و مـولاقـات

بـێ بـابـیـیـی تـۆ بـۆ مـن و تـۆ بـابـی فـوتـووحـە
بـێ بـابـیـی تـۆ خـواسـتـەیـیی مـن بـوو بـە ئـاوات

بـێ بـابـی مـورادی مـن و تـۆ بـوو بـە تـەمـەنـنـا
بـێ بـابـی دوعـایـی مـن و تـۆ بـوو بـە مـونـاجـات

ئـەو بـابـە کـە فـەتـح و ظـەفـەری قـەلـعـەیـە قـەلـعـی
بـا قـەلـعـی بـکـا زەلـزەلـەیـی هـازیـمـی لـەذذات

ئەو پیری خەرەف، ئافەتی مەردیی و صەفا بوو
تۆ شۆخ و جوان، دووربی لە ئافات و خەرافات

ئـەو فـەوت و وەفـاتـە سەبـەبـی عـەهـد و وەفـاتـە
چوو صاعیقەیی بەردی عەجووز و گول و مول هات

تا دوایی...

لەوانەیە لەم بەیتەی پارچە شیعرێکی تریشیەوە دەرکەوێ کەوا ئەم یارەی نالی سەرەنجام دەستی بە ڕوویەوە ناوە و لەو گفت و پەیمانانەی پەشیمان بووەتەوە کە لە پارچە شیعری پێشووەوە بۆمان دەرکەوت دابوویێ و نکوولیی لەوە کردووە کە شووی پێ بکا. بەیتەکە ئەمەیە:

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)
وەبـزانـە خـوێنـی خـۆمـە، یـا مـیـنـنـەتـی ڕەقـیبـە

ئـەم بـۆچـوونـەمـان لـە پـارچـە شیعرێکی تـریـەوە زیـاتر ئـەچـەسپێ کە

نیشانەی ئەوەی تیایە کەوا نالی تا پاش ڕووخانی میرنشینی بابان و چوونی بۆ حیجاز، هەر بە هیوای (حەبیبە) بووە و کە لەولاوە بە ڕووخانی بابانەکان پشتی شکاوە و لەم لایشەوە ئەم هەر دڵی نەداوەتێ، ئیتر هیچی شك نەبردووە بە کوردستانییەوە ببەستێتەوە و بۆیە لێی داوە ڕۆیشتووە:

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە
نەی شەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە
عـادەتـێکـی هـەیـە هـەرگـیـز لـە کەسێ نـاپرسێ
زاڵـمـێکـی وەیـە قـەت خـەوفـی خوداوەندی نـیـیـە

تا ئەگاتە ئەوە کە ئەڵێ:

طالیبی ڕاهی (حیجاز)م، لە (موخالیف)هەڵدەن
بێ (نەوا) قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە

هەروا لە شیعرێکی تریشیەوە دیاری ئەدا کەوا تا دواییش (حەبیبە)ی هەر بۆ نەبووە و ئەمیش، لە ناچاریدا، دڵخۆشیی خۆی بەوە داوەتەوە کە بە خـەیـاڵ هـێـنـاویـەتـی و گـوێزاویـەتـیـەوە و وێـنـەیـەکی شاعیرانـەی بۆ ئـەم خۆخەڵەفاندنە لە خەڵوەتخانەی بیریدا دروست کردووە:

جـەنـانـی وەك جـیـنـان کـردم بـەمـأوا
(حـەبـیـبـە)ی مـاڵـیـاوا، مـاڵـی ئـاوا
حـەڵاڵـی بـێ نیکاحی حووری عـەینـم
بـەجـووتـێ نـاظـیـری شەرع و فـەتـاوا
زەفـافـەتـگـاهـی پـەردەی ئـاڵـی چاوم
مـوبـارەك حـەجلـە بـێ بـۆ بـووك و زاوا
صـیـداقـی ڕوونماو و وەصڵـی شاهـیـد
لـەگـەڵ شایـیـکـەران بـێ دەنگ و داوا

ویصالی بێ کەم و کەیفی حوضووری
لە (نالی) گەر دەپرسی، یەعنی ئاوا

لە شیعرەکانی تری نالیدا کە شەقڵی سەردەمی پیرییان پێوە دیارە و دیارە پاش دەرچوون لە کوردستان وتوونی، باسی (حەبیبە) بەرچاو ناکەوێ. دوور نییە لەگەڵ بەجێهێشتنی کوردستاندا ویستبێتی ئیتر یادی ئەویش لە دڵ دەرکا و لەوە زیاتر برینی دەروونی نەکولێنێتەوە و ئەو خۆشەویستییە پڕ کەفوکوڵەی بە نیشتمانە ئازیزەکەی ببەخشێ وەك لە قەسیدە شارەزوورییە مەزنەکەیەوە دەرئەکەوێ کە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی سۆزی وڵات و تینی ئاگری دووری لە نیشتمان[٢٣].

---

٢٣- هەرچەند من لەم باسەمدا، پشت بە شیعری نالی خۆی، ویستوومە نالی بناسمەوە، بەڵام چونکە جێگەیەکی لێرە باشتر شك نابەم، بە پێویستی ئەزانم ئەو هەندە زانستە بخەمە بەرچاو کە کاك کامەران قەرەداغی لەبارەی (نالی) و (حەبیبە)وە لە خوالێخۆشبوو شێخ مستەفای باوکی بیستبوو بۆی گێڕامەوە. شێخ مستەفا ئا ئەمەی بۆ کامەرانی کوڕی گێڕاوەتەوە:

...پاش ئەوەی نالی ئەگاتە ئەستەمووڵ و دەست ئەکا بە شیعر بڵاوکردنەوە لەناو کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانیدا و تەنانەت بە تورکییش شیعر ئەڵێ، کەسێك هەندێك لەو شیعر تورکییانەی کە بۆ (حەبیبە)ی وتوون، ئەخوێنێتەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی. شیعرەکان کارێکی زۆر لە سوڵتان ئەکەن. سوڵتان کە بە ڕازی دڵدارییەکەی نالی و حەبیبە ئەزانێ زۆر دڵگران ئەبێ کەوا نالی بە مرادی دڵی خۆی نەگەیشتووە، فەرمانێك دەرئەکا کەوا حەبیبە لە قەرەداغەوە بێنن بۆ ئەستەمووڵ و مارەی ببڕن لە نالی، تەنانەت ئەگەر بەمێردیش بێ، بە زۆر تەڵاقی لە مێردەکەی بسێنن و بیهێنن. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت لە قەرەداغ و مەلایان و پیاو ماقووڵانی ناوچەکە لایان شوورەیی ئەبێ ژنێکی بەمێرد لە مێردەکەی زەوت بکرێ و لە قەرەداغەوە بنێررێ بۆ ئەستەمووڵ. بۆیە دێن مەزبەتەیەك ڕێك ئەخەن و مۆری ئەکەن و ئەینێرن بۆ بارەگای سوڵتان کەوا (حەبیبە) مردووە. کە ئەم هەواڵە بە نالی ئەگاتەوە، دەس ئەکا بەدانانی شیعری ناسك بۆ لاواندنەوەی حەبیبە.

لەم سەرگوزەشتەوە - ئەگەر ڕاست بێ - دەرئەکەوێ کەوا نالی کۆمەڵێ شیعری =

له جێی خۆیایەتی لێرەدا ئەوەش بڵێم کەوا ئەگەر تەنانەت نالی (حەبیبە) یا ژنێکی کەشی هێنابێ، منالّی نەبووە. بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم ئەم تاقە بەیتەیەتی:

شیعرەکانم، کە جگەرگۆشی منن، دەربەدەرن
دڵی (نالی) چ ڕەقە، قەت غەمی فرزەندی نییە

## ١١

نالی قەسیدەیەکی لە باسی گوێرێژەکەیدا هەیە. لەم قەسیدەیەوە چەردەیەکمان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم شاعیرە مەزنەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە. ئەمە کە نالی خاوەنی گوێرێژێکی وا بووە، نیشانەی ئەوەیە پاش فەقێیەتی ماوەیەك لە لادێدا ژیاوە. بۆیە ئەڵێن پاش فەقێیەتی چونکە تا ئێستا کەس نەیبیستووە فەقێ گوێرێژی هەبێ. بۆیەش ئەڵێین لە لادێدا ژیاوە، چونکە تەنانەت لەمەوپێشیش بەدەگمەن مەلای وا لە شاردا بووە کە گوێرێژی ببێ. بەو سیفەتانەی گوێرێژەکەشدا کە نالی باسیان ئەکا دەرئەکەوێ کە ئەبێ ئەم گوێرێژەی لە شارەزووردا نەبووبێ، چونکە ئەو وای وەصف ئەکا کە «تەیکەری هەوراز و لێژ» بووە و دیارە ئەم هەوراز و لێژەش کە لەوانەبێ تەیکردنی ببێ بە مایەی شانازی بۆ گوێرێژێك، نابێ لە شارەزوورا بێ، چونکە شارەزوور هەوراز و لێژی وای نییە شایانی

---

= ناسکی بە تورکییش بووە و بەشێکی بۆ حەبیبە داناوە. هەروا دەرئەکەوێ کۆمەڵێ شیعری لاواندنەوەشی بۆ کۆچکردنی حەبیبە وتووە. ئێمە هیچ کام لەم شیعرانەمان دەسگیر نەبووە کە ئەگەر هەبن ڕەنگە لە کون و قوژبنی هەندێ کتێبخانەی ئەستەموولّدا دەسگیر ببن.

بەڵام تێکرا لەم دەمگێڕ [روایە]وە ئەگەینە ئەوە کە ڕاستە نالی دیوانێکی شیعری بووە لای ژنێکی تورکی بووە کە لە ئەستەموولّ مارەی کردووە، ئەو ژنە پاش مردنی نالی ئەو دیوانەی فەوتاندووە.

ناوهێنان بێ. کە ئەوەشمان هاتەوە یاد نالی لە قەرەداغ خوێندوویەتی و بەڵکو قەرەداغ یەکێك بووە لە مەڵبەندەکانی مکایەڵی کە نالییش جافی مکایەڵییە و مەشهووریشە حەبیبەی دۆستیشی قەرەداغی بووە، ئەگەینە ئەوە کە زۆر نزیکە نالی لە قەرەداغ ئەم گوێرێژەی بووبێ، واتە ماوەیەك لە دێیەکی قەرەداغ مەلایەتیی کردبێ و مەلایەکی لات و هەژاریش نەبووبێ.

کە ئەو بەیتەشی بێنینەوە یاد کە ئەڵێ:

دڵی (نالی) کە ئەنیسی قەرەداغە ئێستەیش
داغی (سەرچاوە) وو (دێوانە)یی دار و دەوەنە

ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە مەلایەتییەکەشی لە (زەردیاوا) بووە، چونکە (سەرچاوە) گەڕەکێکی (زەردیاوا) بووە.

ئەمەش تەواوی قەسیدەکەی کە بووە بەبیۆگرافیا بۆ گوێرێژەکەی:

هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ طەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و گوێ درێژ

بن زگ و جەبهەت سپی، کلك و سەر و دامەن سیا
یەککەتاز و سێ بڕ و دووباد و شەش دانگ و درێژ

کەللە وەك جەڕڕەی شەرابی پڕنیشاط و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ، ئاهوویی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ

مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهوو شکەم، مەیموون قەدەم
سم خڕ و کلك ئێستر و مەنزڵ بڕ و عارەق نەڕێژ

زەرق و زەڕڕاقیی وەکوو خاکستەر ئەمما بێ غوبار
بەرق و بەڕڕاقیی وەکوو پیرۆزە لاکین بێ کرێژ

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنیگوون
چاو وەکو بیجادە یا دوو شەوچراغی شوعلەڕێژ

گـویٚ درێژی بـار و كـورتـان بـەرز و پـالاٚنـی بـەزێن
چـوست و وریـاتـر لـە كـویٚ كـورتـانـی پـالاٚنـیـی و گێژ

قـانـیـعـی بـابـی ڕەضا و ڕاضی بـە پـووش و دڕك و داڵ
سالـیـكـی صەبـر و تـەحـەمـمول، بوردەبـار و هـیـچ نـەوێژ

عـاقـڵـیٚ بـوو نـاوی كـەر بـوو، قـاطـیـعـی ڕێگـەی سەفـەر
خۆش سولووكتر بوو لە صەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ

(صائـم الـدهـر)ی بـەڕۆژ، ئـەمـمـا بـەڕۆژووی بـیٚ نـیـیـەت
(قـائـم الـیـل)ی سولـووك، ئـەمـمـا سولـووكـی بـیٚ نـوێژ

چـەنـدە پـێم خـۆش بـوو زوبـانـی حـاڵـی دەیگوت «نـالـیـا»
هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گویٚ كورت و ئەمنیش گویٚ درێژ

**١٢**

هەر لە شیعری نالی خۆیەوە دەرئەكەویٚ كەوا پاش ڕووخانی میرنشینیی بابانەكان سلێمانیی بەجیٚ هێشتووە و چووە بۆ حەج و مەدینە و پاشان لەوێوە چووە بۆ ئەستەمووڵ. لە پارچە شیعرێكی تریشیەوە دیاری ئەدا كەوا لەم سەفەرەیدا ماوەیەكی باشیش لە مەككە ماوەتەوە و پاشان لە ژیانی ئـەویٚ بـێزار بـووە، بـۆیـە بـڕیـاری ڕۆیشتـنـی داوە. هـەروا لـە شیعریشیـەوە دەرئەكەویٚ كەوا سەفەرێكی تریشی بۆ مەدینە بووە. ئەم دوو سەفەرەی حیجازی نالی جارێكیان پاش كۆچ كردنیەتی لە كوردستان كە هێشتا هێز و گوڕێكی تیا بووە و جارێكیشیان بە پیری بووە. جا ئەگەر ئەم بۆچوونەی من لە جێی خۆیدا بیٚ و ڕاست بیٚ و ئەوەش ڕاست بیٚ كە نالی لە شامەوە قەسیدە درێژەكەی بۆ سالم نووسیوە، وا ئەزانم كاتیٚ نووسیویەتی كە لە ئەستەمووڵەوە هاتووە بۆ سەر لێدانەكەی دووەم جاری مەدینەی؛ چونكە ئەو سۆزەی لەم قەسیدەیەیدا دەری بڕیوە سۆزی كەسێك نییە تەنیا چەند

ساڵێکی کەم بێ نیشتمانەکەی بەجێ هێشتبێ، بەڵکو سۆزی دوورییەکی زۆر و دوور و درێژە و لام وایە ئەو بەیتەشی کە ئەڵێ:

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ

ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوطوور

ئەم بۆچوونەم زیاتر جێگیر ئەکا، چونکە ئەگەر ماوەیەکی زۆری لە وڵاتی غەریبیدا بەسەردا نەڕۆیشتایە، ترسی لەبیرچوونەوەی نەئەبوو.

بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان و بەڕیز بەڵگەی یەکەیەکەی ئەڵقەکانی بۆچوونەکەمان بخەینەڕوو.

نالی قەسیدەیەکی ٧٤ بەیتیی هەیە بەئاشکرا لێیەوە دیارە کەوا بە ڕێگای مەککە و مەدینەوە وتوویەتی. سەرەتای ئەم قەسیدەیە ئەم بەیتەیە کە ئەڵێ:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتا کەی حیرصی وێرانە

لەگەڵ ئەم عیشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە

ئەم نەفسی خۆ شوبهاندنەی نالی بە بایەقوش کە لە وێرانەدا نەبێ هێلانە ناکا و ناحەسێتەوە و داواکردنی لە خۆی کە وێرانە بەجێ بێڵێ و وەك بازێکی ئازا لەگەڵ عاشقانی ڕاستیدا ڕێگا بەرەو مەککە و مەدینە بگرێتەبەر، نیشانەیەکی – بەلای منەوە – ئاشکرای ئەوەیە کە پاش داگیرکرانی وڵاتی بابان وتوویەتی و کەواتە مەبەستیشی لە وێرانیی وڵات نەمانی فەرمانڕەواییی بابانەکانە و ئەبێ نالی خۆی پاش تێکچوونی دامودەزگای بابانەکان ماوەیەك لە سلێمانی مابێتەوە و پاشان لەتاو باری ناخۆشی ژیانی نوێی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران تەنگ بەدڵ و دەروونی هەڵچنرابێ و لە زیارەتێکی بەیتوڵڵا و قەبری پێغەمبەر بەولاوە چارەیەکی بۆ لادانی ئەو دژوارییانەی ژیان و مایەیەکی بۆ سەبووری هاتنەوەی دڵ، نەهاتبێتە بەرچاو.

بەیتی دووەم و سێیەمیش لەم قەسیدەیەدا زیاتر ئەم بۆچوونەم ئەچەسپێنن. بەتایبەتی بەیتی سێیەم کە پلارێکی توندی تیا گرتووەتە ئەوانەی قایلن بە ژیان بەسەرشۆڕییەوە و ملیان لە ئاستی ستەمکاراندا لە موو باریکترە. ئەو دوو بەیتە ئەمانەن:

موسوڵمان، لێرە مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ
پەشیمان بە کە دەرمانی نەمانت مایەی ئیمانە

بڵا بۆ کوندەبوو بێ، مفتی مشك و ماری کەندوو بێ
خەطیرەی گەنجی وێرانە، ذەخیرەی کونجی کاشانە

لە لایەکی کەشەوە ئەم قەسیدەیەی نالی بەجۆرێك باسی ڕێگای مەککە و مەدینەی تیا ئەکا، پڕە لە وێنەی نوێی وا کە لەوەوپێش ئەدەبی کوردی بەخۆیەوەی نەدیوە و لەوانەیە وێنەی لە ئەدەبی هیچ گەلێکی موسوڵمانی تریشدا نەخرابێتە سەر کاغەز. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە نالی لە یەکەم سەفەری مەککە و مەدینەیدا وتوویە. ئەگەر وا نەبێ و پێشتر دیمەنی ئەو ڕێگایە بە چاو و بیری ئاشنا بووبێ، هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەوە نەئەبوو کە جاری پێشوو بێ دەنگ بێ و ئەمجارە وا بەم شێوە هونەرمەندانەیە بیخاتە بەرچاوی خوێندەواران، چونکە هەموو شتێ بە تازەیی لە بەرچاوتر و دڵگیرترە. سەرەڕای ئەوە ئەم بەیتانەی قەسیدەکەش کە تیایانە ئەڵێ:

ئەگەر چی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضڵی مەننانە

بەسەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مثقاڵە ذەڕڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

ئەوە ئەگەیەنن کە ڕاستەوخۆ لەپاش هاتنی لە کوردستانەوە وتوونی.

نالی پارچە شیعرێکی تریشی هەیە هەر لە مەککە وتوویەتی. لەم پارچە

شیـعـرەیـەوە دەرئـەکـەوێ کـەوا لـەم سەفـەرەیدا مـاوەیـەکـی زۆر لـە مـەککـە ماوەتەوە. بەڵام بەوەدا کە لە قەسیدەی پێشوو دەرکەوت کەوا لەگەڵ قۆناغ قۆناغی سەفەرەکەی وتوویەتی و بەشێکی پێش گەیشتنە مەککە و بەشێکی پێش گەیشتنە مەدینە وتووە، ئەبێ بڵێین کە سەفەری حەجی کردووە و چووەتە زیارەتی مەدینە، ئەنجا گەڕاوەتەوە مەککە و ئەمجارە زۆر لە مەککە ماوەتەوە و لەوێ پارچە شیعری بێزارییەکەی وتووە و مەککەی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ ئەستەموڵ.

با جارێ پارچە شیعرەکە بخەینە بەرچاو، ئەنجا بگەڕێینەوە سەر باسەکانی خۆمان و ئەنجامی پێویستی خۆمان لە شیعرەکانی وەربگرین.

نالی لەم پارچە شیعرەیدا ئەڵێ:

وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم
دەرکـراوو دەربـەدەر، یـا ڕەب دەخـیـلـی عـەفـوی تـۆم

دەفـتـەری ئـەعـمـالـی مـن بـێ قـەطرەیێکی ڕەحمـەتت
کەی بە صەد زەمزەم سیاهیی نوقطەیێکی لێ دەشۆم

کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە، من چاوم ضەعیف
لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم

بۆ جیواری حەق لە هەرچی صیدقی نییەت کافییە
مـن لـە بـەیـتـوڵـڵاهـ ئـیـنشەڵـڵا بـیـئـیـذنـیـلا دەڕۆم

لـێم حـەرامـە دانـەوو ئـاوی حـەمـامـاتـی حـەرەم
مـن کـە بـازی دیـدەبـازم نـەك شەوارەی دەسـتـەمـۆم

تابەکەی وەك ڕاوییە و وەك سانییەی سێ پەل شکاو
بێ طەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم

مـن لـەوانـەم چـی کـەوا ئـەهـلـی وەسیلـە و مـەسئـەلـەن
عامیل و ناچار و مەعذوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم

خەوفی من لێرە لەبەر زۆریی گوناهە یەك بە صەد
گەرچی عاصی و موذنیبم ئەمما موقیرڕ و بێ درۆم

شادمــانــی بــێ وەفــایــە، یــاری تــێری و مــەستــیــە
یاری تەنگانەم غەمە، با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم

لامــەدە «نــالــی» لــە ئــەنــبــاری جــیــرایــەی صالّــحــان
گــەرچــی ببیــە خــۆشەچــیــنــی دانــەیی خــەرمــانــی ڕۆم

ئەوەندەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە وا نالی لەم شیعرانەیدا وتی ئەیەوێ بە ڕەنجی شانی خۆی بژی و بە سواڵ و سەدەقەی خێرومەندان ڕازی نابێ و ئارەزووی لەوەیە بە دەستی خۆی پارووە نانێك بۆ خۆی پەیدا بكا و نایەوێ وەك كۆترەكانی ناو حەرەمی كەعبە بە دانەوێڵە بۆ ڕشتنی خەڵك بەڕێوە بچێ و بۆرە ئیشارەتێكیشی بۆ ئەوە كرد كە نیازی چوونی بۆ وڵاتی ڕۆم هەیە با لەوێیش بە گوڵۆچنیكردن بژی.

ئەوەی لەم شوێنەدا بەتەنگەوەین لەم پارچە شیعرەی وەربگرین دوو شتە: یەكەم ئەوەیە نالی كاتێ ئەم پارچە شیعرەی وتووە كە هێشتا گوڕی ئەوەی پێوە بووە بە شان و قوڵی خۆی بنازێ كەوا نانی پێ پەیدا ئەكرێ.

كە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەر لە یەكەمجاری كوردستان بەجێهێشتن و هاتنە مەككەیدا وتوویەتی. دووەمیش ئەوە كە ئەم پارچە شیعرە بەراورد بكەین بەو پارچە شیعرەی تری كە بە پیری بەڕێگای زیارەتی قەبری پێغەمبەرەوە وتوویەتی كە تیا ئەڵێ:

ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادەوو كەوتووم
تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شكستەم، كە بەسەرچووم
قوربانی وەفاتم

لێرەدا کە گەیشتینە ئەوە نالی دوو ماوەی بوونی لە مەککە و مەدینەدا بەخۆیەوە دیوە، ماوەیەکی کامڵی کە ئەوەبوو دوو پارچە شیعرە پێشووەکەی تیا وت و ماوەیەکی پیری کە ئەمەی دواییانی تیا وتووە، خۆ پێشتریش بە شیعری نالی خۆیدا بۆمان دەرکەوت کە جاری یەکەم مەککەی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ وڵاتی ڕۆم، کەواتە وا بە ئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ نالی دوو سەفەری حیجازی هەیە و مادەم لە کاتی سەفەری یەکەمیاندا بە گوڕ و کاسبی لێهاتوو بووە و لە سەفەری دووەمیاندا پیر و ئوفتادە و لێکەوتوو بووە، دیارە ئەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا ئەبێ هیچ نەبێ ١٥ ساڵێك لە نێوان ئەم دوو سەفەرەیدا بووبێ. ئەمەمان بۆ ئەوەش بەکەڵك دێ کە قسەکەی پێشوومانی پێ بە خوێندەواران بسەلمێنین کە وتمان نالی گەلێ لە ٥٦ ساڵ زیاتر ژیاوە.

## ١٣

لە شیعری نالی خۆیدا نیشانەیەکی ئەوەش هەیە کە سەری لە میسریش داوە. ئەو نیشانەیەش لەم چوارینە فارسییەوە دەرئەکەوێ:

سوی مصراست مرا عزم از این لجەء غم
تا که در نیل کشم جامە ز بیداد و ستم
میرود (نالی) از اینجا چو حریص از دنیا
با لب خشك و کف خالی و چشم پر نم

واتە: نیازی ئەوەم هەیە خۆم لەم گێژاوی غەمە دەرباز کەم و بڕۆم بۆ میسر، تا بۆ دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایی لە جەور و ستەم، کراسەکەی خۆم لە ئاوی نیل هەڵکێشم، شین ببێ.. نالی ئەم وڵاتە بەجێ دێڵێ و کە ئەڕوا خۆی بەو دەوڵەمەندە ڕژدە تەماعکارە ئەشوبهێنێ کە ئەمرێ، لە لێوێکی وشك و دەستێکی خاڵی و چاوێکی پڕ لە فرمێسك بەولاوە هیچ لەگەڵ خۆی نابا..[٢٤] جا

٢٤- مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو (بەکەمێك دەسکارییەوە)، ل٣١٣.

ئەبێ ئەم چوونی نالییە بۆ میسر کەی بووبێ؟ باری کەوتنی ڕێگای سەفەری لە کوردستانەوە بۆ حەج و چوونی لەوەوپاشی بۆ ئەستەمووڵ و ناوەڕۆکی چوارینەکە خۆیشی بە لای منەوە وا ئەگەیەنن پاش ئەوە بووە کە یەکەم جار لە کوردستانەوە چووە بۆ حەج و زیارەتی قەبری پێغەمبەر. ئەو بەڵگانەش کە پێشتر هێنامنەوە بۆ ئەوەی کە قەسیدە درێژەکەی لە شامەوە بۆ سالم لە سلێمانی، پاش چوونە ئەستەمووڵ و هاتنی جاری دووەمی بۆ حەج دای ناوە، پشتگریی ئەم بۆچوونەی ئێرەم ئەکەن. دیارە لەم حاڵەدا ئەبێ ئەم بۆ میسر چوونەی و بەم جۆرە میسر نیشاندانەی نیشانەیەکی دەنگدانەوەی شوێنی ئەو ڕۆژەی میسر بێ لە جیهانی ئیسلامدا کە لە ژێر دەستی عوسمانی دەرچووبوو، بەڵکو سەردەمێکیش بەربەرەکانێی ئەکرد و ئەیویست خۆی دەوڵەتێکی تازە بابەتی ئیسلامی لە عەرەبستانی ڕۆژهەڵاتدا پێکەوەبنێ و ئەوەبوو ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنی میسری نوێ، زۆربەی وڵاتی شامی ئەو ڕۆژەی داگیر کرد و تەنگی بە دەوڵەتی عوسمانی هەڵچنی، بەڵام دامەزرانی دەوڵەتێکی نوێ و تازە بابەت لەسەر کەلاك و دار و پەردووی دەوڵەتی کەوتووە گیانەڵای عوسمانی، پێچەوانەی سوودی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بوو، بۆیە بە هاواری عوسمانییەوە چوون و ئیبراهیم پاشایان ناچاری پاشەکشە کرد. هێنانەوە یادی ئەوەش کە مەشهوورە پێوەندییەك لە نێوان ئیبراهیم پاشا و میری گەورەی ڕەواندزدا بووە کە تەقەلای خۆیان دژی دەوڵەتی عوسمانی یەك بخەن و[٢٥] ئەوە کە بابان بە دەستی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچووە و میسریش سەربەخۆیی خۆی لە چنگی دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار کردووە، باشتر پشتی تێکڕای ئەم بۆچوونەمان ئەگرن.

لەم چوارینەدا شتێك هەیە بەلای منەوە سەرنجڕاکێشە. ئەوەش

---

٢٥- حسین حزنی موکریانی، بەکورتی مێژووی میرانی سۆران، ل ٦٦ - ٦٧، چاپی یەکەم، ڕەواندز ١٩٣٥.

بەکارهێنانی هەندێ وشەی وەك (لجە)ی بە مەعنا گێژاو و (لب خشك)ی بە مەعنا لێوی وشك و (کف خالی)ی بە مەعنا دەستی بۆش و (چشم پر نم)ی بە مەعنا چاوی پڕ لە دڵۆپی فرمێسکە کە هەریەکەیان دوو ئیشارەت واتە جۆرە تەورییەیەکی تیایە. ڕووی سەرنجڕاکێشانەکەش ئەوەتە لەوانەیە ئەم وشانە سەرەڕای ئەوە کە ئیشارەتن بۆ خەم و خەفەتی دەروونی نالی بەهۆی ڕووخانی دەوڵەتی بابانەوە، نیشانەی ئەوەش بن کە بە پاپۆڕ ڕۆیشتبێ بۆمیسر، واتە دوای سەفەری حەجی لە ڕێگای دەریاوە چووبێ بۆ میسر و پاشان چووبێتە شام و ئەستەمووڵ، چونکە گێژاو لە دەریادایە و ڕێبواری ئەوسا لە دەریادا تینووی بووە، چونکە ئاوی دەریا سوێرە و دەستی خاڵی بووە، چونکە دەریا بۆ ڕێبوارێکی وەك ئەو مەیدانی کاسبی نییە و هیچی لە دەریا بۆ هەڵنەکرێنراوە و چاوە پڕ لە دڵۆپەکەشی ئیشارەت بێ بۆ باران بارینی سەر ڕووی دەریا.

## ١٤

بەبۆنەی قسە لە سەفەر و گەڕانی نالییەوە شتێکی بەجێیە ئەگەر هەر لەم دەوروبەرەدا باسی ئەوەش بکەین کەوا لە شیعریدا چەند ئیشارەتێکیش بۆ هێزی هەڵم و بە سووتەمەنیکردنی بەرد هەیە لەوانەیە وا بگەیەنن نالی پاپۆڕ یا شەمەندەفەری وای دیبێ کە بەهێزی هەڵم یا بە سووتاندنی خەڵووزی بەرد بەڕێوە بچێ، یا هیچ نەبێ باسی شتی وای بیستبێ.

نالی لە قەسیدەی:

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە<br>
لوطفێ بکە، بفەرموو: مەدینەی منە و وەرە

دا، کە بە بیر و باوەڕی من لە سەفەری یەکەمی مەدینەیدا وتوویەتی، لەبەرئەوە کە قەسیدەیەکی بیندرێژە وەك قەسیدەکەی «ئەلا ئەی نەفسی

بووم ئاسا» و لەو بابەتەشە و لەبەر ئەوەش کە لە دوا بەیتیدا ئەڵێ:

رۆژی جەزا ڕجا بکە بۆ «نالی»ی دەربەدەر
چون لەم جیهان گوناهی گەلێ زۆر و ئەکثەرە

کە باسی دەربەدەریی خۆی پێ ئەکا و دوور نییە مەبەستی کوردستان بەجێهێشتنەکەی بێ.. بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان.. نالی لەم قەسیدەیەیدا بەیتێکی هەیە وەك لە دیوانەکەشدا نووسیومانە لامان وا نییە بە تەواوی بۆمان ڕاست کرابێتەوە. بەیتەکە ئەمەیە:

ئەکثەر کەسینە تابیعی بەرد و حەرارەتە
یەعنی وەقوودی نارە، بوخاری موسەییەرە

هەرچەند مەعنای ئاشکرای ئەم بەیتە لە گەرمای ئاگر و سەرمای زەمهەریری دۆزەخ ئەدوێ و قسە لەو بەردانە ئەکا کە لە قورئاندا هەیە کەوا لەو دنیا ئەکرێن بە سووتەمەنیی ئاگری دۆزەخ و ئەڵێ هەڵمی کوڵانی دۆزەخییەکان ئەچێ بە ئاسماندا، یا هەڵمی هەناسەیان لەتاو ئێش و ئازار بەرز ئەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دیسان دووریش نییە کەوا نالی لەسەر شێوەی وردەکارییەکەی خۆی تەورییەکارییەکیشی کردبێ و بە وشەی (بەرد) ئیشارەتی بۆ (خەڵووزی بەرد) و (وەقوودی نار) ئیشارەتی بۆ بە سووتەمەنی کردنی خەڵووزی بەرد و بە (بوخاری موسەییەر) بۆ (موسەییری و بەڕێوەبەریی بوخار) کردبێ. بەش بەحاڵی پاپۆڕ ئەوە هەر لە مێژدا بووە. بەش بەحاڵی شەمەندەفەریش، ئەوە شەمەندەفەر لە ۱۸۵۷ ەوە لە میسردا کەوتووەتە گەڕ. نالییش، وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، پاشتر مردووە و ڕێی تێ ئەچێ بە پاپۆڕ چووبێ بۆ میسر و لەوێ شەمەندەفەری بۆ یەکەم جار دیبێ، یا هیچ نەبێ هەر لە مەککە و مەدینە باسی پاپۆڕ و شەمەندەفەری لە دەمی حاجییان بیستبێ. خۆ ئەگەر لە سەفەری دووەمیدا بۆ مەدینە ئەم قەسیدەیەی وتبێ، ئەوە مەیدانی بۆچوونەکەمان گەلێ

فراوانتر ئەبێ چونکە دیارە پێشتر گەلێ جار پاپۆڕ و شەمەندەفەری دیوە و دوور نییە سواریشیان بووبێ.

## ١٥

نالی مەلا بووە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لە مەلایەکی وەك ئەو چاوەڕوانی ئەکرا کە لە سەردەمێکی وا دواکەوتووی ڕۆژەڵاتی موسوڵمانانداژیابێ، مەلایەکی ئەوتۆ بووە لە بەرانبەر نەریتە دیمەنییەکانی ئایندا بێ پەروا و خۆی بە شتی بێ ناوکەوە نەبەستووەتەوە. لەوانەیە هەڵوێستی وا بەش بەحاڵی ڕۆشنبیرێکی ئەم چەرخە شتێکی سوك و ئاسان و عادەتی بێ، بەڵام ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین کە ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری مەلاکانمان جیاوازییەکی ئەوتۆ ناخەنە نێوان شتە ناوکییەکانی ئاین و دیمەنە شکڵییەکانی و بەیەك چاو سەیری هەمووی ئەکەن و زۆر کەس لەسەر گوێنەدان بە هەندێ کاروباری بەناو لە ئاین و لە ڕاستیدا لە ئایین دوور تاوانبار ئەکەن – بۆمان دەرئەکەوێ نالی تا چ ڕادەیەك ئازادبیر و چاونەترس و وێرا بووە.

نالی لەو پارچە شیعرەیدا کە بێزاریی لە مانەوە لە مەککەی تیا دەربڕیوە و نیازی لێ دەرچوونی کردووە، بەپێچەوانەی وەختە بڵێم هەموو موسوڵمانێکی بەسۆزەوە کە خوا خوای ئەوەیەتی بگاتە مەککە و لەوێ بژی و ئاو و گڵ و گۆڕستانێکی ئەوێی بە نسیب بکا، بە هەموو بێ پەرواییەکەوە ئەڵێ مادەم بنیادەم لەگەڵ خوای خۆی ڕاست بێ، مەککە و غەیری مەککە چون یەکن و بڕیار ئەدا ماڵی خوا بەجێ بێڵێ و ئەڵێ:

بۆ جیواری حەق لە هەر جێ صیدقی نییەت کافییە
من لە بەیتولڵاهـ، ئینشەڵڵا، بیئیذنیللا دەڕۆم

بەشێکی زۆریش لە دانیشتووانی ماڵی خوا بەوە تاوانبار ئەکات کە خەریکی

مفتەخۆرین و بەناهەق لەوێ دانیشتوون و ئەڵێ ئەبێ برۆن لەم زەمینە پان و بەرینەدا بە رەنجی شان و ئارەقی ناوچاوانی خۆیان بژین:

لـێم حـەرامـە دانـەوو ئـاوی حـەمـامـاتـی حـەرەم
مـن کـە بـازی دیدەبـازم نـەك شەوارەی دەستـەمۆم

تابەکەی وەك ڕاوییە و وەك سانییەی سێ پەل شکاو
بێ طەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم

مـن لـەوانـەم چی کـەوا ئـەهلـی وەسیلـە و مـەسئـەلـەن
عامیل و ناچار و مەعذوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم

هەر لەم بابەتەیەتی، بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە، ئەمە کە هاتووە لە باسی گوێرێژەکەیدا هەندێ سیفەتی وای داوەتێ کە لە سیفاتی ئەو کەسانەن بە خواپەرستییەوە خەریکن. ئەم کردارەی نالی لای بەشی زۆری مەلاکان بە جۆرە سووککردنێکی ئاین و بەبێ حورمەت تەماشاکردنێکی دائەنرێ و زۆرجار ئەبێ بە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی شتی وا ئەکەن بە لە دین دەرچوو بژمێررێن.

قانیع واتە قەناعەتکەر و ڕازی بەوەی خوا داویە و هەمیشە لە ئایندا ڕێزی لێ گیراوە و خەڵك بانگ کراون بۆ ئەوەی وەك ئەو بن و چاوی لێ بکەن.

سالیکیش لە زاراوەی ئەهلی تەسەوفدا بەکەسانێك ئەوترێ کە پایەیەکی بەرزیان لە خواناسیدا ببێ و ڕێگای خاسانی خوایان گرتبێتەبەر. هەروەها (صائم الدهر)یش کە واتە هەمیشە ڕۆژووەوان و (قائم اللیل) کە کەسێکە بەشەونوێژ ڕۆژ بکاتەوە و بەدرێژاییی شەو خەریکی نوێژ و بیر لە خوا کردنەوە بێ. کەچی نالی هاتووە تێکڕای ئەم سیفەتانەی لە خاوەنەکانیان داماڵیوە و بە باڵای گوێرێژەکەی خۆیی بڕیون:

قانیعی بابی ڕەضاو ڕاضی بە پووش و دڕك و داڵ
سالیکی صەبر و تەحەممول، بوردەبار هیچ نەویژ

(صائم الدهر)ی بە ڕۆژ، ئەمما بەڕۆژووی بێ نییەت
(قائم اللیل)ی سولووك، ئەمما سولووکی بێ نوێژ

ئەوەش هەر لەم چەشنەیە کەوا لە قەسیدە درێژەکەی خەوبینینەکەیدا بە (مەستوورە)وە هەندێ سیفەتی وا ئەدا بە (هینەکەی) کە ئێستاش مەگەر شاعیرێکی بەتەواوی یاخی بتوانێ لە غەیری شوێنی خۆیاندا بەکاریان بهێنێ.

شوبهاندنی ڕاستبوونەوەی شتەکەی بەدەستێ کە بۆ پاڕانەوە لە بارەگای خوا بەرزکرابێتەوە، یا بە سۆفییەك کە جەذبەی تەریقەتێکی لێ هاتبێ، یا بەکەسێك کە ڕێگای خاسانی خوای گرتبێتەبەر، یا شوبهاندنی (ئەوەی) مەستوورە بە میحرابی تکاکاری و (هینەکەی) خۆی لەکاتی ئاوهاتنەوەدا بە چاوێ کە لە ترسی خوا فرمێسك برێژێ، یاخیگەرییەکە هیچ کام لە شاعیرەکانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان بەتەقەی تفەنگیش ناتوانن بەجاڕیدا بڕۆن و توخنی بکەون.

گوێ لە نالی بگرن ئەڵێ:

نەرم و خۆش و مونتیج وەکو بەسطی ئودەبا بێ
طوولانیی و بەرجەستە وەکوو دەستی دوعا بێ

شەو نائیم و قائیم، عەلەمی بابی ڕەضا بێ
بێ دیدە هەڵستێ، بە مەثەل عەینی عەصا بێ

مەجذووبی طوروق، مورتەعیشی لەرزش و تا بێ
سالیك ڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی صولەحا بێ

فەرقێکی هەبێ، داخڵی میحرابی ڕەجا بێ
چاوێکی هەبێ غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ

ئەم چەند بەیتەی نالی شانبەشانی ئەوە کە نیشانەی ئەوپەڕی ئازادیی بیرن بەرابەر بە کۆت و زنجیری بیروباوەڕی ئاینی، لە هەمان کاتدا نیشانەی جۆرە نەهەیلیستییەتێکی ئەوتۆیشن لام وایە کەم کەسی ئازادبیر لە ڕۆژهەلاتدا توانیبێتی هەنگاوی وا جەسوورانە لە ڕووی نەریتە کۆمەلایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا بنێ.

## ١٦

فەقێ، هەرچەند زۆربەیان کە بوون بە مەلا، لەبەر سوودی دنیایی بێ، یا بە هیوای گەڕانەوە بێ بۆ لای خودا، بوون بە مەنسووبی شێخێك و تەریقەتیان لەسەر دەستیدا وەرگرتووە، ئەوەش ئاشکرایە کە لە سەردەمی فەقێیەتییاندا، بەهۆی ئەو ژیانی ئازاد و نەبەسراوەی فەقێیەتییەوە کە ڕێکەوتی هەرەتی هەرزەکارییانی کردووە، دانوولەیان لەگەڵ شێخ و سۆفیەتی و دەروێشی نەکولاوە و لەم مەیدانەدا کەڵکیشیان لە تێکستە ئاینییەکان وەرگرتووە بۆ پێ سەلماندنی ناشەرعییەتی شێخیەتی و کار و کردەوەی شێخەکان، هەرچەند پاشانیش تێکستی تریان بۆ دژی بیروڕاکانی پێشوویان، هەر لە ئایندا، دۆزیوەتەوە.

نالییش دیارە لە سەردەمی فەقێیەتیدا فەقێیەکی ئازاد مەشرەب و دڵ بە دنیا و ڕابواردنەکانی دنیا شاد بووە. نیشانەیەکی ئەمەیش دڵچوونیەتی لە (حەبیبە)کەی و ئەو هەموو شیعرانەیە کە بۆی وتووە. ئەمە سەرەڕای ئەو پارچە شیعرە پەردە لە ڕوو هەڵماڵراوەشی کە خەوی بە (مەستوورە)ی شازادەی ئەردەلانەوە تیا دیوە و شەیتانی بووە پێیەوە. کە خوێندنیش تەواو ئەکا و بگرە هەر پێش ئەوەش، بەختی ڕێی ئەخاتە دیواخانی بابانەکان و ئەیکا بە پیاوی کاری ڕۆژانە.. بە پیاوی دنیا و پیاوی ژیان. بەم جۆرە لە چارەی نەنووسرا لووتی بەلووتی سۆفیەتییەوە بتەقێ، بەڵکو هەموو هۆیەك

بۆ ئەوە فەراهەم بوو ڕێیەکی تری ئەوتۆ بگرێتەوە بەر لە هیچ شتێکدا لەگەڵ ژیانی سۆفیەتیدا یەك نەگرێتەوە.

سەرجەمی ژیانی فەقێیەتی و ژیانی ناو دەرباری بابان و بەڵکو ژیانی ئەستەموولی نالی ئەوەی لێ هاتە بەرهەم بیکا بە شاعیرێکی لەگەڵ سۆفیەتی نەگونجاوی وا ژیانی سۆفیەتی دژی ژیان و بەهرە وەرگرتن لە دنیا و تەمەن بەفیڕۆدەر دابنێ، بۆیە هەرچەندە هەلی بۆ هەڵکەوێ دژی بخوێنێ و گاڵتەی پێ بکا و سۆفییەکان بە ساختەچی و ڕیاباز دابنێ و لەم مەیدانەدا هەموو جۆرە وردەکارییەکی مەعنا و هەموو هونەرێکی یاری بە وشەکردن بەکاربێنێ.

سەیرێکی لەم بەیتەدا بکە کە ئەڵێ:

خاطری زاهیدی خاڵی، خاڵی
نییە ئەڵبەتتە لە بێنێکی ڕیا

بڕوانە چۆن هاتووە بڕیاری داوە زاهید ئەوەندە بۆش و هیچ و پووچە، هیچی تیا نییە تەنیا شتێك نەبێ.. جا وردبەرەوە ئەبێ ئەو شتەش چی بێ؟

بۆنێکی ڕیا و ڕووپاماڵی و دووڕوویی و درۆ لەگەڵ خوا کردنە، یا بۆنی پیساییە کە لەوشەی (ڕیا)کەوە دەرئەکەوێ کە فیعلی چاوگی (ڕیان)ە.

لەم بەیتەشدا کە ئەڵێ:

ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت ئەکا
ظاهیرە هەرکەس بە طوول و عەرضی ڕیشیدا ڕیا

هەروەها ڕیشی زاهید بە هۆیەکی دووڕوویی و ڕاستەقینەی خۆ گۆڕین دائەنێ و لە لایەکی کەشەوە وەك ژاژی حەسیر بە سووکی ئەداتە قەڵەم کە هەر بۆ ئەوە ئەشێ بیخەنە ژێر پێ و لەسەری دانیشن و، لەسەرێکی کەشەوە لەبەر سووکی و ڕیاییەتییەکەی ئەم عالەمەی هەموو لە هەردوو سەرەوە

پیا ئەڕپێنیٚ!

سەیرێکی ئەم پارچە شیعرەشی بکەن کە ئەڵیٚ:

بنوارە وشکە صۆفی یو ڕەقصی بە هەلهەلە
دیسان لەبەحری وشکی هەوا کەوتە پیٚ مەلە

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل
هەندیٚ بووە بە مەسجید و هەندیٚ بە مەزبەلە

شێخم چ گەرمە حەڵقەیی ذیکرت بە ڕەشبەڵەك
حاڵی ئەمانە خۆ بەجەنابت موحەووەلە

دائیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو
بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بوویی بەسەرگەلە

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە، حیز و دوون
مەعلوومە چەن بەحیلەیە، عەییارە، چەند دەڵە

تۆ شێخ و ئەو عەجووزە، عەجەب دۆستی یەکترن
بیٚ شاهیدو نیکاحە دیارە موعامەلە

«نالی» سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا
لاییٚ پڕە لە مەشعەلە، لاییٚ لە مەشغەلە

لەم پارچە شیعرەدا نالی کاری بیٚ سەروبن و نابەجێی سۆفییان یەکالآ ئەکاتەوە: وشکە سوفیٚ کە بەگوێرەی وشکییەکەی ئەبیٚ لە هەموو دیمەنێکی ڕابواردن دوور بیٚ، بکەوێتە سەماکردن و قریوەکێشان.. لە جیاتیی ئەوەی بۆ هەرشتێك لە ڕێگای ڕاستی ئەو شتە خۆیەوە بڕوا، دوای خەیاڵ و ئارەزووبازی بکەویٚ کە لە حوکمی دەریایەکی وشك و بیٚ ئاودایە، چونکە هیچ ئەنجامێك نابەخشیٚ و لەم دەریا وشکەدا کە مەلەی تیا ناکریٚ، بکەوێتە پیٚ مەلە. ئەنجا دیٚ ئەڵیٚ ئەگەر ئادەمیزاد لە جیهاندا لە ڕێگای

کارەوە بەهیوای ئەنجام بێ، ئەوە واتە تۆوی لە زەویدا داچاندبێ و ئەگەر وشکە سۆفییەکانیش بێ کار و بێ فرمان بە هیوای بەختەوەریی دواڕۆژ بن، ئەوە وەك ئەوەتە هیوای خۆیان بە توونی گەرماو سپاردبێ کە هەرچی تێ خەن ئەسووتێ و ئەبێ بە زبڵ. جا بۆیە دنیا بۆ ئەوانەی کار ئەکەن وەکو مزگەوت وایە کە خوا تیا پەرستنی بەهەشت بۆ خواپەرستەکە دابین ئەکا و بۆ ئەوانەش کە وەك سۆفییەکان شوێنی خەیاڵ کەوتوون وەکو سەلوێنك وایە کە مەگەر هەر سەگ و پشیلە مووشەی تیا بکا. جا ڕووی دەمی ئەکاتە شێخ و حەڵقەی ذیکری بە ڕەشبەڵەکی تێکەڵی ژن و پیاوان ئەشوبهێنێ کە نەك هەر فرێ بەسەر خواپەرستییەوە نییە، بەڵکو بە پێودانی ئاین تاوانێکی گەورەشە. جا دنیا پەرستیی شێخ ئەشوبهێنێ بە بە یەکگەیشتنێکی ناشەرعی لە نێوان پیرە پیاوێکی دنیا پەرست و پیرەژنێکی عەیاری فێڵبازدا کە ئەنجامەکەی تەنیا داوێن پیسی و چەند حەرامزدە و زۆڵێك بێ.

نالی بەرەی سۆفییان بە بەرەیەکی بێگانە لە ژیان، لە سروشت، لە جوانی، لە گوڵ و لە بەهار دائەنێ. نایەوێ بە هیچ کلۆجێ لە ژیانیدا دەستیان هەبێ و بەشداری بکەن. بە کۆمەڵێکی مردوو، زستانی، بە دڕکوداڵی سەر ڕێگەی ژیانیان ئەژمێرێ:

بەزمی هەزارە، قەلفڕی ئەغیارە، دەوری گوڵ
صۆفی بڕۆ، مەبە بە دڕك، تۆ لە ئێمە نیی

بەکۆمەڵێکیان حیساب ئەکا کە بە هیچ کلۆجێ ئامادەی گۆڕان و پێگەیشتن نەبێ.. ئەڵێ لە داری سووتاو لە ژیان دوورترن.. هەست بە هیچ نیشانەیەکی خۆشی و ژیان و گەشەکردن و نەشەکردن ناکەن:

لەم خۆشییە کە هێزمی مەطبەخ سەوز بووە
ماوم عەجەب لە دیدەیی صۆفی کە ناڕوێ

ئەمە تەنیا نموونەیەك بوو لەو شیعرانەی نالی کە باسی شێخ و شێخیەتی

و سۆفی و سۆفیەتی ئەکەن، ئەگینا نالی شیعری لەم بابەتەی لە دوو توێی پارچە شیعرەکانیدا زۆرە. ئێمەش وەنەبێ کێومالّی هەموو ئەو جۆرە شیعرانە بکەین، بەڵکو هەر ئەوەمان مەبەستە لە ڕێگای شیعرەکانیەوە بگەینە ناسینەوەیەکی تا ڕادەیەك تەواوی نالی کە سەرێکی ئەو ناسینەوەیەش بریتییە لە دەسنیشانکردنی هەڵوێستە ئایدیاییيەکانی.

لەناو ئەو هەموو بەیتانەی نالیدا کە لە شێخ و شێخیەتی و سۆفی و سۆفیەتی ئەدوێن، چ ئەوانەی نووسیماننەوە و چ ئەوانەی نەماننووسینەوە، تەنیا دوو بەیت هەیە ناوی «نەقشبەند»یان تیا هێنراوە و ئەتوانرێ بوترێ جۆرە ئیشارەتێکیان بۆ تەریقەتی «نەقشبەندی» تیایە. بەیتێکیش هەیە هەرچەند باسی هیچ تەریقەتێکی تیا نییە، بەڵام لەوەوە کە باسی دوو بنەماڵەی (سەید) ئەکا ئەگونجێ بڵێین پێوەندێکی بە تەریقەتی (قادری)یەوە هەیە، چونکە ئەو دوو بنەماڵەیە تێکڕا سەر بە تەریقەتی قادرین.

دووبەیتەکە ئەمانەن:

لەعەکسی ذاتی بێ ڕەنگت هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ
جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ
مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ

بەیتەکەش ئەمەتە:

کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی
کە حوببت بۆ سیادەت بێ، چ(بەرزنجی)، چ(باراوی)[٢٦]

---

٢٦- ئەم بەیتە بەم شێوەیەش هەیە:

مەکە دەعوایی پاکیی نەسەب بۆ جیفەیی دنیا
کە سەید بی، چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی)،چ (باراوی)

بڕوانەرە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٠

تێکڕای مەعنای ئەم بەیتانە کە بێ موبالاتیی نالی پیشان ئەدەن بەرامبەر بەم ڕواڵەتانە، ئەوە ئەگەیەنێ کەوا نالی پیرێکی تری هەیە وێنەی لەچاویدا و یادی لە دڵیدا نەقشی بەستووە و ئەوەندە گرەویدەیەتی شێتیی مەجنوون بۆ لەیلێ و مەیلی سۆفیی نەقشبەندی بۆ پیرەکەی، لە چاویدا پێچەوانەی واتای خۆیان ئەگەیەنن و، لەو پیرە بەولاوە کەسی تر لە دڵیدا نەخش ناگرێ و هەمووی بەفرمێسکی دیدە ئەشۆرڕێتەوە و بەپێی ڕێ و شوێنە ئازاد مەشرەبانەکەی خۆی کە ئەوەندە خۆی بە داوی دیمەن پەرستی و ناو و ناوبانگەوە نەبەستووەتەوە، بەیەك چاو سەیری هەموو تەریقەتەکانی کردووە و هەڵوێستێکی تایبەتی بەرابەر بە هیچ کامیان نەبووە و بە شایانی ئەوەی نەزانیون بەتایبەتی بچێتە کۆڕی خەباتەوە دژی هیچ کامێکیان و لەوە زیاتری پێ ڕەوا نەبینیون کە بە ڕەخنەیەکی گشتی دووریی خۆی لە هەموویان دەرببڕێ.

## ١٧

نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری بەپێی واتا زانستانەکەیان بەرهەمی قۆناغێکی تایبەتیی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و لەپێش پەیدابوونی ئەو قۆناغەدا نەبوون. بەڵام ئەوەندەی کە چەکەرەی ئەم قۆناغە تایبەتییە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی قۆناغەکانی پێش خۆیدا بووبێ، ئەمانیش هەروا چەکەرەیان لەو قۆناغەدا بووە.

کوردستانی سەردەمی نالی هێشتا نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە هەستی نەتەوە پەرستی و نیشتمانپەروەریی تیا بەدەرئەکەوێ کە قۆناغی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەورووپای سەرمایەداری لە وڵاتانی عوسمانی و ئێراندا کە عوسمانی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەورووپا ئەوەستا و لە هەمان کاتیشدا کەوتبووە بەر تەکانی هێرشی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووی ئەو، کارێکی ئەوتۆی کردبوو

که چەکەرەی نیشتمانپەروەریی نوێ و هەستی نەتەوەپەرستی لەم وڵاتانەدا و لەناو ئەواندا لە کوردستانی عوسمانیشدا پەیدا ببێ[٢٧].

بەعادەت دیاردە کۆمەڵایەتییە تازەکان لە سەرەتادا لەناو توێژی ڕۆشنبیری کۆمەڵدا سەر هەڵئەدەن و لە ڕێگای ئەو توێژەوە بەناو خەڵکی تریشدا تەشەنە ئەکەن و بڵاو ئەبنەوە. نالیی ئێمەیش وەك ڕۆشنبیرێك و هەروا وەك کەسێکی ئێجگار نزیك لە دەربارى بابانەکانەوە کە لە کوردستانی ناوچەی سۆرانی ئەو ڕۆژەدا ئەوان لە هەموو کەسێ زیاتر لە ڕووداوە بەبایەخەکانی جیهانەوە نزیك بوون و هەر شتێکی نوێ ڕێی بکەوتایەتە ئەو ناوچەیەی کوردستان، لەپێشدا ئەوان ئەکەوتنە بەر تەوژمی کار تێکردنی، ئەم نالییەی ئێمە، شتێکی لەجێ بوو لە پێش هەر کەسێکی کەوە ببێ بەو زەوییە شێف و وەرد براوەی تۆوی ئەم شینابییە تازەیەی تیا بڕوێ.

باری تایبەتیی میرنشینیی بابانیش کە کەوتبووە بەر بێنە و بەرە و گێرە و کێشەی نێوان ڕۆم و عەجەم و لەبەر ئەوان بۆی نەئەلوا بە ڕەحەتی بۆ خۆی بژی و بیر لە خۆی بکاتەوە و بەڵکو ئەبوو ژیانی خۆی هەر تاوێك بە یەکێك لەم دوو بستەی کێشەی ناو ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە ببەستێ، هەلێکی لەبارتری بۆگەشەکردنی چەکەرەی بیری نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەریی لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ناوچەی بابان و لە دڵ و دەروونی ڕۆشنبیرێکی وەك نالیدا هێنابووە گۆڕێ.

ئێستا کە ئێمە چاو بە شیعرەکانی نالی و شاعیرانی سەردەمی و تەنانەت

٢٧– نموونەیەکی ئەم پێوەندی لەگەڵ جیهانی نوێ و دەنگدانەوەی ژیانی ئەورووپایە لە کوردستاندا، لەو گفتۆگۆیانەوە دەرئەکەوێ کە لە نێوان کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ و عەبدوڵلا بەگی باباندا ڕووی داوەو ڕیچ لە گەشتنامەکەی خۆیدا گێڕاویەتەوە (بڕوانەرە: کلودیوس جیمس ریچ، رحلە ریچ فی العراق عام ١٨٢٠، ترجمة اللواء بهاءالدین نوری، ص ٦٨ – ٧١، مطبعة السکك الحدیدیة، بغداد ١٩٥١).

پاش خۆیشیدا ئەگێڕین و بەراووردیان ئەکەین و لە ئاستی یەکیان ڕائەگرین، هەستی لایەنگریی بابان و ژیانی سەردەمی بابان و لەشکری بابان و نارەزایی لەداگیرکەرانی وڵات کە سەرجەمەکەی ئەکاتە ئەوەی پێی ئەڵێن نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری، بەجۆرێ لە هیی ئەمدا بەدی ئەکەین کە لە هیی تێکڕای ئەواندا – حاجی قادری کۆییان لێ جیا کەیتەوە – یا هەر هیچی بەدی ناکەین، یا تەنیا تارماییەکی کز و نابووتی ئەبینین.

نموونە بۆ دەربڕینی دەوڵەمەندیی نالی لەبارەی ئەم هەستە پیرۆزانەوە لە شیعرەکانیدا زۆرە و زۆریش بەرزە. پارچە شیعری «ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن..» هەرچەند باسی پاسەوانە قۆزە چەك بەدەستەکانی دەرباری ئەحمەد پاشا ئەکا، بەڵام لەوەوە کە نالی بەئاشکرا بەو دەورەیان ئەنازێ تیایا کە لە ژیانی مەملەکەتدا ئەیگێڕن، نیشانەیەکی ئاشکرای ئەوەیە کە بە چاوی شانازی پێوەکردنێکی چۆنەوە سەیری سوپای بابان و چەك بەدەستانی دەوری ئەحمەد پاشای کردووە و دیارە ئەوەش ڕادەی شانازیکردنی نالی بە میرنشینیی بابانەوە دەرئەبڕێ. ئەوەندەی کە مەبەستەکەی ئێمە بدا بەدەستەوە، چەند بەیتێك لەم پارچە شیعرە ئەخەینە بەرچاوی خوێندەواران:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو صەف و ئاتەش بەکەف و تیز نیگاهن
گەهـ طاوس و گەهـ کەبکن و گەهـ بۆقەلەموونن
گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە گەهێ دوودی سیاهن

پارچە شیعری «فاتیحە، تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم»یش کەوا دیارە بەبۆنەی داگیرکرانی سلێمانییەوە لەلایەن عەجەمەکانەوە وتوویەتی

کە گۆیا بۆ یارمەتیدانی مەحموود پاشای بابان هاتبوون و سلێمان پاشا لەتاواندا ڕای کردبوو بۆ زەنگابادی گەرمیان، بەڵگەیەکی ئاشکرای تری ئەم هەستەی نالییە. نالی لەم پارچە شیعرەیدا، بەوپەڕی سۆزەوە، خەمگینیی خۆی بۆ داگیرکرانی سلێمانی دەربڕێ و ناڕەزاییی خۆی لە گیرۆدەییی سولەیمانی بەدەست ڕۆم و عەجەمەوە بە ناسکترین شێوە یەکالا ئەکاتەوە و ئەڵێ قەڵەم لەتوانایدا نییە دەردی دڵم بخاتە سەر قاقەز و مەرەکەب پێی نانووسرێتەوە، چونکە قەڵەم دووزمانە و مەرەکەبیش ڕووڕەشە و هەردووکیان بۆ سوودی هەموولایەك بەکارئەهێنرێن و تەنیا کەسێك ئەتوانێ ڕازی دەروونی من ڕوون بکاتەوە کە هەر لایەنێك بگرێ و هەمیشە لەگەڵ ئەم لایەنەدا بێ. دواییش بەبانگەوازێکی شۆڕشگێڕانە داوا لە خۆی ئەکا کە سەر بۆ مەینەت کەچ نەکا و بەچەکی تیغ و قەڵەمەوە لە ڕووی ستەمکاران و داگیرکەراندا ڕاست ببێتەوە.

ئەمەش چەند بەیتێکی ئەم پارچە شیعرە نایابە:

فاتیحە، تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم

حوکمی قانوونی صەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا
تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕووموموزی دەردی دڵ
ڕووڕەشی هەروەك دەوات و دوو زوبانی وەك قەڵەم

(نالیا) بێ هیممەتی تا کەی بە دەست میحنەتتەوە
فاتیحی یو ڕۆستەم ئاسا، صاحێبی تیغ و عەلەم

لاواندنەوەکەی سلێمان پاشایشی دیمەنێکی تری هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییەتی. نالی لەم لاواندنەوەیەدا ئەڵێ:

تا فەلەك دەورەی نەدا – صەد كەوكەبی ئاوا نەبوو
كەوكەبەی میهری مویارەك طەلعەتی پەیدا نەبوو

تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو

تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

قیصصە بێ پەردە و كینایەت خۆشە شاهی من كەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو

شاهی جەم جا (نالیا) «تاریخ جم» تەئریخییە
دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسكەندەری جەم جا نەبوو

بەڵام پارچە شیعری «قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور»ەكەی، ئەوە یەكێكە لە شاكارەكانی تێكڕای شیعری سەرانسەری ڕۆژهەڵات.. تۆمارێكی گەورەی دەربڕینی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەرانەی كوردێكی هونەرمەندی دوور ولاتە.. تابلۆیەكی چڕی پڕ لە وێنە و ڕووداوی كارەساتاوییە زەمینەكەی نەخشەیەكی گەورەی ڕێگایەكی دوور و درێژە لە شامەوە تا شارەزوور، بەڵام هەرچەند نزیكتر ئەبێتەوە وردە شتی زیاتر تیا دەرئەكەوێ.. پەنەرامایەكی زیندووی سلێمانی و دەوروپشتیەتی هەموو دیمەنەكانی ئەو ڕۆژەی شاری بەئاشكرا تیا ئەكەوێتە بەرچاو.. ئاوێنەی هەموو ئەو خۆشی و شادیانەیە كە كۆمەڵەی سلێمانی لە دەوری بابانەكاندا بەخۆیەوە دیویەتی و تۆماری هەموو ئەو تاوانانەیە كە لەوانەیە لە هەر داگیركەرێكی دواكەوتوو بوەشێتەوە لە ولاتێكی ژێردەستەدا، كە بە كۆڵێ ڕق و كینەوە هاتبێ و بیەوێ هەموو نیشانەیەكی خێروخۆشی لە ولاتەكەدا بنبڕ و تۆوبڕ بكا و تەنانەت زەردەخەنەش بەسەر لێوی خەڵكەوە نەهێڵێ.

ئەمەش تەواوی ئەو پارچە شیعرە کە خۆی لە هەر کەس زیاتر و لە هەر پیاچوونەوە و لەسەر نووسینێك پتر کلیلی نهێنییەکانی دڵ و دەروونی نالی ئەداتە دەستی ئەوانەی ئەیخوێننەوە:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەی لوطفەکەت خەفی یو هەوا خواهـ و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان
طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنوور

گاهی دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهی دەبی بەدەم دەدەمێنی دەمی غوروور

مەحوی قەبووڵی خاطری عاطر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی ذیکرێکی یا صەبوور

هەم هەم عیناتی ئاهم و هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاهـ و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور

وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوە سوور)

بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەصڵی یەکدی کە تۆی طاهیر ئەو طەهوور

ئەمجا مەوەستە تا دەگەیە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لەنار و چنار و گوڵ و چنوور

چەشمێکە میثلی خوّر کە لە صەد جیّ، بە ڕوّشنی
فـەورانـی، نـووری سافـە لـەسەر بـەردی وەك بـلـوور
یــا عـــەکسی ئــاسمـــانـــە لـــە ئـــاوێنـــەدا کـــەوا
ئـــەستــێرەکـــانـــی ڕابـکشێن وەك شەهـــابــی نـــوور
یـا چـەشمـەساری خـاطـری پـڕ فـەیـضی عـاریـفـە
یـەنـبـووعـی نـوورە دابـڕێژێنـیّ لـە کـێوی طـوور
دەموت دوو چاوی خوّمە ئەگەر (بەکرەجوّ)یی ئەشك
نەبووایە تیژ و بیّ ثەمەر و گەرم و سوێر و سوور
داخـڵ نـەبـی بـە عـەنـبـەری سارایـی (خـاك و خـوّڵ)
هـەتـا نـەکـەی بـە خـاکـی (سولـەیمـانـی)یـا عوبوور
یـەعـنـی ڕیـاضی ڕەوضە کـە تـێدا بـە چـەن دەمـیّ
موشکین دەبیّ بە کاکوّڵی غیلمان و زوڵفی حوور
خـاکـی مـیـزاجـی عـەنـبـەر و داری ڕەواجـی عـوود
بـەردی خـەراجـی گـەوهـەر و جوّبـاری عـەینـی نوور
شامـی هـەمـوو نـەهـار و فـوصوولـی هـەموو بـەهـار
تـوّزی هـەمـوو عـەبـیـر و بـوخـاری هـەمـوو بـوخـوور
شارێکە عەدل و گەرم و لە جێگێکی خوّش و نەرم
بـــوّ دەفـــعـــی چـــاوەزارە دەڵـــێن شاری شارەزوور
ئـەهـلـێکـی وای هـەیـە کـە هـەمـوو ئـەهـلـی دانش
هـەم نـاظـیـمـی عـوقـوودن و هـەم نـاظیـری ئومـوور
سەیـریّ بـکـە لـە بـەرد و لـە داری مـەحـەلـلـەکـان
دەوریّ بدە بە پرسش و تەفتیش  و خوار و ژوور
داخـوّ دەروونـی شەق نـەبـووە (پـردی سەر شەقـام)
پـیـر و فـوتـادە تـەن نـەبـووە (داری پـیـر مـەسوور)

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەمداری (شێخ هەباس)
یــا بــێ نــەواوو بــەرگــە گــەڕاوە بــەشەخسی عــوور
ئــایــا بــە جــەمــع و دائــیــرەیــە دەوری (کــانــی بــا
یــاخــۆ بــووە بــە تــەفــریــقــەیــی شۆڕش و نــوشوور
(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوان سەبز و ساف
یــاخــۆ بــووە بــە دائــیــرەیــی ئــەنــجــومــی قــوبــوور
ئــێستــەش مــەکــانــی ئــاسکــەیــە (کــانــیــی ئــاسکــان)
یــاخــۆ بــووە بــە مــەلــعــەبــەیــی گــورگ و لــوورە لــوور
ئــێستــەش سوروشکی عیشقی هــەیــە (شیوی ئــاودار)
یــاخــۆ بــووە بــە صــۆفــیــیــی وشکــی لــە حــەق بــە دوور
سەیــرێکــی خــۆش لــە چــیــمــەنــی نــاو (خــانــەقــا) بکــە
ئــایــا ڕەبــیــعــی ئــاهــووە یــا چــایــری ستــوور
سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەك خەططی ڕوویی یار
یا پووشی وشك و زوورە وەکو ڕیشی (کاکە سوور)
قــەلــبــی مــونــەووەرە لــە حــەبــیــبــانــی نــازدار
یــا وەك سەقــەر پــڕە لــە ڕەقــیــبــانــی لــەنــدەهــوور
دەس بــەنــدیــانــە دێن و دەچــن سەروو نــارەوەن
یــا حــەڵــقــەیــانــە صــۆفــیــیــی مــلــخــوار و مــەنــدەبــوور
مــەیــلــێ بــکــە لــە سەبــزە درەخــتــانــی مــەدرەسە
ئــەوراقــیــان مــوقــەددیــمــەیــی شیــنــە یــا نــە سوور
حــەوزی پــڕی کــە نــائــیــبــی دیــدەی مــنــە لــەوی
لــێڵاوی دانــەهــاتــووە وەك سەیــلــی (شیــوە سوور)

ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە
یاریی تیایە، یا بووەتە مەعرەضی نوفوور
چاوێ بخە لە سەبزەوو سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یانە زوور
توخوا فەضایی (دەشتی فەقێکان) ئەمێستەکەش
مەحشەر میثالە یا بووەتە چۆڵی (سەلم و توور)
واصیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چیی ماوە، چیی نەماوە لە هەیوان و تاق و ژوور
ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغبارە یانەخۆ
هەر غاری یارە، بووەتە غاری مار و موور
زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە خەیاڵ و بەدڵدا دەکەم خوطوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوورئایا
مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەصڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور
حاڵی بکە بە خوفیە کە ئەی یاری سەنگ دل
(نالی) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور

«نالی، کوردی کەوتووە وڵاتان، شاعیری خاوەن هەستی ناسك، پاش ئەوەی لە ئەنجامی تێکچوونی حوکمڕانیی بابانەکاندا کوردستان بەجێ ئەهێڵێ و سەری خۆی هەڵئەگرێ و ڕوو ئەکاتە شام و ماوەیەك لە نامۆییدا ئەمێنێتەوە، هەوای نیشتمان ئەداتەوە لە کەللەی، ژانێکی قووڵ لە دەروونیدا گینگڵ ئەخوا، ئەنجامەکەی ئەم شاکارە هونەرییە، ئەم تابلۆ پڕ واتایە ئەبێ

کەوا لەوێوە بۆ هاودەردێکی خۆی، بۆ عەبدوڕەحمان بەگی سالمی ناردووە و ئەویش لە سولێمانییەوە بە شاکارێکی تری لەم چەشنە وەڵامی ئەداتەوە، کە پیاو هەردووکیان بەراورد ئەکا وا ئەزانێ دوو کەون خراونەتە قەفەز، قەفەزێکی دەربەدەری و یەکێکی دەستبەسەری و لە بەرابەری یەکدا ئەخوێنن و بۆ یەکدیی ئەستێننەوە[٢٨]».

«لە خوێندنەوەی ئەم نامەی نالییەوە بۆ سالم، بەئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کەوا مەبەستی نالی تەنیا هەواڵپرسینێکی عادەتی و دەربڕینی سۆزی نامۆیەك نییە بۆ وڵاتێکی ژێردەستەی ناردووە، شێوەی (ڕەمز)ی تیا بەکارهێناوە. نالی لە هەر شیعرێکیدا دوو پرسیار ئەکا. لە پرسیارێکیاندا باری ڕابردوو دێنێتەوە پێش چاو و ئەپرسێ ئاخۆ وەك خۆی ماوە و لە پرسیاری دووەمیشدا بەرامبەرەکەی دائەنێ، بەڵام بەلای خراپترا، نەك بەرەو باشتر بوون، چونکە ئەزانێ (باشتر) لە داگیرکەر چاوەڕوانی ناکرێ.

ڕابردوو لەم شیعرانەدا سەردەمی حوکمی (بەبە)یە و کاتی پرسیاریش سەردەمی ڕۆمییەکانە. کەواتە نالی لایەنگریی خۆی بۆ سەردەمی بابانەکان دەرئەبڕێ و ڕێ تێچوونی خراپتربوونی باری ژیانیش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان دائەنێ. ئەوەندەی کە بیری خۆشیی سەردەمی پێشوو ئەکاتەوە، ڕێ تێچوونی ناخۆشییەکی گەلێ زیاتریش بۆ سەردەمی پێشوو ئەکاتەوە، ڕێ تێچوونی ناخۆشییەکی گەلێ زیاتریش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان ئەخاتە پێش چاو. تەنانەت پرسیار لە گۆڕانی گەلێ شتی وا ئەکا کە زۆر دوورە بە گۆڕانی ڕژێمی سیاسی بگۆڕێن.

«وەك هەر ڕۆشنبیرێکی وریا و دووربین، هەست بە پێوەندیی نێوان باری دەروونیی خەڵك و ڕژێمی سیاسی ئەکا. ئەمەش بەوەدا دەرئەکەوێ کە

٢٨- بڕوانەرە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، ل ١٧٥، بەغدا ١٩٧٦.

ئەپرسێ ئاخۆ خەڵك زەوقەكەی جارانیان ماوە و ڕابواردن و یاریكردن و ڕمبازی و غارغارێنی لاوان بەردەوامە، یا لە سایەی ڕژێمی ڕەشی ڕۆمییەكانەوە هەموو شتێ سڕاوەتەوە؟»[٢٩].

بەڵام دوور لە سیاسەتیش نالی هەر نیشتماندۆستێكی دڵ پڕ لە سۆزە. نالی لەوانە نییە دووریی وڵات قەدر و یادی وڵاتیان لەبیر ئەباتەوە. ئەو شوێنانەی سەردەمی منداڵی و فەقێیەتی و كوڕێنیی تیایاندا بردووەتە سەر، وێنەیان هەمیشە لە تەختی سینەیدا نەخش و بەسەر پەردەی چاویەوە بوون و هەر بۆیەشە ئەڵێ:

دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاكی وەتەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە، ساكینی بوردی یەمەنە

تا ئەڵێ:

دڵی (نالی) كە ئەنیسی (قەرەداغ)ە، ئێستەیش
داغی (سەرچاوە) وو (دێوانە)یی دار و دەوەنە

ئەمە ئەوپەڕی سۆزە چیای ڕەش و چۆڵوهۆڵ كە كەسی تیا ناژی، ببێ بە ئەنیس و مایەی ئولفەت پێوە گرتنی دڵ و (سەرچاوە) كە ئاو و كانیاوە (داخ) بنێ بە دڵەوە و بیسووتێنێ و دڵ لە جیاتیی ئەوەی بۆ ڕووی ناسكی یار شێت ببێ، بۆ چەمێكی شێت و (دێوانە) و بۆ جەنگەڵ و دار و دەوەنێ شێت ببێ كە مەگەر هەر دڕندەی تیا بژی.. ئەمە نموونەیەكی هەرە باڵای خۆشەویستیی نیشتمانە نالی پیشانمانی ئەدات.

نیشانەیەكی تری هەستی كوردایەتیی نالی لەو چەند بەیتەیدا بەئاشكرا دەرئەكەوێ كە وەڵامی ئەوكەسانەیان تیا ئەداتەوە كە ڕەخنەی شیعر بە كوردی دانانیان لێ گرتووە. لە ئەڵقەیەكی تری ئەم باسەماندا دێینەوە سەر

---

٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨

ئەم بابەتە و بەدرێژی لێی ئەدوێین. هەروەها ئەو بەیتانەشی کە ڕووی دەمیان تیا ئەکاتە پێغەمبەر و پێی ئەڵێ کەوا بە شیعری کوردییەوە هاتووەتە حوزووری. پاشتر هەروەها لەم چەند بەیتەیش ئەدوێین. بەڵام ئەو بەیتەی لە قەسیدەی «قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی»دا کە ئەڵێ:

میللەتی کورد و عەرەب هەردوویەکە تەفرەقە بوون
لە جەفاو و میحەنی موڵکی (سەبا) و و یەمەنی

ئەوەندە هاوچەرخی ئەمڕۆمانە، لەوانەیە بنیادەم بکەوێتە گومان و دوو دڵییەوە لەوە کە هیی نالی بێ[٣٠].

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە ئەبێ بڵێین لە سەردەمی نالیدا کوردستان تێکڕا بەدەست ڕۆم و عەجەمەوە بوو. عەرەبیش، وەکو کورد، لە ژێر دەستی ڕۆم و بەشێکیشی ڕاستەوخۆ کەوتبوو ژێر دەستی ئیمپریالیزمەوە. لەو سەردەمەدا بیری خەباتی پێکەوەی دوو گەل یا چەند گەلێکی ژێر دەستە لە دژی ئەو دەوڵەتەی داگیری کردوون، هێشتا نەهاتبووە ئاراوە و نەبووبوو بە دروشم. تێکڕا لە وڵاتە موسڵمانەکاندا بیر هەر بیری (غەزا) بوو دژی (کافران). چەکەرەیەکی هەستی نەتەوەییش بەحاڵ و ناحاڵێك خەریك بوو پێ ئەگەیشت. بۆیە بیرکردنەوە لە هاوکاری و هاودەردیی عەرەب و کورد وە دوو گەلی بەشخوراو و لەوەش زیاتر دۆزینەوەی هەندێ لە ناتەواوییەکانی کۆمەڵێك بەتێکڕا، وەك ئەوە کە نالی هەر لەم پارچە شیعرەیدا ئەڵێ:

---

٣٠- بەڵام ئاشکرایە کە شیعری نالییە، چونکە ئەو شێوە نووسینە کۆنە کە نوسخەی تاقانەی ئەم پارچە شیعرەی پێ نووسراوەتەوە کە دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوولی دۆستمان پێی داین و هەرکەسی تریش پاش ئێمە بڵاوی کردووەتەوە هەر لە ئێمەی وەرگرتووەو، ئەو قاقەزە کۆنە کە لەسەری نووسراوەتەوەو، جۆری داڕشتنی قەسیدەکە خۆیشی، مەیدانی هیچ گومان و دوودڵییەك ناهێڵنەوە بۆ کەس لەوەدا کە خاوەنی ئەم پارچە شیعرە نالییە.

تــەرکـی ئـارایشی تـەن نـەقدی ڕەواجی عـەرەبـە
تۆ عەجەم، مەردی موزەخرەف تەنیی و قەڵبەزەنی[٣١]

شتێك نەبووە لە کۆمەڵەیەکی پاشکەوتووی وەك کۆمەڵەی کوردستاندا بیر لـە بـوونـی بـکـرێتـەوە، بۆیـە، بـە ڕای مـن، ئـەبـێ نـالـی پـاش بـەجێهێشتنـی کوردستان و ئاگاداربوونی لە باری ژیانی گەلی عەرەب لە ژێر دەستی عوسمانیدا، سەرەڕای ئاگاداریی زوویشی لە باری ژیانی گەلەکەی خۆی پاش تێکدانی میرنشینی بابان، ئەم قەسیدەیەی دانابێ.

ئەمە نیشانەی وریایی و زیرەکیی نالییە و لە هەمان کاتدا نیشانەی دەرك کردنیشیەتی بە هەندێ لە دەردە قووڵەکانی کۆمەڵەکەی و گەلەکەی.

ئەوەتە نالی لەو تاقە بەیتەیدا دەردی تا ئەمڕۆیش بەردەوامی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی بەوردی دیاری و دەسنیشان کردووە کە ئەتوانم بڵێم لەو ڕۆژەدا کەسانێکی زۆر کەم، ئەویش تەنیا لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەبدا و بەش بەحاڵی تەنیا خۆیان، هەستیان بەو دەردە سەختە کردبوو.

نـالی وەك بـەهـرەمـەندێکی هـەڵکـەوتـوو، کـەسـانێك بـوون بـەخیلییان پێ بردووە و حەزیان لێ نەکردووە و بەرەبەرەکانێیان کردووە. ئەم ڕاستییە کە لە هەندێ شیعری نالی خۆیەوە دەرئەکەوێ نیشانەی پایەی بەرزیەتی لەناو کۆمەڵدا. ئەگینا ئەگەر نالی کابرایەکی نەناسراو و بێ بایەخ بووایە، ئەگەر بە هونەر و شکۆی ئەدەبیی خۆی نەبووایە بە ویردی سەر زمانی خـەڵك و دۆست و دوژمـن هـەمـوو لـێی نـەدوانـایـە، ئـەویش بـە پـێویستـی نەئەزانی لەسەر خۆی بکاتەوە و شانازی بەخۆیەوە دەرببڕێ.

٣١- نالی ئەم پارچە شیعرەی بەرانبەر بە میرزا سەفا ناوێکی شیرازی وتووە کە وا دیارە لە حەجدا لووتی تەقیوە بە لووتیەوە و لەوەش ئەچێ یەکێك بووبێ لە شازادەکانی ئێران یا لە گەورە گەورانی ئەو وڵاتە.

## ١٨

نالی غەزەلێکی هەیە گلەیی لە چەرخی زەمان ئەکا تیایا و ئەڵێ گەردوون هەمیشە کاری هەر ئەوە بووە خراپە سەر بخا و چاکە بکا بەژێرەوە و بەهرەمەندان چاو لەدەست و داماوی کەسانی مایەپووچ بکا. لەو غەزەلەیدا ئەم بەیتەشی هەیە کە هەمووی شانازییە بە خۆی و بەسووکزانینی بەرانبەرەکانیەتی بەرانبەر بە خۆی:

(نالی) حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزەنویسە، گەپ دەکا

ئەمە دیارە نیشانەی ئەوەیە کە نالی خۆی بە هاوسەری کەس لەو هاوەڵانەی خۆی دانەناوە کە لە کۆمەڵدا دیاری بوون و خۆیی لا لە هەموویان بەقابیلەتتر بووە. جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە مەشهوورە گوایە ڕووی دەمی سەرەتای ئەم غەزەلە لە مفتیی زەهاوییە و هەموویشمان ئەزانین مفتی چ زانایەك بووە و پایەیەکی ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتیی چەند بەرزی بووە، بۆمان دەرئەکەوێ ئەبێ نالی چۆن پیاوێك بووبێ و تا چ ڕادەیەك بە خۆی نازیبێ.

نموونەیەکی ئەم بەخۆنازینەی نالی و ئەم بە هیچ زانینەی ناحەزەکانی، ئەو غەزەلەیەتی کە نەك تەنیا بەوە داناکەوێ کە بە حەق و بەشانوباڵی خۆیدا هەڵ بدا تیایدا، بەڵکو ئەو کارە بەواجبێکی ئاینیش دائەنێ و ئەڵێ ئەمە بەشێکە لە باسکردنی نیعمەتی خوا کە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە.

با گوێ شل کەین و بۆ نالی بزانین لەم غەزەلەیدا چۆن قسە ئەکا:

بولبولی طەبعەم ئەوا دیسان ثەناخوانی دەکا
نوکتەسەنجی و بەذلەگۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

هـەرکـەسێ ئـیـظـهـاری دانـایـی بـکـات و مـەقـصـەدی
خـودپـەسـەنـدی بـێ، یـەقـیـن ئـیـظـهـاری نـادانـی دەکـا

خـەرقـەپـۆشێ کـەی دەپـۆشێ جـەوهـەری ذاتـی ئـەمـن
بێتە نێو، جیلوەی، بە زوشتی خۆی بەعوریانی دەکا

ضابـیـطـەی طـەبـعـم سوارە، ئـیددیـعـای شاهـیـی هـەیـە
مـوحـتـەشەم دیـوانـە، داوای بـەخـتـی خـاقـانـی دەکـا

شاهـیـدی فـیـکـرم کـە بـێـتـە جـیـلـوەگـاهـی دولـبـەری
شاهـی خـوسرەو ڕۆحـی شیـریـنـم بـە قـوربـانـی دەکـا

نـووکـی خـامـەی من کە بێتـە مـەعـنـائـارایـیـی کـەماڵ
خەط بە خەط ئیظهاری نەفشی صوورەتی (مانی) دەکا

ئـیستـیـطـاعـە و قـووەتـی طـەبـعـم، بـە کـوردی و فـارسی
عـارەبـی، ئـیـظـهـاری چـالاکـی یـیـو چـەسپـانـی دەکـا

تا ئەڵێ:

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطڵەبی
میـثـلـی (نـالـی) ئـیمـتـیـثـالـی ئەمری یەزدانی دەکا

لە شوێنێکی کەشدا کە دیارە ناحەزانی ئەوەندەیان لە دژ وتووە بێزاریان کردووە، دڵخۆشیی خۆی بەوە ئەداتەوە کە بێ پەردە و پەنا لەبارەیانەوە بڵێ:

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و ئیفکی حەسوودان
دونـیـایـە دەبێ سەگ بوەڕێ، شیعە بکا سەب

متمانەش بەو ناحەزانە دەدا کەوا ئاو لە دنگدا ئەکوتن و هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن بگەنە پلە و پایەی ئەو، ئەوان لەچاو ئەوی وەك بازی ڕاوکەردا کوندە پەپوویەکی شووم و نەگبەت زیاتر نین:

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن
موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکو من[٣٢]

نموونەیەکی بەرزی خۆ بە گەورە ڕاگرتن و شانازی بە خۆوە کردنی نالی ئەو پارچە شیعرەیەتی کە پێشتریش بە بۆنەیەکی ترەوە ئیشارەتمان بۆ کرد و شکۆی خۆی تیا گەیاندە ڕادەیەك کە تەنانەت لەبارەگایەکی بەرز و پیرۆزی وەك حەرەمی مەککە و کەعبەشدا خۆی بە دەسەپاچە و زەلیل دانەنێ و وتی:

٣٢- دوکتۆر مارف خەزنەدار لە وتارێکیدا کە لە ژمارە ٧١ی گۆڤاری (ڕۆشبیری نوێ)دا بڵاوی کردبووەوە جارێکی تریش ئیستەرەمی لەسەر ئەوە کردبوو کەوا (سەرسەری باز) بەمەعنای (هەتیوباز، نێرباز، منداڵ باز)ە، هەرچەند ئەمجارە بە پێچەوانەی ئەوەی لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی)یەکەیدا نووسیویە، دانی بەوەیشدا ناوە کە لەوانەیە مەعنای تریشی هەبێ و چەردەیەك لەو پێوەندە کە نالی لە بەرانبەر بە یەکدانانی (باز) و (بووم)دا مەبەستی بووە، چووەتە زەینیەوە، بەڵام کەوتووەتە هەڵەیەکی ڕێزمانیی زلەوە کە وتوویەتی لە زمانی کوردیدا مەوصووف ناکەوێتە پێش صیفەتەوە و لە ئاستی نموونەی زەقی پێچەوانەی ئەم قسەیەیدا وەك (گەورە پیاو) و (گەورە ماڵ) و (شاژن) و (گێلە پیاو) و سەدانی وا، وتوویە ئەمانە «حیسابی خۆیان هەیە»بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە حیسابەکە چییە.
ڕاستەکەی ئەوەیە دوکتۆر مارف لە خۆڕایی و بێ بەڵگە لەسەر ئەو مەعنا چەوتەی وشەی (سەرسەری باز) واتە (ئەو بازانەی ئەخرێنە سەر سەر)و نالی بەتەورییە مەعنای (بازی سەرسەری)یشی لێ مەبەست بووە. مەعنای بەیتەکەیش بەم جۆرەی لێ دێتەوە: ئەو کەسانەی کۆمەڵ بە هەڵە بە بازی داناون و وەك بازی ڕاوی خستوونیەتە سەر سەر و لە ڕاستیدا باز نین بەڵکو هاوسەری بووە کەڕەن و ئەبێ لە جیاتیی ئەوەی بەسەر سەری خەڵکەوە بن، بەسەر دیواری کەلاوەوە بنیشنەوە، ئەوانە نەك تەنیا باز نین و جێیان لەسەر سەر نییە، بەڵکو زۆر زەحمەتە بگەنە ئاستی قۆڵی شا پیاوێکی وەك من و من ڕێزیان لێ بگرم و وەك باز لەسەر قۆڵم دایان بنێم، یا بگەنە پایەی بەردەستیکردنی من.. ئەمەیە مەعنای ڕاستەقینەی ئەم بەیتە و هیوام وایە ئەمجارە بۆ هەمووان ڕۆشن بووبێتەوە.

لـێم حـەرامـە دانـە و ئـاوی حـەمـامـاتـی حـەرەم
مـن کـە بـازی دیـدەبـازم نـەك شەوارەی دەستـەمۆم

تـا بـەکەی وەك ڕاوییە و وەك سانییەی سێ پەل شکاو
بێ طەواف و سەعی و عەمرە هـەر بخەوم و هـەر بخۆم

مـن لـەوانـەم چـی کـەوا ئـەهلـی وەسیلـە و مـەسئـەلـەن
عامیل و ناچار و مەعذوور ئەر بڵێن هـەر بێنە بۆم

بـەڵام لام وابێ لـە هـەمـوو شیعرەکـانـی شانـازی بـەخـۆکـردنـی نـالـیدا، ئـەو پارچەیەی سەردەستەی هەمووی بێ کە سەرەڕای ئەو گشت شانوشکۆ دەربڕینەی خۆی، هێشتا ئەوەی لەبیرناچێ کەوا هەرگیز خۆی لێ نەگۆڕاوە و ناگۆڕێ و دڵپاکی و بێ زیانیی خۆی باس ئەکا و ئەڵێ:

لایـقـی مـەخـزەنـی طـەبـعـە هـەمـوو کـەنزی غـەزەلـم
قـابـیـلـی ضـەربـی ڕەواجـە زەڕ و زیـوی مـەثـەلـم

سایـەیـی پـایـە وەکـوو بـاڵـی هـومـا و بـازی سپیم
نە وەکوو بوومی قەدەم شووم و نە هەمرەنگی قەلم

کـەوکـەبـەی طـەڵـعـەتـی شاهـانـەیـی تـۆم بـورهـانـە
کـە لـەسـەر مـوددەعـی، سوڵـطـانـی مـوبـیـنـە جـەدەلـم

ڕۆژسەری کـوڵـمـتـە ڕوونـاکـیـی نـووری بـەصـەرم
شەو خـەمـی زوڵـفـتـە تـاریـکـیـی طـوولـی ئـەمـەلـم

حـەرەکـاتـم سەکـەنـات و سەکـەنـاتم حـەرەکـات
چوستە سستی، قەوییە ضیعف و سەریعە کەسەلم

پێش و کەم بێ شکەم و حیرص وەکوو طفلی ڕەضیع
زاویـیـە بـێشکـەم و بـێ شکـم و بـێ حـیـیـەلـەم

خوانی ذی شانی جیهان هەنگی خۆشاهەنگە، وەلێ
بێشی دەم نۆشم و دوم نێشم و عەکسی عەسەلم

عـاجـزی شوکـری تـەمـامـیـی نـیـعـەمـم سەرتـاپـا
کە نەڕیش بەڵم و، نە کۆسە و نە کەل و گۆج و شەلم

(نـالـی)یـو سیـنـەیـی بـێ کـیـنـەیـی چـاکـم، ئـەمـمـا
چـاکـی دامــەن تــەڕم و وشکــە سەرابــی عــەمــەلـم

بەڵام نالی وەنەبێ لە هیچە شانازیی بەخۆیەوە کردبێ. لە هونەرمەندی و شاعیرییەتی کە شانازی بە خۆیەوە ئەکا، واتە شانازی بە شیعر و هونەرەکەیەوە ئەکات. دیارە نالی لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی شیعر و توانای دیاریکردنی خاڵەکانی هێز و بێ هێزیدا گەیوەتە ڕادەیەکی یەکجار بەرز، بۆیە توانیویەتی ئەو هەموو دەستی قەدر و قیمەتە بخاتە سەر شیعری خۆی و لە بارەی خۆیەوە بڵێ:

یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهـ سەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕا دەکا

تا ئەڵێ:

بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح
هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا

ئەوجا بەراوردی خەڵکی لەگەڵ خۆی بکا و هیڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر بەرانبەرەکانیدا بێنێ و بڵێ:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

نالی لەم بەراوردەیدا زیاد نەڕۆیشتووە و ناحەقی نەبووە، ئەگینا ئێستا ئێمە شیعری یەکێ لەمانەمان لەبەردەستدا ئەبوو. ئەمانە لەچاو نالیدا ئەوەندە هیچ و نابووت بوون تەنانەت گەنجینەی هەژاری ئەدەبی تازە سەر دەرهێناوی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بە کرمانجیی خواروو وتراو کە لە

سەردەمی نالییەوە دەست پێ ئەکا، ناو و بەرهەمی کەسیانی بۆ هەڵنەگرتووین. سەد بریا ئەمانزانی ئەمانە کێ بوون ویستوویانە لە بەرانبەری نالیدا سەر هەڵبڕن و خۆ بە شت بزانن و بە چەکی شیعرەوە بچنە مەیدانی.

ئەوەی مایەی داخە ئەوەتە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردیی بە کرمانجیی خوارووو وتراو، بەر لە نالی سەری هەڵنەدا تا کەسانێکی تری وەك ئەم و لەم زیاتریش بەخۆیەوە ببینێ، بەڵکو (نالی)یش بەو هەموو توانا ڕەخنەیییە بەرزەیەوە هەڵیان سەنگێنێ و وەك بەرزترین پارچە شیعری کلاسیکی بۆ بەجێ هێشتین، هەندێ نموونەی بەرزی ڕەخنەشمان بۆ بەجێ بهێڵێ.

نموونەیەکی تری شانازیکردنی نالی بە شیعری خۆی و لە هەمان کاتیشدا بەتوانای بەرزی شیعر هەڵسەنگاندنیەوە، ئەم بەیتەیەتی کە شیعری خۆیی تیا ئەخاتە ئاستی موعجیزەی پێغەمبەران و کەرامەتی ئەولیا و کاری (خارق العادة) و ئەڵێ:

(نالی) یەك و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات

ئەمەش چەند نموونەیەکی تر لەم بابەتە شیعرەی نالی:

(نالیا) ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە
بەدوصەد مەثنەوی یولوبی لوبابی نادەم

***

وەرە سەیری خیابان و بەیاضی دەفتەری (نالی)
کە صەف صەف، مەصرەعی بەرجەستە، ڕیزی سەروی مەوزوونە

***

خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن
بابێن و لە (نالی) ببیەن شیعری سەلیقی

***

نـوصحـی (نـالـی) ڕەنگـە هـەرکـەس بـیـبـیـێ بـیـکـاتـە گـوێ
چـونـکـە نـەظـمـی ساف و وردە، هـەروەکـوو مـرواریـیـە

## ١٩

یەکێ لە ڕووەکانی شانازیکردنی نالی بە خۆی و بە توانای شیعر وتنیەوە ئەوەتە کە شیعری بە کوردی وتووە. وەك ئەزانین بەر لە نالی شیعر بە شێوەی کرمانجیی خواروو باو نەبووە مەگەر لە فۆلکلۆری میللیدا و تێکڕا شیعر لە ڕۆژاوا و باکووردا بە شێوەی کرمانجیی سەروو، لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە شێوەی گۆرانی بووە کە هەریەکەیان زمانی یەکێ یا چەندێ لە میرنشینە دەرەبەگییەکانی ئەو ناوچانەی کوردستان بوون. نالی یەکەم کەس بوو شیعری بە کرمانجیی خواروو کرد بە باو.

وتمان بەر لەوەی نالی ئەم جۆرە شیعرە، کە تێکڕا لەسەر ڕێ و شوێنی بابەکانی عەرووز بەڕێوە ئەچێ، لە کرمانجیی خوارووودا بکا بە باو، شیعری فۆلکلۆری بەم دیالێکتە بووە. شیعری فۆلکلۆرییش تێکڕا هیی شاعیرانی نەخوێندەوار و کۆلکە خوێندەوارە، بۆیە لەناو کۆڕ و کۆمەڵە بەرزەکاندا بە جۆرە سووکییەك تەماشای کراوە. ئەم بە سووکی تەماشاکردنەش هەر لەبەر بێ پلەیی خاوەن شیعرەکان نەبووە لە کۆمەڵدا، بەشێکی زۆریشی لەبەر زمانی شیعرەکەیان بووە، چونکە شیعری (باڵا) هەر بەفارسی و عەرەبی وتراوە، (نالی)یش کە بەم دیالێکتە شیعری وتووە، ناحەزان و حەسوودانی ویستوویانە لەو ڕێگایەوە لێی بدەن کەوا ئەمە لە نەتوانایی و بێ هونەرییەتی بەم دیالێکتە شیعر ئەڵێ کە (شایەر)ەکان[٣٣] شیعری پێ ئەڵێن و خەڵك قسەی پێ ئەکەن، ئەگینا ئەگەر بەڕاستی شاعیر و هونەرمەند

٣٣- لەجێی خۆیایەتی لێرەدا بڵێم من لام وایە (شایەر) سووك کراوی (شاعیر)ی عەرەبی نییە، بەڵکو یا لە (شایار) یا لە (شایی گێڕ)ەوە هاتووە.

بووایە، ئەویش ئەهات وەك پێشینان بە فارسی و عەرەبی شیعری ئەوت.

لێرەدا نالی بەرپەرچێکی توندی ئەمانە ئەداتەوە و ئەڵێ من بۆیە بە کوردی شیعر نالێم کە دەسەڵاتم بەسەر فارسی و عەرەبیدا ناشکێ، بەڵکو ئەمەوێ کارێکی وا بکەم پێش خۆم کەس نەیکردبێ، ئەم زمانە کوردییە بکەم بە زمانی شیعر و ئەدەب کە تا ئێستا هەر زمانی مامەڵەی ڕۆژانە و ئەوپەڕەکەی زمانی فۆلکلۆر بووە.. ئەمەوێ کوردییش بێنمە ڕیزی زمانە بەرزەکانی جیهانی ئیسلامەوە و لەناو ملوانکەی زمانە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بیهۆنمەوە:

طەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی لە (عمدا) وا دەکا

یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا

ئەنجا لەسەر هێرشی خۆی بۆ سەر ئەو ناحەزانە ئەڕوا و پێیان ئەڵێ پایەی شیعرەکانم بەوە کەم نابێتەوە کە بە کوردین و هەمووومان منیش و ئێوەش و ئەم خەڵکەش تێکڕا کوردی ئەزانین و کەواتە شیعر بە کوردی وتن هیچ هونەرێکی تیا نییە. ئەگەر ئێوە خاوەن بیرو فامیدە و تێگەیشتوو ئەبوون، بیرتان لە مەعنای شیعرەکانم ئەکردەوە و ئەتانزانی چ جۆرە مەعنایەکم خستووەتە قالبی شیعرەکانمەوە. مەسەلەکە هەر بەوە دوایی نایەت کەسێك بە کوردی شیعر بڵێ و خۆی بکا بە بەرانبەری هەرکەسێکی تر کە بە کوردی شیعری وتبێ:

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

هەروەها ئەڵێ ئێوە لەوانەیە بتوانن بە کوردی شیعر بڵێن، بەڵام چونکە شاعیر و هونەرمەند نین، مەعناتان دەسگیر نابێ، بیخەنە شیعرەکانتانەوە،

لەبەر ئەوە خۆ بەراوردکردنتان لەگەڵ من وەك بەراورد پێکردنی پەتك و تاڵی ئاوریشمی باریکە کە هیچ مەیدانێکی بەراورد بەیەککردنیان لەنێواندا نییە:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

بەم جۆرە دیاری ئەدا کەوا نالی سەربەرزی و شانازیی خۆی لە بابەتی وادا دیوە کە پێوەندیی بە نەتەوەکەیەوە هەبێ و هەڵوێستی وا نەك هەر بۆ ئەورۆژە، بەڵکو بۆ ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆش، شایانی ئەوەیە بەوپەڕی قەدرزانین و ڕێز لێگرتنەوە هەمیشە یادی بکرێتەوە.

مادەم ئێمە ئەم ئەڵقەیەی باسەکەمان بۆ لێدوانی ئەوە تەرخان کرد کە نالی چۆن شانازیی بە شیعروتنی خۆیەوە بە کوردی کردووە، لە جێی خۆیایەتی پەنجە بۆ ئەوەش ڕاکێشین کە ئەو یەکەم کەس بووە لە کرمانجیی خوارووودا بەدەسمایەی زمانی کوردییەوە شیعری بۆ پێغەمبەر وتووە و ئەوەشی لە شیعرەکەیدا دەربڕیوە کەوا وەك کوردێك و بە زمانی کوردییەوە هاتووەتە حوزوور:

مورادم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە، نەوەك نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت ثەناخوانە

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم، ئەمما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضڵی مەننانە

ڕوویەکی بایەخی ئەم کارەی نالی لەوەدا دەرئەکەوێ کە پاش خۆی چەند شاعیری تر چاویان لێ کردووە و ئەم بیرەی ئەویان لە شیعرە ئاینییەکانی خۆیاندا دووبارە کردووەتەوە[٣٤].

---

٣٤- وەك (مەحوی) و (خاکی) و کەسانی تر.

## ٢٠

نموونەیەك بۆ ناسینەوەی هەڵویستی کۆمەڵایەتیی نالی، پارچە شیعرێکیەتی شێوەیەکی باڵای دەروون بەرزی و بە سووك زانینی دنیا و دنیاپەرستان و کاربەدەستانی دنیای تیا ئەخاتە بەرچاو کە لەناو نموونەکانی ئەدەبی کوردیدا هاوتای کەم دەسگیر ئەبێ.

نالی لەم جۆرە شیعرانەی ئەوەندە زۆر نییە. نالی وەك ئەوکەسانە نییە کە چونکە لە ناخی دەروونیانا ئەزانن ڕاست ناکەن و دڵنیان خەڵکی هوشیاریش باوەڕیان پێ ناکەن، ئەیانەوێ بە دووبارە و سێ بارە و سەد بارەکردنەوەی باسی دەست لە دنیا داشتن و بە چاوی سووك تەماشای دنیاکردنی خۆیان، کارێ بکەن خەڵك باوەڕیان پێ بکا. ئەم وەك هونەرمەندێکی ڕاستەقینە باوەڕکردن و نەکردنی خەڵکی لا مەبەست نییە و بەر لە هەرچی سەیری خۆی و ڕاستەقینەی خۆی دەکا. ناچار نەبێ خۆی لە قەرەی ئەم بابەتەنادا. ناچارییەکەشی تەقینەوەی بورکانی دەروونی پڕ کڵپە و شۆڕشیەتی. بۆیە کە قسە ئەکا مەیدانی هیچ قسەیەك بۆ کەسی تر ناهێڵێتەوە.

نالی لەم پارچە شیعرەیدا ئەڵێ: من و دنیای سووك و پەست لە یەك دوورین و کەسمان خۆی بەویانەوە خەریك ناکا و هەرکامێکمان لە چاوی ئەوماندا وەکو هیچ وایە. پاشان، پاش هەندێ ڕەخنەی تاڵ و سوێر کە لە کابرایەکی تایبەتیی بە دنیا وماڵی دنیا نازیوی ئەگرێ و پاش بەراوردکردنێك لە نێوان خۆی و ئەودا، باسەکە بەوە ئەبڕێتەوە کە ئەوانەی پیاوی ڕاستەقینە بن شوێنی ئەوە ناکەون بەدوای شتی وادا بگەڕێن کە بە کەش وفش و ناز و نیعمەتەوە بیانخاتە بەرچاوی خەڵك.

ئەمەش چەند بەیتێك لەم پارچە شیعرەی نالی:

قـەدری مـن چـەنـدە لـەلای دەوڵـەتـی دنـیـایـی دەنی
قەدری ئەو کەمتر و هـەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

من وەکوو ڕەعدم و تۆ وەك گوڵ و سەبزەی دیمەنی
مــن دەگــریــێم و دەنــاڵــێنــم و تــۆ پــێ دەکــەنــی

ئـەی دەراتـوو لـە دوو مـەجرایی دوو میزابی مـەبـال
مەبە بادی وەکو خـەرزیهـ بە هـەوای کیبر و مەنی

تەنی ڕازی بە خـەشین پۆشییی وەك شێر و شوتور
بــێ نــیــازە لــە بـریشم تــەنــیــو پــیــلــەتــەنــی

گـوتم ئـەی قـیـبـلـە قـوزە، بـە تـەحـریـری حـەریـر
ڕاغـیـبـی لـیـبسی عـەجـەم، تـاریکی بـەرگی یـەمـەنی

ئێمە مـەردین و هـەموو شێری خەشین پۆشی مـەصاف
کـرمـی قـەز هـەرچی تـەنی بـۆ تـەنی نیسوانی تـەنی

قـەز، بـریشم، کـە حـەرامـە لـە ڕەجـول نـەك نـیسوان
سونـنـەتـی شەرعە، ئـەگـەر تـابـیـعی ئـەهـلی سونـەنی

تــەرکــی ئــارایشی تــەن نــەقـدی ڕەواجـی عـەرەبـە
تۆ عـەجـەم، مـەردی مـوزەخـرەف تـەنییو قـەڵـبـەزەنی

وەکـو ئــەو کـرمــە لـەنـێو قـوبـبـەیـی ئـەبـریشمـدا
عـاقـیـبـەت موردەیی یـەئسی عـەمـەل و بـێ کـەفـەنی

بەڵام نالی وا لە بەسووك زانینی دنیا ناگا کە مەعنای بێ پێوەندی بە ژیان و کۆمەڵەوە بگەیەنێ. ئەو پێوەندێکی بەتین لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا بەدی ئەکا و لە سەرێکی کەشەوە لای وایە مرۆی ڕاستەقینە شانبەشانی بە کەم زانینی خۆی لە ناخی دەروونی خۆیدا، هەر بەو پێیەش نەفسی بەرز ڕائەگرێ و لە شوێنی پێویستدا خۆی بە گەورە پیشان ئەدا:

خـۆشا ڕەنـدێ لـە دنـیـا بـێ مـوبـالات و مـوجـەڕڕەد بـێ
بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ، بە شەو مات و موجەڕڕەد بێ
بـەصوورەت: جـەلوەتی، غـەرقـی عـەلایق هـەروەکو خـەڵقی
بـە مـەعنـا: خـەڵوەتـی، مـەستـی مونـاجـات و مـوجـەڕڕەد بـێ
ئـەگـەر عـالـەم ببـێتـە خـەلعـەتی تـەشریـفـی سەرتـاپـای
وجـوودی بـێ و جـوودی بـێ مـوبـاهـات و مـوجـەڕڕەد بـێ
بـە ظـاهـیـر طـاوسی ڕەنگین، صیفـاتـی (تـە علـى التـاهـی)
بـەبـاطین قـومـریـیـو خـاکستـەری ذات و مـوجـەڕڕەد بـێ

جاروباریش کە تەماشای هونەرمەندیی خۆی و باری دەوروپشتی ئەکا و تێ ئەگا کە جیاوازییەکی چەند قووڵ لە نێوان بەهرە و توانای خۆی و ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتنی کۆمەڵدا هەیە، خەفەت و پەژارە دای ئەگرێ. ئەڵێ من بۆیە لە دنیا و خۆشیی دنیا دەسبەردار بووم، چونکە هونەرەکەی خۆمم لە هەمووی بە بەرزتر و شایانتر زانیوە، کەچی خەڵکەکە قەدری ئەوە نازانن و وەك گوێزیان بۆ بژمێری وایە. ئەمە ڕوویەکە لە ڕووەکانی ئەو دەردی دەروون و ئازاری بیرەی کە نالی لە ژیانی خۆیدا چەشتوویەتی. بەڵام بەداخەوە کەم لا بەم لایانەدا ئەکاتەوە و لەم جۆرە شیعرانەشمان ئەوەندە بۆ ناڵێ کە توێ توێکانی دەروونیمان باشتر بۆ یەکالا بکاتەوە. نالی ئەڵێ:

مـوددێکـە بـە میزانـی ئـەدەب تـوحمـە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی، ئێستە خەمۆشم
لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بـەو پـێیـە کـەنـارم کـە پـڕە دامـەن و کـۆشم

وەنەبێ مەبەستی نالی لە زەمکردنی دنیا، هەمیشە و بەناچاری، بەشان و بالآهەڵدانی ئەو دنیا و دەست هەڵگرتن لەم دنیا و بە سووك زانینی ئەم ژیانە بێ. بەڵکو بەجۆرێکی ناهوشیارانە بێزاریی خۆی لەو پێوەندە کۆمەڵایەتییانە دەرئەبڕێ کە ئەم خەڵکانەی ناو کۆمەڵ بەیەکەوە ئەبەستن و فەرمانڕەواییان ئەکەن. نالی، چونکە قانوونەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی نەزانیوە و نەیزانیوە ڕێگای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و پڕ کامەرانی بەکوێدا ئەڕوا، هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە جار جار ئەم ژیانە بداتە دواوە و (بریتی)یش لەبەرچاویا تەنیا بریتی بووە لەو دنیا، ئەو دنیا کە هەموو کتێبە ئاسمانییەکان و بیری سەرەتاییی ئادەمیزاد خۆیشی وەك دامرکێنەوەیەکی دەروونی پڕ لە ئاگری شۆڕشی ئادەمیزادی خاوەن هەست هێناویانەتە ئاراوە.

نالی کە پێوەندی چەوتی کۆمەڵایەتیی ئەم جیهانە ئەبینێ و ئەبینێ هەموو شتێ لەم کۆمەڵەدا بۆ خزمەتی کەسانی چەوت و ناڕاست و نادروست و بێ کارە و بوودەڵە و لەسەر ڕەنجی خەڵك خواردن و ژیاو دامەزراوە بێزاریی خۆی لەم دیاردەیە بەم جۆرە دەرئەبڕێ کە بڵێ:

لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خوارییی ڕاستیی دەوێ
غافڵی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا

کە خۆیشی لە بەرابەری گۆڕینی ئەو بارە نالەبارەدا بێ دەسەڵات و بی توانا ئەبینێ، جۆرە هیبییەتییەکی بەسەرا دێ و ئەڵێ:

من لە بێ بەرگیی (مەحە)م پرسی، کە بۆچ ڕووتی، گوتی
ڕەببی من شێت بم ئەگەر شاد بم بە بەرگی عارییە

جا نائومێدی دای ئەگرێ و هیوای ئەوەی نامێنێ کە لەم دنیایەدا هەرگیز خۆشی و بەختەوەری ببێ و ڕێگای هەڵاتن هەڵئەبژێرێ:

کونجی ڕاحەت، تاجی عیززەت خاریجی مەعموورەیە
کوندەبوو هەر بانگە بانگ و هودهودیش هاوارییە

پۆست و بە کۆڵی عامیری فەرمووی کەوا بۆ پوختە بوون
جەوتی سەرکێوان گەلێ چاتر لە تاڵی شارییە

بەڵام ئەم ڕێگا چەوتە، وەك هەر ئەبوو وایش بێ، دڵی دانامرکێنێ و زاخاوی دەروونی نادا. دیسانەوە پاشگەز ئەبێتەوە و دێتەوە بۆ ناو کۆڕی خەبات و ڕێگای نەترسی و ڕەنجدان و تێکۆشین ئەگرێتەوە بەر و ئەڵێ سەر کزکردن و دوورەپەرێزی کاری بێ دەسەڵاتانە:

قوش قوشی ڕاوی نەبێ، مورغی کولانە و ئاخوڕە
سەگ سەگی ڕاوی نەبێ، کادێنییو ئەنبارییە

## ٢٢

لە پارچە شیعرێکیشەوە کە گلەیی لەگەلێ سەری ژیان ئەکا تیایا، وا دێتە پێش چاو کەوا وەك لە ژیانی تایبەتیی خۆی ناڕازی بووە و وەك لە چینی دەسەڵاتداری ناو کۆمەڵ بێزار بووە و بەرەی شێخ و سۆفیی نەچووە بە دڵدا، هەروەها لە ژیانی مەلا و فەقێ و شێوەی خوێندنیان و بابەتەکانی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی ئەوانیش داخ لە دڵ بووە و وای لێك داوەتەوە کەوا خەیاڵبازی و ژیان بەفیڕۆدانە. جا ئەگەر ئەم شێوە بۆچوونەی من ڕاست بێ و ئەوەیش بهێنینەوە یاد کە مەلا و فەقێ لەو سەردەمەدا توێژی ڕۆشنبیری کۆمەڵەی کوردستانیان لێ پێك هاتووە و لەکوردستاندا کولتوورێکی بالادەستتر لە کولتووری مزگەوت و حوجرە نەبووە، ئەم پرسیارەمان لەبەردەمدا ڕاست ئەبێتەوە کەوا ئاخۆ نالی چۆن جۆرە کولتوورێکی

ویستووە؟

لەم قەسیدەیەدا کە بەم بەیتە دەست پێ ئەکا:

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پێوەندی نییە
نەی شەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە

پاش چەند بەیتێکی تر کە هەموو گلەیین لە بێ مەیلیی (حەبیبە)کەی، لە باری تایبەتی خۆیەوە ئەگوێزێتەوە بۆ باری گشتی و ئەڵێ:

ئەهلی دنیایی لەبەر حیرص و طەمەع هوشیارن
بەخوصووصی بگەڕێی مەست و خیرەدمەندی نییە
خانەقاش هەروەکو مەیخانە، کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە
واقیعەن خانەقە خۆش زەمزەمەیێکی تێدایە
بەڵا قەندی هەیە، گەندی هەیە، ڕەندی نییە
مەدرەسە، مەحبەسەیە، مەبحەثەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە

بۆیە پێشتر جۆرە دوودڵییەکم لە ڕاستیی بۆچوونەکەی خۆم دەربڕی، چونکە ئەشگونجێ نالی ئەم پارچە شیعرەی لە ئەنجامی کەڵەکەکردنی مەینەت و خەمدا وتبێ لەبەرئەوە کە لە پاشترەوە بەیتێك هەیە وا ئەگەیەنێ پاش ڕووخانی میرنشینی بابان و لەسەردەمی نیازی سەفەری حیجازدا وتبێتی و مەبەستی ئەوە بووبێ وڵاتەکە کەسێکی وەها و شتێکی ئەوتۆی تیا نەماوە دڵی پێوە ببەستێ و ژیانی تێدا بە ژیانی ناو بەندیخانە دائەنێ. بەیتەکە ئەمەیە:

طالیبی ڕاهی (حیجاز)م لە (موخالیف) هەڵدەن
بێ (نەوا) قەلبی (حەزین)م قووەتی بەندی نییە

وا دیارە هێشتا نالی فەقێ بووە یا ئەوپەڕەکەی لە سەرەتای مەلایەتیدا بووە کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هیندستانەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و تەریقەتی نەقشبەندیی بە بەرگ و باوێکی نوێوە لە ناوچەی سلێمانیدا زیندوو کردووەتەوە. مەولانا پیاوێکی بێ سەر و سەدا نەبوو.

ئاوی مەندی کۆمەڵەی ئاینیی ئەو سەردەمەی ناوچەکەی بەجۆرێ شڵەقاند کە پاش ڕۆیشتنی خۆیشی تا ماوەیەکی درەنگ ئارام نەبووەوە، بەڵکو جێپەنجەی گەورە گەورە و دیاریشی بە تێکڕای ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەرانسەری کوردستانەوە بەجێ هێشت. من لێرەدا کارم بەوە نییە لە مەولانا و ڕێبازی مەولانا و سەرەتا و ڕووداوەکان و ئەنجامی کاری مەولانا بدوێم. ئەوەی مەبەستمە بیهێنمە ئاراوە ئەوەتە نالییەك کە لە خانەقای مەولانادا ژیاوە و ژوورێکی تیا بووە، هەرچەند نازانین هەروەك مەلایەکی بێ ژن و ماڵ لەو ژوورەدا ژیاوە، لە مەلای خانەقا بووە، ئەم نالییە نە بەچاکە و نە بەخراپە ناوێکی مەولانا ناهێنێ و هەڵوێستی خۆی لەو کێشە گەورەیەی ئەو سەردەمە بە هیچ کلۆجێ دەرنابڕێ. ئێمە کە دیوانی نالی ئەخوێنینەوە وا هەست ئەکەین ئەم شاعیرە مەزنە کە لە ژیانی ئەدەبیی ناوچەکەدا، لەچاو شاعیرەکانی تری سەردەم و پاش خۆیدا، هیچی لە مەولانا کەمتر نەبووە لە ژیانی تەریقەت و سۆفیگەریدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان نە لە کوردستان و نە لە شام و نە لە ئەستەموول کە مەولانا ناوی لە هەرکام لەم سێ وڵاتەدا بەسەر زارانەوە بووە و بابەتی لێکۆڵینەوە و بەرپەرچی یەکتردانەوەی کەڵە مەلاکانی سەردەم بووە، ناوی ئەم پیاوەی بەرگوێ نەکەوتووە.

نالییەك کە لە پتر لە بیست شوێنی دیوانەکەیدا هێرش ئەباتە سەر سۆفی

و سۆفییەتی و تانووت و پلاری تاڵ و سوێریان تێ ئەگرێ و بە شووڵی باریکی تەڕی هەناری زمانی پشتیان سوور ئەکاتەوە و لە کەسیش ناترسێ ئەگەر بییەوێ ناوی کەسێ بێنێ و ئەگەر بڵێین ترسابێتیش، لە پشتیوانی و پەناداریی بابانەکان بەرخوردار بووە و کەس لەبەر ئەوە پێی نەوێراوە، بەپێچەوانەی مەولاناوە کە کۆچی یەکەمیشی بۆ بەغدا و کۆچی دووەمیشی بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ شام، ئەوەندەی کە بەهۆی فیت و ئاژاوەی ناحەزە ئاینییەکانیەوە بوو، چەند ئەوەندە لەبەر پێوەندی ناکۆکی بووە لەگەڵ میرەکانی بابان و دیارە ئەمەش هەلێکی باشی بۆ هەر کەس ڕەخساندووە کە دژی مەولانا بووبێ بە ئارەزووی خۆی و لەژێر سایەی هەڵوێستی ڕەسمیی بابانەکاندا، چەندی بوێ هەڵمەت بەرێتە سەری. ئا ئەم (نالی)یە ئەگەر مەولانای بەیەکێ لەو سۆفییانە دانابوایە کە لە دژیان دواوە، هیچ تەگەرەیەك نەبووە ڕێی لێ بگرێ و لە دژی بدوێ و بیانوویەك نەبوو بۆ ئەوەی خۆی لە ناوهێنانی بدزێتەوە.

لەمەوە من ئەگەمە ئەوە کە نالی هەڵوێستی بەرابەر بە مەولانا خراپ نەبووە و بە چاوی خراپ بۆی نەڕوانیوە. بەڵام بۆیەش بە چاکە ناوی نەهێناوە، چونکە خۆی لە دەروونیدا سەرو ساختێکی لەگەڵ سۆفیەتی نەبووە و بە هەموو هێزی دژی ئەو چوارچێوە ژیانییە بووە کە سۆفییەکان لە سنووری خۆیدا کۆ ئەکاتەوە. بە حوکمی ئەوەش کە یەکێك بووە لە پیاوماقووڵانی دەرباری بابان، بابان و مەولانا و بەڵکو بابان و تێکڕای پیاوانی ئاین پێوەندێکی ئەوەندە کۆکیان لە نێواندا نەبووە[٣٥]، بۆی

---

٣٥- ئەم قسەیەم بەوە هەڵناوەشێتەوە کە بابانەکان چەند مزگەوتیان لە سلێمانیدا کردووەتەوە و مەلای گەورە گەورەیان لە هەموو لایەکەوە هێناوەتە لای خۆیان، چونکە باری کۆمەڵایەتی ئەمەی لەسەر پێویست کردوون و ناکۆکی و کێشەی نێوان مەلایان و حوکمڕانان بەم جۆرە هەڵوێستە ناچارییانە هەڵنەوەشاوەتەوە. ڕیچ لە گەشتەکەیدا ئەگێڕێتەوە کەوا عوسمان بەگی بابان لێی پرسیوە: ئاخۆ قەشەکانی =

نەگونجاوە چاکەی بڵێ.

هۆیەکی تریشم بۆ ئەمە بەدڵدا دێ کە ئەوەیە مەولانایش و نالییش هەردوو لە هۆزی مکایەڵین و لەوانەیە کێشەیەکی خێڵەکی لەنێوان بنەماڵەی هەردوولادا بووبێ ڕێگای لەوە گرتبێ نالی دانێکی خێر بە مەولانادا بنێ و لەولاشەوە پاکیی دەروونی ڕێگای ئەوەی نەدابێ بە خراپە ناوی ببا.

هەر چۆن بێ ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکە پێویستی بە بەدوادا گەڕانێکی وردتر و قووڵترە و تەنیا بەوە هەموو شتێ نابڕێتەوە کەسێك خۆی حەزی لە چارەی مەولانا نەبێ لە خۆیەوە بێت بە مەعنا لێدانەوەی بێ سەروبن و بە زۆر داسەپاندنی بۆچوونی خۆی بییەوێ خوێندەواران بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە نالی هەرچیی بە شێخ و سۆفی وتووە، مەبەستی لە مەولانا بووە و نەشتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە سووك و سادەیە بداتەوە کە ئەگەر ڕاستە وایە وەك جەنابتان ئەفەرموون، ئەی بۆچی جارێك ناوی مەولانا بە زمانیدا نایەت، خۆ زمانی ناسووتی.

## ٢٤

لە شیعری نالیدا ڕێبازی فەلسەفە، بە مەعنا زاراوەییەکەی، ئەوەندە دیاری نادا. لە چەند پارچە شیعرێکیدا بۆن و بەرامەیەکی قەدەرییەت[٣٦]

= ئێوە ئەوێرن لە حوزووری پادشاکانتاندا دانیشن؟ ئەڵێ: منیش وتم: نەخەیر. عوسمان بەگ ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، ڕووی دەمی کردە هەندێ لەوانەی لای دانیشتبوون و وتی: سەیرکەن، سەیر، لە وڵاتی ئەواندا مەلا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە (بڕوانەرە: کلۆدیۆس جیمس ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١).

٣٦- قەدەرییەت (القدرية) یەکێکە لە پێڕەوە فەلسەفییە ئیسلامییەکان. بەلای ئەهلی سوننەتەوە بە (بیدعەت) واتە شتی داهێنراوی لە ئیسلامدا نەبوو دائەنرێ. قەدەرییەکان لایان وایە بنیادەم لەبەردەم ئیرادەی خوادا وەك پووشکەیەك وایە با بەم لاو بەولایدا بەرێ و دەسەڵاتی هیچی نییە و هەرچی ئەکا خوا لە ئەزەلدا لەسەری نووسیووە کە ئەبێ ئەو کارە بکا ئیتر =

دێ[٣٧] کە ئەویش ڕەنگدانەوەی موسوڵمانەتییە ئەشعەرییانەکەیەتی.

ئەشعەرییایەتی و قەدەرییەتیش ئەوەندە لێك نزیکن تەنانەت زۆر کەس لە بەراوردکردنی قەدەرییەت و ئەشعەرییەتدا لە جیاوازییەکەیان حاڵی نەبوون، بۆیەش وتوویانە «اخفى من كسب الأشعري» واتە: فڵانە شت لە توانای شت وەدەستهێنانی ئادەمیزاد بە بیروڕای ئەشعەری، نهێنیتر و سەر لێ دەرنەچووترە.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ لەم جۆرە فەلسەفەکارییەی نالی بدوێین، چونکە لە ڕاستیدا دیمەنێکی موسوڵمانەتییە کە هەر مەلایەکی تری سەردەمی خۆی هاوبەشی بووە تیایدا. بەڵام ئەو بەیتەی پارچە شیعری باسی گوێرێژەکەیی پێ دوایی هێناوە و ئەڵێ:

چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیگوت (نالیا)
هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

بۆنێکی بیری (تناسخ الارواح[٣٨])ی لێ دێ. وەك بڵێی مەبەستی نالی ئەوە

---

= چاك بێ یا خراپ بێ. ئەشعەرییەتیش پێڕەوێکە لە پێڕەوەکانی ئەهلی سوننەت ئەچێتەوە سەر ئیمامی ئەشعەری. بەپێی ئەم پێڕەوە خوا دروستکەری کاری بەندەیە و بەندە خۆی کاسبیەتی، بەڵام ئەم کەسبەی ئەشعەرییەکان ئەوەندە بێ دەسەڵاتانەیە لەوانەیە بە جۆرە قەدەرییەتێکی تەنیا بە ناو جیاواز دابنرێ.

٣٧- بۆ نموونە بڕوانەرە پارچە شیعری «ئەحوەلی تەفرەتە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا» و پارچە شیعری «نەفەس بگرە لە هاتوچوویی خۆڕایی هەتا ماوی» یەکەمیان لە لاپەڕە ٩٧ - ١٠٠ و دووەمیان لە لاپەڕە ٦٧٩ - ٦٩٠ی دیوانی نالیدا بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم.

٣٨- تناسخ الارواح: گواستنەوەی گیان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر، جا لەشی ئادەمیزاد بێ یا هەر گیان لەبەرێکی تر. ئەم باوەڕە لە گەلێ کولتووردا باوە. دیاریکردنی ئەو لەشەش کە گیانەکە (پاش مردنی خاوەنەکەی) ئەگوێزێتەوە بۆی، بەسراوە بە ڕەوشتیەوە لە ژیانی پێشوویدا (الموسوعة العربية المسيرة، دانانی لیژنەیەك، ل ٥٤٨، القاهره ١٩٦٥).

بووبێ بە زمانی گوێرێژەکەیەوە بڵێ: کێ ئەڵێ ئێمە هەردووکمان لە ڕووی ڕۆحەوە یەك نین؟ خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی (وحدة الوجود[٣٩]ەوە بڕوانینە قسەکە، ئەوە واتە: هەرچی لەم گێتییەدا هەیە لە گەوهەردا یەك شتە، بەڵام بە سەر و سوورەت و شکڵ و شێوەی جیاجیا خۆی ئەنوێنێ.

## ٢٥

شیعری نالی، بە باڵای نێرینەدا هەڵدانیشی تیایە. ئەوەی من پێی بزانم ئەدەبی ئیسلامی، بە عەرەبی بێ یا فارسی یا کوردی[٤٠] یا تورکی[٤١]، لەم مەیدانەدا هەژار نییە، هەرچەندیش هەموو جارێ مەبەست لەم نێرینەیە مەفهوومە جینسییەکەی نییە و هەرچەندیش ئەوانەی ئەیانەوێ هەموو شتێ بە سەنگ و ترازووی ئاین بکێشن و پڕکێشی ناکەن پێشینان بە گوناهکەر و شتی ناپەسەند لێوەشاوە دابنێن، بۆیە دێن باسی نێرینە و زەمیر بۆ نێرینە گەڕانەوەی ناو شیعری ئیسلامی وا پینە ئەکەن کەوا بۆ

٣٩– وحدة الوجود: پیرەوێکی فەلسەفییە، خواو گێتی، یان سروشت و گێتی ئەکا بەیەك و باوەڕی تەنیا بە یەکبوون هەیە کە بوونی خوا یا بوونی سروشتە. ئەم فەلسەفەیە لای هەندێ ڕیشەیەکی ئاینیی هەیە کە بردنەوەی هەموو شتە بۆ سەر خودا وەك بەڕاهماییەکان ئەڵێن و لایان وایە (بەڕاهما) تاقە ڕاستییەکە کە هەبێ و هەموو بووەکانی تر لەوەوە ئەزانن و بە نیشانە و دیمەنی ئەوی دائەنێن. لای هەندێکی تریش ڕیشەیەکی زانستیی هەیە کە مەبەستی لێکدانەوەی گۆڕان و جێگیرییە لە جیهاندا. ئەم فەلسەفەیە لەناو یۆنانییەکان و مەسیحییەکاندا بووە و لای گەلێ لە فەیلەسووفە ئیسلامەکانیش دەنگی داوەتەوە و گەیشتووەتە فەلسەفەی نوێیش (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤٥[بە هەندێ دەسکارییەوە]).

٤٠– ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەدەبی نەتەوەییی کوردی، کە شیعری لەسەر کێشی پەنجەیە، ڕووی دەم ئەکاتە ئافرەت نەك نێرینە، بە پێچەوانەی ئەدەبی لەسەر عەرووزی عەرەبی وتراوەوە کە هەردوو جۆرەکەی تیایە.

٤١– نازانم، لەوانەیە ئەدەبی گەلە موسوڵمانەکانی تریش هەر بەم جۆرە بێ.

(یار) و (مەحبووب) و شتی وا ئەگەڕێتەوە و مەبەست لێی نێرینە نییە.

بەڵام ئەگەر ئێمە بێین سەرنجی کۆمەڵگای داخراوی پێش ئیسلامی عەرەب و پاش ئیسلامی عەرەب و هەموو گەلە موسوڵمانەکان بدەین کە مادەم لەسەر ڕێی شەرع جووڵابنەوە نێر و مێیان تێدا دوور لە یەك ژیاون و لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نەبووە ئەگەر نێرینە هەر لەگەڵ نێرینە هەڵسابێ و دانیشتبێ و زیاتر هەر ئەوی دیبێ و وردە وردە کارەکە گەیشتبێتە ڕادەیەك نێرینە لە نێرینە بەدوای جوانیدا بگەڕێ و گۆرانی بە بالای ئەودا بڵێ و سەرەنجامی کار لەبەرئەوە کە نێرینە، با منداڵ و جوانیش بێ، بە نامەحرەمی شەرعی دانەنراوە و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵیا ڕەوا بووە، مەسەلەکە وا تەشەنەی کردبێ هیچ نەبێ لە سەردەمێکی تەمەندا نێرینە لە ڕێگای چەوتی هاوسەری لەگەڵ نێرینەوە کاری خۆی ڕاپەڕاندبێ – ئەگەر ئێمە سەرنجێکی ئەم ڕاستییە بدەین ئەگەینە ئەوە کە ئەم لە نێرینە دوانەی شیعری ئیسلامی، شتێکی بێ پێچ و پەنایە و هەر لەگەڵ نێرینە ئەدوێ و بە هیچ کلۆجێ ئەو پینە و پەڕۆیە سەر ناگرێ کە پینەچییە ئاینییەکانی ئەدەب ئەیانەوێ ئەم کون و کەلەبەرە گەورانەی پێ بگرن.

بەڵکو ئەگەر ئەم جۆرە شیعرە لە سروشت و ڕەوشتی تایبەتی و باری ڕاستەقینەی هەڵسوکەوتی شاعیرەکە خۆیشیەوە هەڵنەقولابێ و هەر لاساییکردنەوەیەکی ڕووتی ئەدەبی باو بێ، ئەوە هەر ئەمێنێتەوە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەکەدا زەمینەکی پتەوی بووە بۆیە دروست بووە.

تەنانەت ئەم (مامەڵە) لەگەڵ نێرینە کردنە لەناو کۆمەڵدا بەجۆرێ بووە باسی لە قورئانی پیرۆزیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا لە لایەکدا قورئان کە باسی (قەومی لووت) ئەکا ئەفەرمووێ «ولما جاءت رسلنا لوطا، سیىء بهم وضاق بهم ذرعا وقال هذا یوم عصیب. وجاء قومه یهرعون الیه ومن قبل کانوا یعملون السیئات، قال یا قوم هؤلاء بناتی هن اطهر لکم، فاتقوا الله

ولاتخزونى فى ضيفى، اليس منكم رجل رشيد. قالوا لقد علمت ما لنا فى بناتك من حق وانك لتعلم ما نريد. قال لو ان لى بكم قوة أو آوى الى ركن شديد.. الآية»[٤٢]. واتە: کاتێ کە فروستادەکانمان (مەبەستی لە فریشتەکانە کە لە شێوەی ئادەمیزاددا هاتوون بۆ لای حەزرەتی لووت) هاتن بۆ لای لووت، پێی ناخۆش بوو دنیای لێ وەتەنگ هات و وتی ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە. هۆزەکەی بەهەڵەداوان هاتنە سەری و پێشتریش هەروا کاری بەدیان ئەکرد. لووت پێی وتن: خەڵکینە، فەرموون ئەوە کچەکانی خۆم، ئەمان چاکتر دەست ئەدەن بۆتان و خاوێنترن. لای میوانەکانم سەرشۆڕم مەکەن، ئەوە ئێوە کەسێکی فامیدەتان تیا نییە؟ ئەوانیش وتیان تۆ خۆت ئەزانی ئێمە هیچ هەقێکمان بە کچەکانتەوە نییە و تۆ خۆت ئەزانی چیمان ئەوێ. لووتیش وتی خۆزگە دەسەڵاتم بەسەرتانا ئەبوو، یا پەنام ئەبردە بەر شوێنێ دەستی ئێوەی نەگاتێ.. تا دواین ئایەتەکان. هەروەها ئەفەرموێت: «وجاء اهل المدينة يستبشرون. قال ان هؤلاء ضيفى فلا تفضحون. واتقوا الله ولا تخزون. قالوا أو لم ننهك عن العالمين. قال هؤلاء بناتى ان كنتم فاعلين.. الآية»[٤٣] واتە: خەڵکی شارەکە (کە زانییان هەندێ پیاو بە میوانی هاتوون بۆ لای لووت) بە خۆشی خۆشییەوە هاتن. لووتیش پێی وتن ئەمانە میوانمن ئابڕووم مەبەن. ئەوانیش وتیان پێمان نەوتی هەقت بەسەر ئەم خەڵکەوە نەبێ؟ لووتیش وتی ئەوە کچەکانی خۆم ئەگەر ئەتانەوێ بکەن.. بەڵکو لە باسی ئەهلی بەهەشتیشدا ئەفەرموێت: «ويطوف عليهم غلمان لهم كأنهم لؤلؤ مكنون..»[٤٤] واتە: خوڵام (لاوی تازە هەڵچوو)ی وەك مرواریی شارراوەی ناو سەدەفیان بەسەردا ئەگەڕێ (شەرابیان ئەداتێ).. جا کە

---

٤٢– القرآن الكريم، سورة هود، الآيات ٧٨ – ٨١.

٤٣– القرآن الكريم، سورة الحجر، الآيات ٦٨ – ٧٢.

٤٤– القرآن الكريم، سورة الطور، الآية ٢٥.

مەسەلەی پێوەند لەگەڵ نێرینە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەم جۆرە بێ و لە ئەدەبیشدا گەیشتبێتە سەر زمانی هەر شاعیرێکی خاوەن بەهرە، سەیر نییە ئەگەر (نالی)یش لەم کاروانە گەورەیە و لەم ڕێچکە درێژە دوا نەکەوتبێ و ئەویش شتێکی ئەوتۆی لە ئاوەڵەکانی جیا نەبێ.

ڕاستەکەی شیعرەکانیشی کە لەم بابەتە ئەدوێن، مەیدانی هیچ پینە و پەڕۆیەکی نا پێویست بۆ کەس ناهێڵنەوە.

کە نالی قەسیدەیەکی ١٧ بەیتی تەرخان بکا بۆ هەڵاوێردنی کچ بەسەر کوڕدا، بێگومان ئەوە هەر نەبێ ئەوەندە ئەگەیێنێ کە مەسەلەکە مەسەلەی لێکدانەوەیەکی دوورودرێژ و بەراوردکردنێکی زۆر بووە و گەلێ کەس کوڕیان لە مەیدانی ئارەزووڕانیدا لە کچ پێ باشتر بووە. تەنانەت هەندێ لە شاعیرەکان بەرپەرچی نالیشیان داوەتەوە و کوڕیان هەڵاوێردووە[٤٥].

بەڵکو نالی خۆیشی کە کچی هەڵاوێردووە، بۆچوونێکی هەر لەو قەسیدەیەیدا هەیە وای لێوە حاڵی ئەبین کەوا لە قۆناغێکی تایبەتیی تەمەندا کوڕیش بەربەرەکانێی کچی پێ ئەکرێ و جێی ئەو ئەتوانێ بگرێتەوە. ئەوەتە ئەڵێ:

کوڕ تازەو و تەڕ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و زیبا کچ.

فەرموون ئەمەش تەواوی ئەم قەسیدەیەی نالی:

**عیشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ و، سەلما کچ و عەذرا کچ**

---

٤٥- بۆنموونە؛ بڕوانەرە: دیوانی شاعیری بەناوبانگ مصباح الدیوان، ڕیکخەر و کۆکەرەوەی بەشیر موشیر، ل ٤١ - ٤٤، بەغدا ١٩٣٩؛ دیوانی حەریق، مەلا صاڵحی زێویەیی، ل ٢٢ - ٢٤، کەرکووک ١٩٦٩، هەرچەندیش مەسەلەکەی لە ژێر ڕووپۆشێکی ئاینی و سۆفیەتیدا خستووەتە ڕوو.

فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن، وەك فەرقی مەهـ و میهرە
ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەك فەرقە لە کوڕ تا کچ

مەهـ مەهـ لە مەهی سادە، یەعنی لە قەمەر لادە
هەم شەمس و ثورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ

بێ بێنە گوڵی ژاڵە، هەم بێ بەرە، هەم تاڵە
قەد سەروو سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ

کوڕ وەك گوڵی گوڵزارە، ئەمما ثەمەری خارە
وەك هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موصەففا کچ

کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە
وەك شانەیی هەنگوینە بۆ لەذذەتی دنیا کچ

جەزلی ثەمەر و سایە بۆ صەولەتی ئەعدا کوڕ
نەخلی ثەمەر و مایە بۆ دەوڵەتی دنیا کچ

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنیا کچ

موو سونبولی ناشوفتە، دوڕ دانەیی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشگوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ

کوڕ ئاینەیی حوسنی، تا وەك کچە، مەنظوورە
گرتی کە غوباری موو، چینی کوڕ و مینا کچ

کوڕ تازەوو تەڕ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و زیبا کچ

بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر چینی
مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بۆیا کچ

هەم گوڵبەنی بێ خاری، هەم مەزرەعی ئەزهاری
هەم مەخزەنی ئەسراری ئیثباتی مەزایا کچ

جەنـنـەت پـڕی ویلدانە، خـادیم هـەموو غیلمـانـە
خانم کە تێدا حۆرین یەکسەر هەموو حەسنا کچ

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یووسف کوڕی یەعقووبە
کـچ بـوو بـە خـڕیـداری یـەعـنـی کـە زولـیـخـا کـچ

صیددیق و عەزیز هەروەك یووسف کە نەبی بوو کوڕ
صیددیقـەیی مـەعصوومـە وەك داکی مـەسیحـا کچ

بـابێکی هـەیـە دونیـا بۆ عـەشقی مـەجـازی، بـەس
(نـالـی) چـیـیـە ئـەو بـابـە، ئـادەم کوڕ و حـەووا کـچ

ئەگەر بشڵێین ئەم قەسیدەیەی نالی بەرپەرچدانەوەی ئەوانەیە کە بە بەلای کوڕدا هەڵئەدەن و ئێمەش خۆمان لامان وایە و مەبەستی سەرەکیمان لە هێنانە ئارای ئەم قەسیدەیە پێ سەلماندنی بەشداریکردنی نالی بوو لەو کـێشەیـەی نـێوان (جـوان پـەرستـان)دا، بـا خـۆیشی لـەو کـێشەیـەدا ڕێگـا ڕاستەکەی هەڵبژاردبێ، هێشتا بەڵگەی تر هەیە نیشانەی بەبالای کوڕدا هەڵدانی نالی بێ. غەزەلەکەی نالی کە بەشان و باڵی خولامەکانی ئەحمەد پـاشادا هـەڵـئـەدا تـیـایدا، پڕە لـە مـەدحی ئـەو خولامـە تـازە هـەڵچـووانـە و بەئاشکرا ئەوەشی لێوە دەرئەکەوێ کە پاشا خۆیشی هەر لەبەر جوانییان، وەك کۆمەڵە لاوێکی جوان و ناسك و نازداری تازە هەڵچوو، کردوونی بە (پیاو)ی بەردەرگای خۆی. ئەمەش تەواوی ئەو غەزەلە:

ئـەم تـاقـمـە مـومـتـازە کـەوا خـاصـەیـی شاهـن
ئـاشووبـی دڵـی مـەمـلـەکـەت و قـەلـبـی سوپـاهـن

صەف صەف کە دەوەستن بە نەظەر خەططی شوعاعن
حـەڵـقـە کـە دەبـەستـن وەکـو خـەرمـانـەیـی مـاهـن

نـەرگس نـیـگـەهـ و ساق سەمـەن، کـورتـە بـەنـەفشەن
مـوو سونـبـول و ڕوومـەت گـوڵ و هـەم لالـە کـولاهـن

گـوڵـزاری دەر و دەشتـن و غـیـلـمـانـی بـەهـەشتـن
ئـاهـوو صەف و ئـاتـەش بـە کـەف و تـیـز نـیگـاهـن

صەحـرا بـە تـەجـەلـلـی دەکـەنـە وادیـیـی ئـەیـمـەن
قـامـەت شەجـەر و مـەظـهـەری ئـەڵـطـافـی ئـیـلاهـن

گـەه طـاوس و گـەه کـەبـکـن و گـەه بـۆقـەلـەمـوونـن
گـەه ئـاتـەش و گـەه شوعـلـە، گـەهــێ دوودی سیـاهـن

لالـەن بـە بـەدەن، ئـەتـڵـەسی ئـەخـضـەر کـە لـەبـەرکـەن
نـەورەستـە گـوڵـن، بـەستـە لـەگـەڵ دەستـە گـیـاهـن

تـەنـهـایـی سەمـەن بـەرگـی بـەنـەوشە کـە لـەبـەر کـەن،
وەك نـووری دڵـی مـوئـمـیـن و ظـوڵـمـاتـی گـونـاهـن

بــۆ سەیــری خـــەرامــیــدەنـــی ئـــەم سەر و قـــەدانــە
صۆفـی لـە طـەڵـەبـدان و هـەمـوو سالـیـکـی ڕاهـن

بـۆ زوڵـف و ڕوخ و ئـەبـرووی چـون زوڵـفـی سیـاتـان
عـالــەم وەکـو (نـالـی) هـەمـوو بـەنـاڵـەوو ئـاهـن

(نـالـی) بـە خـودا حـەیـفـە دەڕەنـجـێنی دڵـی خـۆت
ئـەم تـاقـمـە مـەخـصووصە هـەمـوو صاحـێبـی جـاهـن

لە غەزەلی (ئەی قەلعەیی ماهم)یشدا نموونەیەکی تری گەشی ئەم بە باڵای نێرینەدا هەڵدانە هەیە. ئەوەتە نالی لەم غەزەلەیدا ئەڵێ:

بـۆ مـەجـلـیس و یـاری سەبـەبـی شەوق و سیـراجـی
بـــۆ ڕاو و سواری عـــەلـــەمـــی زیــن و سورووجـــی

صەد حەیفی لە بۆ کەعبەیی حوسنت کە بەسەریا
نـەجـجـاشیـیـی خـەط هـاتـووە، نـێزیـکـە خورووجی

هەرچەندە دەکەن قەطعی سەرت، دێیەوە ئەی خەط
وەك (هیندووی سەحاری مەجووسی) چ لەجووجی

ئێمە لە سەرەتای ئەم زنجیرە باسانەدا وتمان مەبەستمان ناسینەوەی نالییە لە ڕێگای شیعرەکانییەوە، کەچی لەم بەشەی ئەم ئەڵقەیەیدا لەوە دواین کە ئاخۆ شیعری بەباڵای نێرینەدا وتن لە دیوانەکەیدا هەیە یا نە و گەیشتینە ئەوە کە هەیە. کەچی مەبەستی سەرەکی ئەبێ زانینی هەڵوێستی بێ بەرابەر بەخۆشویستنی نێرینە و دڵداری لەگەڵ کردنی.

ڕاستەکەی ئەو چەند پارچە شیعری نالی دەستمان ئەخەنە سەر بۆرە ئارەزوویەکی لەم بابەتەی. بەڵام چونکە لەلایەکەوە هەر لە شیعری نالی خۆیەوە بۆمان دەرکەوتووە کەوا حەزی لە ئافرەتێکی (حەبیبە) ناو بووە، لامان وایە هەر بەم بابەتەی دڵدارییەوە خۆی خەریك کردبێ و، ئەو دوو سێ ئیشارەتە نیوە و ناتەواوەشی بۆ جوانیی نێرینە و ئەو بە نێرینەدا هەڵدانە کەموکورتەی، بەرهەمی ماوەیەکی کەمی ئالانی لە جۆرە ژیانێکی ترەوە بووبێ لە دەرباری بابانەکان و لەناو کۆڕە ئەدەبییەکانی سلێمانیدا.

## ٢٦

لە دیوانی نالیدا کۆمەڵێك شیعری وا بەرچاو ئەکەوێ لە بابەتی شەهوەترانی[٤٦] ئەدوێ، بەڵام ئەوەشیان تیا سەرنج ئەدرێ کە نەیتوانیوە بێ پەروا قسە بکا و بێ پێچ و پەنا داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێ. بۆیە یا پەنای بردووەتە بەر تەورییە و تەورییەکاری و لە ژێر پەردەی تەم و مژێکی چڕ و خەستدا لەم بابەتە دواوە وەکو لە غەزەلی «ئیلتیقای پۆڵاو و ئاسن...» و قەسیدەی «شەوی بەهاری جوانی»دا، یان مەسەلەکەی خستووەتە قاڵبی

٤٦– مەبەستم لەم زاراوەیە ئەو شتانەیە کە بەجۆرێك پێوەندییان بە خەریکبوونی کاری جینسییەوە ببێ.

خەوبینین و خەیاڵ کردنەوە وەکو لە قەسیدەی «مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە..»دا.

گلەیی لە نالی ناکرێ کە بۆچی وابووە. تەنانەت ئێستاش کە عەیبە و شوورەیی لە مەیدانی شەهوەتڕانیدا تاڕادەیەکی زۆر کز بووەو بەڵکو زۆریشی نەماوە، هێشتا شاعیرێك یا چیرۆکنووسێك نابینی بتوانێ لە ژێر پەردەوە نەبێ دەم بۆ ئەم بابەتە دەم درێژ بکا. ئەوە هەر شێخ ڕەزایە کە لە ئەدەبی کورددا بووە بەتاقانە شۆڕەسواری ئەم مەیدانە و ڕمی خۆی بەرز کردووەتەوە و هەرچی سەرپۆشی شەرم و شکۆیە لە ڕووی ئەدەبی داماڵیوە.

ئێمە کە باسی شیعری شەهوەتڕانی لە ئەدەبی نالیدا ئەکەین، ئەوەمان لەبەر خاتری بابەتەکە خۆی مەبەست نییە کە ئاخۆ شیعری وای وتووە یا نە، چونکە پێوەندێکی بە بابەتی ئەم باسەمانەوە نییە. ئەوەی مەبەستمانە ئەوەتە بزانین لە ڕێگای پیاچوونەوەی ئەم جۆرە شیعرەی نالییەوە ئەگەینە چ مەبەستێك؟ ئاخۆ ئەگەینە ئەوە کە نالی لە «تاقیکردنەوە»وە قسە ئەکا، کە ئەوەش لەوانەیە بە هەرجۆر بۆمان ڕوون بکاتەوە ئاخۆ ژنی هێناوە یا نە، یاخۆ قسەکانی نیشانەی ئەوەن کە کابرایەکی لەم مەیدانەدا «بەتەجرەبە» و «دنیادیدە» نەبووە؟

پارچەی دووەم تەنیا لە دەرگای بابەتەکەدا ئەوەستێ و ناچێتە ژوورەوە. پارچەی سێیەمیش کە قەسیدەکەی لەمەڕ «مەستوورە»یە، بە بۆچوونی من، نیشانەیەکی «شارەزایی»ی تیا نییە و وا ئەگەیەنێ نالی تا ئەوکاتەش کە ئەو قەسیدەیەی وتووە، لەم بابەتەدا چێوی هەر لە تاریکی وەشاندووە، ئەگینا شتی وا زۆر بوو بە باسکردنیان بتوانێ بایەخێکی تر بە قەسیدەکەی بدات و ئەوصافەکانی کە هێناونیەوە زیاتر و ڕازاوەتر بکات.

بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان ناوەڕۆکی ئەم قەسیدەیە و گەلێ تاقە بەیت یا چوارخشتەکیی شێخ ڕەزادا نیشانەیەکی ڕاستیی ئەم بۆچوونەی

منن، کە ئەو بەدارشتنێکی هونەرمەندانە وامان ئەخاتە بەرچاو بنیادەم مەگەر هەر بە دیتنی بە چاو بتوانێ مەسەلەکە وا ببینێ و لێی حاڵی ببێ.

بەڵام کە سەرە دێتە سەر غەزەلی «ئیلتیقای پۆڵاو و ئاسن..» مەسەلەکە بە تەواوی وەرئەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەوەی نالی جاران بە بیستن باسی بیستبوو بە دیتن ئەیبینێتەوە و بەڵگەی ئاشکرامان لە بەردەمدا قیت ئەبێتەوە کەوا نالی وەك جاران چێو لە تاریکی ناهاوێ و کابرایەکی خاوەن تەجرەبە و دنیا دیدە و ئاگادارە.

جارێ با پێشان تەواوی پارچە شیعرەکە بگێڕینەوە، ئەوجا شوێن بەڵگەی قسەکانی خۆمانی تیا دیاری بکەین:

ئیلتیقای پۆڵاوو ئاسن هەر نیزاعە و گیرو دار
جەمعی ماء و نار و زەند و زەندەوو مەرخ و عەفار

ئەم لەسەر تەعظیم و گەورەگرتنی ئەو بێ قوصوور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی ژاری مار

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکوو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەك و قەطرە هەزار

ئەم بە چاو دوڕڕ و بەسەر لەعلی هەدیییەی بۆ دەبا
ئەم بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار

نەظمی (نالی) میثلی ئاو و ئاینە ڕەنگی نییە
دو ڕووە بۆ سەیری خاطر، یەك خەفی و یەك ئاشکار

لە لێکدانەوەی ئەم پارچە شیعرەوە ئەم ئەنجامانەمان دەسگیر ئەبێ:

لەبەیتی یەکەمدا دانانی پیاو بە (پۆڵا) لەوەدا کە (شتەکەی) لە ڕەقی و قنجیدا وەك چەکوشە و چەکوشیش ئەگەر چەکوشی کاری سەخت بێ دیارە لە پۆڵا دروست ئەکرێ و دانانی ژن بە (ئاسن) کە ئاسن بۆ پیاوی بەهێز

نـەرم ئـەکـرێ وەك قـورئـان لـە بـاسی حـەزرەتـی داوودا ئـەڵـێ: «وألـنـا لـە الحدید»[٤٧] واتە ئاسنمان بۆ نەرم کرد، دانانی پیاو بە (ئاو) چونکە ئەم بە ئاشکرا ئاو ئەڕێژێ و دانانی ئافرەت بە (ئاگر) کە مەشهوورە ئافرەت گەرمە و ئاو بە ئاگرا ئەکرێ و شوێنەکەشی کە ئاوی پیا ئەکرێ وەك ئاگر سوورە.

سەرەڕای ئەوەش کە (ماء) لە عەرەبیدا (موذەککەر) و (نار) (موئەننەث)ە، هەروەها دانانی پیاو بە (مەرخ) و ژن بە (عەفار) کە (مەرخ) بە مەعنای (چەورکردن) و (چڵدرێژی) و (ئاوڕژان) دێ و دارێکی ئاگر لێ بووەوەشە ئـەگـەر لـەگـەڵ (عـەفـار) بدرێن لـەیـەك و لـەولاشەوە (عـەفـار) لـە (عـەفر)ەوە هـاتـووە کـە بـە مـەعـنـای (لـە خـۆڵـدا گـەوزاندن)ەو ژنیش ئـەخرێتـە ژێر و ئەگەوزێنرێ و بەمەعنای دارێکیشە ئاگری لێ ئەبێتەوە،

لە بەیتی سێیەمیشدا شوبهاندنی هینەکەی ئافرەت بە (گوڵ خەندەران) کە ڕواوێکـی لـە چـەشنـی ڕواوی لـفـکـەیـە کـە بـکـرێتـەوە و نـاوەکـەی سوورە و تەڕاییەکی لینجی تیایە و ناوکەکانی وەك ددان دەرئەکەون، کە ئەمەش شوبهاندنێکی باش و پڕبەپێستە.

لە بەیتی چوارەمیشدا شوبهاندنی هینەکەی پیاو بە پلووسکی شکاو کە هەموولایەکی تەڕ بێ و تفی لێ هەڵسوابێ، کە تفەکەش پاداشی بەدیاری بردنی دڵۆپی مرواریی کونەکەی چاوی و لەعلی سووری سەلکەکەیەتی بۆ ئەو، واتە بۆ هینەکەی ئافرەت، لەگەڵ تەڕییشی لە هەموو لایەکەوە.

هەموو ئەم وردەکاری و لێدوانەی ناوەوەی ئافرەت، نیشانەی ئەوەن کە نالی دواجار تەقەی خۆی کردووە  و دەستی خۆی وەشاندووە و بە ناکامی سەری نـەبـردووەتـە ژێر گڵ و ئـەم ڕاستـیـیـەشمـان لـە سایـەی ئـەم غـەزەلـە کورتەی نالی خۆیەوە بۆ دەرکەوت.

---

٤٧- القرأن الکریم، سورة سبآ، الآیة١٠.

٢٧

ئەگەر وشەی (طەبع) لە بەیتی:

لایقی مەخزەنی طەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قابیلی ضەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەثەلم

دا بە (چاپ) مەعنا لێ بدەینەوە کە بەراورد لەگەڵ (قابیلی ضەربی ڕەواجە) ئەوە بۆچوونی ڕێ تێچووتر و نزیکترە لەوە کە بە (طەبیعەت)ی ئینسانیی مەعنا لێ بدەینەوە، ئەگەینە ئەوە کە نالی بە ئاواتی ئەوەوە بووە شیعرەکانی لە چاپ بدرێن. ئاشکرایە ئەمەش ئاواتێکی گەش و پیرۆزە و وا ئەگەیەنێ کە نالی نەیویستووە لە قاوغی پاشکەوتووی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بسووڕێتەوە. دیارە لە سەردەمی نالیدا چاپەمەنی گەیشتووەتە کوردستان و وەنەبێ تەنیا لە حیجاز و شام و ئەستەمووڵ دیبێتی. وەك پێشتریش باسمان کرد و ڕاستمان کردەوە، نالی هیچ نەبێ تا ١٨٤٧ لە سلێمانی بووە. یەکەمین چاپکراوێکی کوردییش کە دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، لە ساڵی ١٨٤٤دا لە ئەستەمووڵ لە چاپ دراوە. کەسیش گومانی لەوەدا نییە کە نالییش لەو ساڵەدا لە ژیاندا بووە.

## پاشبەند

چەند پارچە شیعرێکی تازە دۆزراوەی نالی

### ١[1]

کەی دەبێ یارب کە دەستی ما وە دامانی ببێ
دڵ غـولامی دوو غـولامـانی ببێ[2]

ئەرغەوان و نەرگس و ڕەیحانەیە بوستانی ڕووی
قەت کەست دیوە کە بەم ڕەنگە گولوستانی ببێ[3]

حەلقە حەلقەی زوڵفی هاڵاوە لە دەوری ڕوومەتی
وەك سییەهـ ماری لەسەر گەنجێ کە خێزانی ببێ[4]

جەشنی قوربانە شوکر، ئەوڕۆ، بەقوربان، هاتووە
دڵ فیدای فیتراکی زوڵفی، سەر بە قوربانی ببێ[5]

خۆشە وا شیرین قەدەم گەر بنێ لەسەر چاوم قەدەم
دیدە، ئەممـا مـن دەترسم ئێشی موژگانی ببێ[6]

(نالی)یە عاشق بە ڕووتە یا برەوتە یا برۆت
ئارەزووی موشکینی ڕووتە، گوێت لە گریانی ببێ[7]

---

١- ئەم پارچە شیعرەو پارچەی پاشەوەی، ئەدەبدۆستێك بەهۆی ڕۆژنامەی (عێراق)ەوە بۆ باوکمی ناردبوون. بەداخەوە ناوونیشانی خۆی لەگەڵیان نەناردبوو. پێشتریش ئەم پارچەیان لەلایەن کاك (محەمەد پژدەری) ناوێکەوە لە ژمارە (٢٧)ی پاشبەندی کوردیی عێراقدا بڵاوکراوەتەوە. بۆیە ڕەنگ بێ هەر ئەویش بووبێ پارچە شیعرەکانی بۆ باوکم ناردبێ، بەتایبەتی کە ئەو وێنەی دەسنووسە کە لە عێراقدا بڵاوکراوەتەوە و ئەو فۆتۆیەی بۆباوکم نێرراوە هەر یەك خەتن. لەبەر ئەوەی لە عێراقدا هەندێ شوێنی پارچە شیعرەکە بە هەڵە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی نوێ، بە باشم زانی سەر

لەنوێ لەم دەرفەتەدا بڵاوی بکەمەوە. لە دەسنووسەکەدا لە داوێنی لاپەڕەکەوە نووسراوە: «کاتب الحروف کمترین خلق الله علی ولد میرزا عبدالقادر». ئەمەیان لەگەڵ پارچە شیعرێکی تری بڵاوکراوەی نالی و پارچە شیعرێکی (فیکری) دوو لاپەڕەی بەیازێك و دووەمیان لاپەڕەی کەشکۆڵێکە.

لێرەدا بە پێوستی ئەزانم بڵێم لە ڕووی هونەرییەوە من لەو باوەڕەدام ڕاستە هەردوو پارچەکە هیی نالین، بەڵام هەردووکیان هیی سەرەتای شیعر وتنینی، هەرچەند ئەمەیان لەوەی پاشەوەیان پێگەیشتووتر و پوختترە.

٢– ما: ئێمە. وە: بە. غولامانە: وەك خۆڵام. دوو غولامان: دوو خولامانە، ڕزە قژی بەردراوە.

٣– ئەرغەوان: ئەرخەوان، مەبەست لە گۆنای ئاڵی یارە. نەرگس: مەبەست لە چاوەکانیەتی. ڕەیحانە: مەبەست لە زوڵفیەتی.

٤– هالاوە: ئالاوە. سییەهـ مار: ڕەشمار. خێزان: هەستانەوە. مەبەست لە لوولخواردنی چین چینی زوڵفی یارە کە لە ماری ئەڵقە خواردوو ئەچێ لە کاتی هەستانەوەدا. مەشهوورە مار لە شوێنێکا پەپکە ئەکا کە گەنجینەی لەژێردا بێ. گەنجینەکە لێرەدا ڕووی یارە کە لە زێڕ ئەچێ.

٥– جەشن: جەژن. بەقوربان: ئەو یارەی کە هەر بە (بەقوربان) بانگی لێ ئەکەم. هاتووە: ئەشگونجێ (هاتەوە) بێ. فیتراك: تیلمە چەرمێکی باریکە بەدوای زینی ئەسپیەوەی ئەکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکیان خستە پاشکۆیەوە پێیی ببەستن. لێرەدا بۆیە بە زوڵفی یار وتراوە فیتراك؛ چونکە دڵی عاشقانی شوێنی یارکەوتووی پێوە بەسراوەتەوە.

٦ – گەر بنێ: وەستانێکی تیایە پلەی هونەریی بەیتەکە دێنێتە خوارەوە.

واتە: خۆشە ئەگەر یاری پێ و قودووم شیرین پێ لەسەر چاوم دابنێ.

بەڵام ترسی ئەوەم هەیە برژانگەکانی چاوم ئازاری ژێر پێیی بدەن.

٧– برەوت: سمێڵ. مەبەست لەو گەنە تووکەیە کە لە شوێنی سمێڵ و بە ژوور لێوی یارەوە دیاری ئەدا. موشکین: زوڵفی ڕەش و بۆن خۆشی یار کە لە موشك ئەچێ، واتە: نالی ئارەزووی زوڵفی موشکینی سەر ڕووت ئەکا، یا ئارەزووی وەك موشك بۆن خۆشی بریتییە لە ڕووت. بەم مەعنایە کۆکردنەوەی (موشکین) کەواتە (ڕەش) لەگەڵ (ڕوو) کە (ئاڵ)ە، وردەکارییەکی ناسکی تیا ئەبێ.

## ٢

ڕوویی تۆ خۆش ئاگرێکە خۆش بە عالەم وەردەبێ
زوڵفی تۆ شەو دووکەڵێکە ڕەش، بە دنیا وەردەبێ[٧]

چاوی بیمارت طەبیبی ئەندەروونی عاشقە
نەشتەری موژگانی تۆ خوێنی دڵی پێ بەردەبێ[٨]
ئاگری کوڵمت کە موشکی وشکی زوڵفی دووکەڵە
دووکەڵێکە وا کە چاوی عالەمی پێ تەڕ دەبێ[٩]

من عەجەب ماوم کە هەردوو زوڵفی ذوو وەجهەینی تۆ
گاهێ ڕۆژیان پێ دەگیرێ، گاهێ پێیان بەردەبی[١٠]
زاهید ئینصافت ببێ، (نالی) وەلێستاش هەر دەڵێ
هەرکەسێ عاشق نەبێ هەر کەر بووە و هەر کەر دەبێ[١١]

---

٧- خۆش ئاگرێکە: ئاگرێکی خۆشە. وەردەبێ: بەرئەبێ، ئەکەوێتەوە.
شەو دووکەڵێکە ڕەش: دووکەڵێکی ڕەشە بە شەو، کینایەیە لە چڕی و تاریکیی دووکەڵەکە.

٨- ئەندەروون: ناوەوە.

٩- واتە: ئاگری کوڵمت کە زوڵفی وەك دووکەڵ ڕەش و پێچ پێچت بۆی بووە بە موشکی وشك کە ئەخرێتە سەر ئاگر و ئەسووتێنرێ، ئاگر نییە، دووکەڵە و دووکەڵی داری وشکیش نییە، هیی داری تەڕە کە چاوی خەڵك ئەخاتە ئاوکردن.

١٠- ذوو وەجهەین: دوو ڕوو. گاهێ: جارێ. ڕۆژ: ڕۆژی ڕووی یار.

١١- وەلێستاش: وەلێ ئێستاش، بەڵام ئێستاش. لەگەڵ ئەوەش کە ئەم وشەیەم بەم جۆرە نووسییەوە، بەتەواوی دڵنیا نیم کە وابێ، بەڵام چ لە ڕووی نووسین و چ لە ڕووی مەعناوە، ئەمە نزیکترین شتێ بوو لەوەی لە دەسنووسەکەدا نووسراوە.

١٢٣

ئەگەر چی ساکنی موڵکی عەجەم بووم، دوور لە ڕۆم کەوتم
لـە سایـەی پـەرچـەمـی تـۆوە ڕەئـیسی مـوڵـکی شامـاتم[١٣]
دڵـم هـەروەك ڕەعـیـیـەت خـۆشنشیـنـی مـوڵکی ئـەعزاتـە
لـەهـەر جـێ دادەنـیشێ، لـێی گـەڕێ، قـوربـانـی بـالآتـم[١٤]
هـەمـوو کـەس بـا بـزانـێ مـن کـە سەودای زوڵـفـی تـاتـاتم
لـە خـانـەی کـوولـەدا کـۆڵـم، بـە فـەرزی شای ڕوخت مـاتم[١٥]

---

١٢- ئەم پارچە شیعرەشم بەهۆی دۆستی بەڕێزم کاك عەبدولحەمیدی حوسەینییەوە دەسگیر بوو کە یەکێکە لە برا ڕۆشنبیرەکانی موکریانمان و ئێستا لە ئەڵمانیای فیدراڵی خەریکی تەواوکردنی خوێندنی بەرزیەتی. کاك عەبدولحەمید لەبارەی ئەم پارچە شیعرەوە بۆی نووسیبووم: «بابم زۆر جاران بۆی گێڕاومەتەوە کە نالی و مەولانا خالید دوو تاکە مەلا و شێخی کوردەوارین کە نەردێن و شەترەنج و دامەیان زۆر باش زانیوە. نالییش لەو شیعرەی دواییدا ئیشارەیەك بە کایە (یاری)ی شەترەنج دەکا. (خانەی کوول) لە شەترەنج ئەو دوو ماڵەیە کە دەکەوێتە بەر دوامالّی سەرووی لە قولینچکەوە». هەروا لەم بارەوە لە نامەیەکی تریشیدا بۆی نووسیوم: «وشەی (کوول) لە موکریانیدا بەم جۆرەیە مانەکەی: (١) ئەم خانەیە لە کایەی شەترنجدا کە شای شەترەنج دەتوانێ قەڵای تێدا بکا. (٢) بە مانای چارەڕەش کە لەم حاڵەتەدا هەمیشە وشەی (کۆڵ)ی بەدوادا دێ وەك دەکوترێ: لە بێ ئەنواییيان کوول و کۆڵم».

١٣- مەعنای بەیتەکە ئاشکرایە. ئەوەی لێرەدا بە پێویستی ئەزانم پەنجەی بۆ ڕابکێشم یەکەم کۆکردنەوەی (عەجەم) و (شامات) و دووەمیش ئەوەیە کە (شامات) مەعنای (خاڵـەکـان)یش ئـەگـەیـەنـێ و دیـارە زۆرجـاریش لـە ئـەدەبیـاتدا بـە (زوڵف) ئـەڵێن (پەرچەم) و (پەرچەم) خۆیشی بە مەعنای (ئالا)یە، جا دیارە کەسێ لە سایەی پەرچەمی زوڵفی یارێکدا بێ، دەسداری موڵکی خاڵەکانیشی ئەبێ.

١٤- ڕەعییەت: مسکێن، جووتیاری جاران کە لە زەویی ئاغادا ئەژیا و کاری ئەکرد. خۆشنشین:

ئەو مسکێنانەی ئاغا کە بە ئارەزووی خۆیان شوێن لە زەویی ئاغادا بۆ خۆیان دیاری ئەکەن، یا لەبەر هەر هۆیەك بێ ئاغا باشترین زەوییان بۆ تەرخان ئەکا. مەبەستی ئەوەیە دڵم بەسەر هەر شوێنێکتەوە ئەنیشێتەوە و حەز لە هەر جێیەکی جوانت ئەکا، هەقت بەسەریەوە نەبێ و لێی گەڕێ.

١٥- کوول: پێشتر باسی کرا. کۆڵ: ئەوەی کەلەلا کەوتبێ و توانای جووڵەی لێ بڕابێ.
فەرز: فەرماندان و سەپاندن. فەرزین کە یەکێکە لە داشەکانی شەترەنج و پلەی وەزیری هەیە لەچاو (شا - مەلیك)ی شەترەنجدا.
(وەزیر)یشی پێ دەڵێن. شا: جگە لە مەعنا زمانییەکەی ئیشارەتیشە بۆ شای شەترەنج.
ڕوخ: سەرەڕای مەعنای (ڕوو) ئیشارەتیشە بۆ یەکێك لە داشەکانی یاریی شەترەنج.
مات: جگە لە مەعنا زمانییەکەی ئیشارەتیشە بۆ زاراوەی (مات) بەمەعنا (مرد) لە یاریی شەترەنجدا.
بەش بەحاڵی ئەم سێ بەیتەش من هەروا بە هیی نالییان ئەزانم و تام و بۆنی ئەویان بەئاشکرا پێوەیە. لاشم وایە بەیتی سێیەمیان، بەیتی یەکەمی پارچەکەیە، نەك هەر لەبەر (ڕەوی)ەکەی، بەڵکو لەبەر جۆری داڕشتنیشی. هەروا لاشم وایە پارچەکە تەواو نییە. لەوەش ئەچێ نالی لە شام دای نابێ.

## ١٦٤

فی دڵی شەوقون ئیلا دیداریهی
ئین ئەگوم ڕۆژەن ئەپید فی داریهی[17]

شەربەتون مین مائی خضرین بیهتەرون
بۆسەتون مین لەعلی شەککەرباریهی[18]

شیتتو سالاتین خراپەلئارەزوو
غونچەتەن ما چینتو مین گوڵزاریهی[19]

......................................................

١٦- ئەم پارچە شیعرەم بەهۆی دۆستی خۆشەویست و بەڕێزم مامۆستا سەید تاهیری هاشمییەوە دەسگیر بوو. ئەو لەسەری نووسیوە: «لە ساڵی ١٣٤٤ی مانگی (١٩٢٦/

١٩٢٥ی . ر.)دا لە دێی سۆڵەی قەرەداغ مامۆستا شێخ نەجیبی قەرەداغی ئەم سێ شیعرەی بۆ باوکم خوێندووەتەوە وتوویە هیی نالین. ڕاست و درۆ هەواڵەی خوا لێخۆشبوو مامۆستا شێخ نەجیبە».

منیش ئەڵێم لەگەڵ ئەوەشدا کە سەردەمی فەقێیەتیی ڕەحمەتی مامۆستا شێخ نەجیب لەگەڵ سەردەمی مەلایەتیی نالی ئەوەندە لێك دوور نین و لەگەڵ ئەوەشدا کە مامۆستا شێخ نەجیب پیاوی درۆ نەبووە و قسەی وایش لە خۆڕایی لەناو مەلا و فەقێدا بڵاونابێتەوە، هێشتا ئەوە هەر ئەمێنێتەوە کە شیعرەکە خۆی بەئاشکرا هاوار ئەکات کەوا هیی نالییە. بۆیە وا من لە داوێنی ئەم کتێبەوە بە ناوی نالییەوە ئەینووسمەوە و لەو باوەڕەدام کە ئەم دانە پاڵە ڕاست و دروستە و هەموو قیافەت شناسێکی بەرهەمی ئەدەبی ئەیناسێتەوە کە زادەی کێیە و لە بیر و بەهرەی چ شاعیرێك کەوتووەتەوە.

١٧– واتە: سۆزێك لە دڵمدایە بۆ دیداری ئەو . ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ون ببم، لە ماڵی ئەودا ئەدۆزرێمەوە.

١٨– واتە: ماچێك لە لێوی لەعلی شەکەربار و شیرینی ئەو، ئاوێکە لە ئاوی حەیاتی خدری زیندە چاترە.

١٩– واتە: چەند ساڵ شێت و ئارەزوو خراپ بووم، هەر بۆم نەلوا خونچەیەك لە گوڵزاری ئەو بچنم.

وا بۆ سوودی زیاتر ئەم پارچە شیعرە بە ڕێنووسی عەرەبیش ئەنووسمەوە:

فــی دْلــیِ شَوْق الــی دیـدارِهِ
اِنْ اکــمْ یَـومْــاً أَپِـدْ فــیِ دارِه
شرْبَـة مِـنْ مـاءِ خـضرٍ بـهْـتَرَ
بـوسَةْ مـن لـعْـلِ شکـر بـارِهِ
شتِّ سالاتٍ خْـــــراپَ الآرزو
غنَچْةً مــــا چِنْتُ مِنْ گُولْزارِهِ